
# شۆڕشی

# ژن، ژیان، ئازادی

ئەلبورز ڕۆئین تەن

(کۆمەڵە وتار)




2023

2723

# شۆڕشی
# ژن، ژیان، ئازادی

**شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی**

**ناوی نووسەر:** ئەلبورز ڕۆئین تەن

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك:** شاهۆ ئەحمەدی

**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم - ٢٠٢٣ (٢٧٢٣)

**تیراژ:** ٥٠٠ دانه

# شۆڕشی
# ژن، ژیان، ئازادی

ئەلبورز ڕۆئین‌تەن

چاپی یەکەم ٢٠٢٣ (٢٧٢٣)

# پێڕست

پێشەکی ........................................................................ ٦
گریمانەی ڕووخانی ڕێژیم لە ناکاودا!! .............................. ٧
کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری ...................... ١١
خوێندنەوەی شۆڕشێک لە ڕەگەزی ئازایەتی و فیداکاری و کوردایەتی .......... ١٣
هێرش بە مووشەک بۆ سەر سەنگەر و دڵی کۆمەڵانی خەڵک ............ ١٧
کوردستان هەیمەنەی دیکتاتۆری داگیرکەری تێکشکاند ............ ١٩
هێزی خەڵک، تەنیا فاکتەری سەرکەوتن و گۆڕان ............ ٢١
نەوەی Z و شۆڕش ............................................................ ٢٤
هاواری ئازادیخوازی بەرزتر لە جاران ................................ ٢٨
زانکۆ و شۆڕش .................................................................. ٣١
هەنگاوێک هەتا سەرکەوتن .................................................. ٣٤
کوردستان لە شۆڕش ناوەستێ و نابێ ڕاوەستێ ........................ ٣٧
شۆڕش ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە .................................. ٤٠
ڕاپەڕینی نوێ بەرهەمی کولتووری فیداکاریی پێشمەرگەیە ............ ٤٤
بۆچی کوردستان کۆڵ نادا؟ ................................................ ٤٧
لە کۆماری کوردستانەوە بۆ کۆماری ژن ژیان ئازادی ................ ٥٠
ڕوو لە کوردستان بۆ بەهێزبوون لە تاران ................................ ٥٣
سیاسەتی گەل و نیشتمانتەوەر .............................................. ٥٥
جۆری سیستمی سیاسی و داهاتووی ئیران .............................. ٥٨
گرینگتر لە هاوپەیمانی .................................................... ٦٧
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەلاقەی «شۆڕشی ژینا»وە ................ ٧٠
ئەگەر ئالترناتیوی ڕێژیم دروست نەبوو؟ ................................ ٧٣

# پێشەکی

ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە سـەر ڕووداوە جیـاوازەکان دەنووسـین، یەکێـک لـە سـەرچاوەکانی گواسـتنەوەی چۆنیەتـی ڕوودانـی ئـەو رووداوانـە بـۆ داهاتـوون، هـەر وەک چـۆن بەشـێک لـە ڕووداوەکان و دۆخـی کۆمـاری کوردسـتان لـە بابەتەکانـی ڕۆژنامەکانـی کوردسـتانی ئـەوکات بـۆ ئێمـە ماونەتـەوە، دەکـرێ بەشـێکی شۆڕشـی ئەمـڕۆش لـە خوێندنـەوەی وتارەکانـی ئەمـڕۆی ڕۆژنامـەی کوردسـتان بـۆ داهاتـوو بگوازرێنـەوە. ئـەو نووسراوەیـەش کـە پێـک هاتـووە لـەو وتارانـەی کـە لـە سـەردەمی شۆڕشـی ژن ژیـان ئـازادی لـە لایـەن نوسـەری ئـەو دێرانـەوە نـووسراوە، دەکـرێ شرۆڤەیەکـی ئـەو شۆڕشـە لـە ڕامانـی نووسـەر بـۆ ڕووداوەکان لـە سـاتی ڕوودانیـان بێـت، کـە لـە ماڵپـەری کوردسـتان میدیـا و هەروەهـا ڕۆژنامـەی کوردسـتان بڵاوبوونەتـەوە. ئـەو قوناغـە لـە مێـژووی خەباتـی ئازادیخـوازی وێـڕای شـوێندانەری ئەزموونـی ڕابـردووی و هەروەهـا تایبەتمەندیەکانـی کـە هەیەتـی بـە هەنگاوێکـی گرینـگ بـۆ جوڵاوەنەوەکانـی دوای خۆشـی هەژمـار دەکـرێ، هـەر بۆیـە زیادتـر وردبوونـەوە لـەو شۆڕشـە دەتوانـێ وانـەی زۆری بـۆ ئەمـڕۆ و داهاتـووێ تێـدا بێـت.

سوپاسـی ڕاگەیاندنـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و هەروەهـا ئـەو بەڕێزانـە دەکـەم کـە لـە دیزایـن و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـەو کۆمەڵـە وتـارەدا یارمەتیـدەر بوون. جارێکـی دیکـە سـەری ڕێـز دادەنوێنـم لـە بەرانبـەر خەبـات و قوربانیدانـی گەلـی کـورد بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی. ئـازاد بـێ کـورد و کوردسـتان.

# گریمانەی ڕووخانی ڕێژیم لە ناکاودا!![1]

**٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٢**

بەپێچەوانەی دە ساڵ پێش ئێستا، لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئیتر باس لە نەبوونی ناڕەزایەتی گشتی خەڵک بەرانبەر ڕێژیم ناکرێ، بەڵکوو پرسی بۆچی سەرەڕای پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان تا بە ئێستاش ڕێژیم هەر ماوەو نەڕووخێ، سەردێڕ و نێوەڕۆکی زۆربەی وتارەکانی پەیوەندیدار بە دۆخی ئێستای ئێرانە.

خەڵک لە بەرانبەر سەدان و هەزاران قەیرانی جۆراوجۆری ئافرێندراوی دەستی ڕێژیم، بەردەوام لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵدەکەوێ ناڕەزایەتی خۆیان دەردەبڕن و وێڕای داواکانیان، بەرپرسانی یەکەمی ڕێژیم لە دۆخی ئێستا بە بەرپرسیار دەزانن و تەنانەت هەر زوو هەموو دروشمەکان بەرەو خامنەیی و نەمانی ڕێژیم ئاراستە دەبن. سەرەڕای ئەوەی

ناڕەزایەتییەکان بەردەوام پەرە دەستێنن، ڕووخانی ڕێژیم یا کۆتایی تەمەنی ڕێژیم لە لایەن بەشێک لە شرۆڤەکارانەوە بەدڵنیاییەوە باسی لێوە ناکرێت، تەنانەت ئەگەر باسی ڕووخانی ڕێژیمیش باسی لێوە بکرێت، هەبوونی

---

1- ئەم وتارە شەش مانگ بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی نووسراوە لەو وتارە ئاماژە بە دوو ڕاستی کراوە کە لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە ڕوونی دیتمان، یەکێک لەو ڕاستیانە ئامادەیی بۆ شۆڕش لە نێو خەڵک و دووەمیان هۆکاری بەردەوامی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ناکارامەیی ئۆپۆزیسیۆنە. ئەو ڕاستیانە ئێستاش لە گۆڕەپانی سیاسی دۆخی ئێران دەبیندرێت، هەر بۆیەش سەرەڕای بەردەوامی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی ناکارامە بە تایبەتی لە نێو گەلی فارسداو هەروەها هەموو ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی بەردەوامیی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری خرۆشانی دووبارەی خەڵک بۆ ڕووخاندنی کۆتایی کۆماری ئیسلامی لە هەر کاتێکدا هەیە.

پرســیاری بۆچــی بـــەو هەمــوو قەیرانــەوە تــا ئێســـتا ڕێژیــم هــەر بەردەوامــە؟ لــە ڕۆژەڤــی باسوخواســـتەکانی خەڵــک و گۆرەپانــی سیاســەتدایە.
لەلایـەن شــرۆڤەکارانی سیاسـییەوە چەندیـن هـۆکاری زانســتی بۆ بەردەوامـی تەمەنی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی دەخرێنــە ڕوو، لەوانــە نەبوونــی ئۆپۆزســیۆنێکی کارامــە و خــاوەن بەرنامــە، نەبوونــی هاواهەنگــی لە نێــو خەڵــک، ترســی خەڵــک لــە داهاتوو بـــە هــۆی ئەزموونــی ڕابــردوو، توانــای ڕێژیــم بــۆ ســەرکوت و کۆنتــرۆڵ کردنــی ناڕەزایەتییــەکان و ....؛ دەتوانرێــت ئــەو هۆکارانـــە و زۆری دیکــە لـــە ڕوانگــەی جیــاوازەوە کــە باس دەکرێت کــەم یا زۆر ڕاستی تیدا هەبێت و هەیە.
هەبوونــی ئـەو هۆکارانـە و ڕاســتییەکانی دۆخـــی ئێســـتای کۆمــاری ئیســـلامی بەشــێک لە شــرۆڤەکاران بــەرەو ئەوە هان دەدات کــە بڵێــن ئیتــر جارێکــی دیکە لـە ئێــران شــۆڕش ڕوو نــادات یــا ئەگـەر ڕوو بــدات ئـەوا کاتەکــەی نزیک نییە و زۆر نادیـارە. ئەو شــرۆڤەکارانەی بەرگری لە تیئــۆری مانەوەی ڕێژیــم یـا درێژتربوونی تەمەنــی کۆمــاری ئیســـلامی دەکــەن دوو بەشـــن، هەندێکیـــان وەک بەشــێک لــە شــەڕی نەرمــی ڕێژیــم بـە مەبەســتی چاندنـی تـۆوی بێهیوایـی ئـەو کارە دەکـەن کــە دەبــێ پشــتگوێ بخرێـــن و بەشــێکی دیکــەش لــە ســەر بنەمــای دیکــە کــە لەوانەیــە لایەنــی زانستیشــی تێــدا هەبێت زوو بــەو ئاکامــە دەگــەن کــە ڕووخانــی ڕێژیــم و ســەرهەڵدان و ســەرکەوتنی شۆڕشێکی دیکـە بـە دوور دەبینـن.
وێــڕای گرینگــی هەمــوو ئــەو شــرۆڤانە بەتایبەتــی ئەوانــەی کــە لــە ســەر بنەمــای زانســتی و خوێندنــی بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان و شۆڕشـــەکان لـــە ســـەدەی ڕابــردوو داڕێـــژراون، نابــێ لـــە بیرمـــان بچێـــت کـــە لـــە زانســـتی کۆمەڵایەتــی و هەمـــوو ئـەو بابەتـەی کـە پەیوەنـــدی بـــە کۆمەڵـــگاوە هەیـــە داهاتـوو وەک پێشـبینییەکان دەرناچــن، چونکــە زۆر فاکتــەری جیــاواز دەتوانــن لەنــاکاو ئاراســتەی ڕووداوەکان بــەرەو ئاقارێکـــی دیکە ببەن. بەپێچەوانـــەی هەموو ئەو شـــرۆڤانەی کە دەڵێـــن ڕێژیـــم بەهۆی نەبوونی شـــۆڕش و هۆکارەکانـــی ســـەرکەوتنی شـــۆڕش هەر بـــەردەوام دەبێ، گریمانـــەی دیکەش هەیە کـــە ئەگـــەری ڕوودانیـــان ئەگەر کەمیش بێـت بـەڵام نابێـت لـە بەرچـاو نەگیـرێ.
یەکێـــک لـــەو گریمانانـــە، ڕووخانـــی لـــە نـــاکاوی ڕیژیـــم لـــە ســـەر بنەمـــای پەرەســـەندنی لەنـاکاوی ناڕەزایەتییەکانـی خەڵکـە.
لـە ئێسـتادا ژیـان لـە ژێـر سـێبەری کۆمـاری ئیسـلامیدا بـۆ زۆرینـە بـە مانـای تـەواوی وشــە دۆزەخێکی بەئـازارە کـە هـەر ڕۆژێ پــڕە لــە تابلــۆی تراژیــک، زۆرینەیـەک کــە بــەردەوام زۆر و زۆرتــر دەبـن، تەنانـەت لــە دواییـن ناڕەزایەتییــەکان کـە لـە کاتی گرانبوونــی کاڵاکانــی ســەرەکی خــۆی نیشــان دا و بــە ناڕەزایەتــی برسـییەکان

لێکدرایـــەوە زۆر بـــە باشــی دەیبینیـــن.
ئـــەو جـــۆرە ناڕەزایەتییانـــە کـە بـەردەوام بـــە هــۆکاری جیـــاواز دروســت دەبــن، ئەگـــەر بەشـــێوەیەکی بـــەردەوام دووبـــارە ببنـــەوە خەڵکێکـــی زیاتـــر بــۆ لای خۆیان ڕادەکێشـــن، ئـــەو بابەتـــە لـــەو بەڵگـــە نهێنییانـــەی کە ئاشـکرا دەبـــن و هەروەها ئامـــاری ناڕەزایەتییـــەکان زۆر بـــە ڕوونـی دیارە.
وێـــڕای ئەوەیکـــە ڕێژیـــم توانیویەتـــی ئەو ناڕەزایەتییانـــە بـــۆ کورتماوە کۆنتـــڕۆڵ بـــکات، بـــەڵام نەیتوانیـــوە بەتـــەواوی نەیهێڵـــێ، یـا ڕێگـە لـە زیادبوونیـان بگـرێ، تەنانـــەت لـــە ڕووداوی ڕووخانـــی بینـــای مێترۆپۆلـــی عەبـــادان کـە ســـەرەتا ڕێژیم دەیهەویســـت خۆی بە خاوەنی خەمەکەی بزانێـــت، بەڵام هـــەر زوو خۆپیشـــاندانەکان پەرەیـــان ســـەند و لـــە کۆتاییـــدا دیتمـــان تیکـەڵ بـــە ناڕەزایەتییەکانـی دیکـە بوو و زۆربـەی شـارەکانی گرتـەوە.
هـــەروەک مارکـــس دەیگـــوت کرێـــکاران هیـــچ شـــتێکیان جیا لـــەو زەنجیرانەی کە لەدەســـتیاندایە بـۆ لەدەستدان نییە، ئەمڕۆ ئیتـــر خەڵکێکـــی زۆرمان هەیـــە کە هیچ شـــتێکیان بـــۆ لـە دەسـتدان نەمـاوە، ئـــەو خەڵکـە بـە زۆری سـەرکوت ڕاگیـــراون، گریمانـەی ئـەوەی کـە جارێـک ئـەو خەڵکە ئیتر کۆنتـڕۆڵ نەکرێت هەیـە، لـە کاتێکی وەهـادا ئیـتر هیـچ لەو هۆکارانەی ســـەرەوە کـــە باســـمان کـــرد گرینگـــی نامێنـــێ و ئـەوەی دەکەوێتـە بـەر شـــەپۆلی خەڵـک لـە ژێـر پێـی دەمێنێتـەوە و لەنێـو دەچێـت.
بێگومـان لـە وەهـا دۆخێکـدا دروســـتبوونی بشـێوی و تەنانـەت زۆر خەسـاری دیکە کە لەوانەیـــە قەرەبوو نەکرێنەوە ڕاســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە، یـــا لانیکـــەم هەندێـــک هێـــزی بەرژەوەندیخـــواز کە تەنیا بە دوای دەرفەتێـــک بـــۆ بەدەســـتهێنانی دەســـەڵات دەگەڕێـن و لـەو شـەپۆلەی خەڵـک کەڵـک وەرگـرن بـۆ ئـەوەی دیکتاتۆریەتێکـی دیکـە دروســـت بکـــەن و دەســـەڵات بگرنە دەســـت کـــە ئاکامەکـەی گەڕانـــەوە بـــۆ خاڵـــی سـیفر بێـت هەیـە؛ بـەڵام ئـەو ڕاسـتییەی کـە دەڵـێ بـە مانـەوەی ڕێژیـم دۆخەکـە بـەردەوام خـراپ و خراپـتر دەبێـت قورسـایی دەنوێنـێ.
هـــەر بۆیـــەش نابـــێ گریمانـــەی لەنـــاکاو ڕووخانـــی ڕێژیـــم یـــا پەرەســـەندنی ناڕەزایەتییـــەکان لـــە کاتێکـــی کەمـــدا بـــە شـــێوەیەک کـــە ئیتـــر ڕێژیـــم نەتوانێ کۆنتـــڕۆڵ بـــکات لـــە بەرچـــاو نەگریـــن. هەندێـــک جـــار یـــەک ڕووداو وەکـــوو کاریگـــەری دۆمینـــۆ دەتوانـــێ بـــەردەوام گـــەورەو گەورەتر بێت کـــە لە ڕووداوێکی بچووکـەوە دەســـت پێبـــکات و ڕووداوێکـــی گـــەورە وەک ڕووخانـــی ڕێژیمـــی لێبکەوێتـــەوە.
لەبەرچاوگرتنـــی ئـــەو گریمانەیـــە لـــە زۆر ڕووەوە بەگشـــتی بـــۆ ئۆپۆزســـیۆن و بەتایبەتـــی بـــۆ هێـــز و لایەنـــی سیاســـی کـــوردی گرینگییەکـــی زۆری هەیـــە،

لەلایـــەک ئـــەو گرنگی پێدانـــە وادەکات، کـــە هـــەر لـــە ئێســـتاوە ئامادەیـــی هەمـــوو جـــۆرە دۆخێـــک بیـــن بـــۆ ئـــەوەی بتوانین لـــە کاتـــی پێویســـتدا وێـــڕای کۆنتـــڕۆڵ و ئاراســـتەکردنی ڕووداوەکان بـــەرەو ئاقارێـــک کـــە لـــە بەرژەوەندی نەتـــەوەکان و خەڵکدا بێـــت ببەیـــن، لەلایەکـــی دیکەشـــەوە هـــەر ئـــەو هەوڵدانـــە بـــۆ ئامادەیـــی هەرچـــی زۆرتـــر دەتوانـــێ یەکێـــک لـــەو هۆکارانـــەی بەردەوامـــی تەمەنـــی ڕێژیـــم واتـــە هـــۆکاری نەبوونـــی ئۆپۆزســـیۆنی کارا بـــێ کـــە هیـــوا بـــدات بـــە خەڵـــک و لـــە کاتـــی پێویســـتدا بەرەو ئامانـــج ئاراســـتەی بـــکات، بڕەوێنێتـــەوە.

# کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری

**٢٨ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

دوای جینایەتـی ناخەهەژێنـی ژینـا ئەمینـی شـەپۆلێکی بەرفراوانـی دڵگرانـی و قینـی خەڵـک بەرانبـەر ڕێژیـم دروسـت بـوو. سـەرەتا ئـەو قینـە بابەتێـک نەبـوو تەنیـا بەرانبـەر بـە ئۆرگانێکـی وەک «سـتادی ئەمـر بـە معـروف» بەڵکـوو کـۆی سیسـتمی کۆمـاری ئیسـلامی بە هەمـوو باکگراوەنـدە ئیدۆلۆژیکـی و بەڕێوەبەری و بروکراسـیەکەی لـە خـۆ دەگـرت، ئـەوە خاڵێکـی گرینگـە کـە ئیتر لـە هـەر ڕووداوێکـدا کـۆی سیسـتم بەرپرسـیارە و ئـەو ڕاسـتییەش لەنێـو خەڵـک وەک فاکتێکـی سـەلمێنراو دەبینـدرێ.
وێـڕای هەمـوو هەوڵەکانـی ڕێژیـم و کاربەدەسـتانی ئاشـکراو و نهێنـی هەروەهـا هەڕەشـە و سـەرکوت بـۆ چەواشـەکردن و شـاردنەوەی ئـەو کەیسـە نـەک سـەرکەوتوو نەبـوو، بەڵکـوو بـە پێداگـری کۆمەڵـگای کوردسـتان بـە گشـتی و هاتنـە سـەر خەتـی بزووتنـەوەی ڕەوای کـورد ئـەو کەیسـە لـە کەیسـێکی تاکـە کەسـی و بنەماڵـەی ژینـا بـووە بـە کەیسـی ئازادیخـوازی کـورد و کوردسـتان بەرانبـەر ڕێژیمێکـی دواکەوتـوو کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک دژی ئـازادی و مـاف و نـرخ و نۆڕمـە پێشـکەوتووی مرۆڤایەتیـە.
لـە هەمووشـی گرینگـتر ڕێکخسـتنی ئـەو قینـە و ئاراسـتەکردنی لەلایـەن دینامیکـە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگە بـە گشـتی و ناوەنـدی شـۆڕش بـە تایبەتـی، بـەرەو ڕێـڕەوی دژایەتیـی جنایەتـکاران و بەرخودانـی نەتەوەیـی بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی یەکجـاری بـوو، کـە هەنگاوێکـی بایەخـدارە و دەتوانـێ ببـێ بـە وێسـتگەیەکی دیکـەی گرینگـی شـۆڕش و تێکۆشـانی نەتەوەکەمـان بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی.
لـە وەڵامـی ئـەو ڕێکخسـتنە و داواکارییـەدا مانگرتنـی ٢٨ی خەرمانـی لـێ کەوتـەوە کـە

وێـڕای ئـەوەی وەبیرهێنـەرەوەی هەمـوو حەماسـەکانی خەرمانانـی ڕابـردوو لـە کات و ساتی جیـاوازە، چـرای بەردەوامـی ناڕەزایەتیـی شۆڕشـە بەرانبـەر بـە دوژمنـان.
لـە دیتنـی ئـەو مانگرتنـە و خۆپێشـاندنانەی کـە لـەو چەنـد ڕۆژە کـراوە و بەردەوامـە و دەکرێـت جارێکـی دیکـە بـە ڕوونـی سـەلمێنرا کـە کوردسـتان و کـورد سـەنگەری ئازادیخـوازی و هەڵگـری مەشـخەڵی شۆڕشـێکی پێشـکەوتنخواز و پێشـڕەوی کاروانـی گەیشـتن بـە ئازادییـە.
لـە خەرمانانـدا دوژمنـی دڵ پـڕ لـە قینـی داگیرکـەر بـە تـۆپ و تانـگ و سـەرکووت، بـە تیـرۆر و بـە جنایـەت و مووشـەکباران، بـە چەواشـە و شـاردنەوە و شـەڕی نـەرم، بـە هـەر شـێوەیەک کـە توانیویەتـی هەوڵـی داوە کـورد و خەبـات و لاو و بیـرە ئازادیخوازەکـەی لـە نێوبـەردا. لـە بەرانبـەر دا دوێنـی کۆبوونـەوەی هـەزاران کەسـی لـە برلیـن و، ئەمـڕۆ پاڵپشـتی و پشـتیوانی میلیۆنـان کـەس لـە ڕۆژهـەڵات یـەک دەنـگ و هەماهەنـگ هاواریـان کـرد دوژمـن خەیاڵـت خـاوە و هەتـا کوردێـک مابـێ خەبـات و شـۆڕش بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی و سەربەسـتی هـەر دەمێنـێ.
بـە مانگرتنـە جارێکـی دیکـە ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ سـەلمێنرا کـە کوردسـتان سـەر دانانوێنـێ، کوردسـتان ئامادەیـە و ئامادەتریـش دەبـێ بـۆ بەهێزترکردنـی شـۆڕش، لـە هەمووشـی گرینگـتر ئیـرادەی گـەل بەهێزتـرە لـە هێـزی داگیرکـەری دواکەوتـوو و دڕەنـدە. جارێکـی دیکـە بـۆ هەموومـان بـۆ دۆسـت بـۆ دوژمـن دەرکـەوت کوردسـتان لوتکـەی هەڵوێسـتە، هەڵوێسـتێکی پێشـکەوتوو بـۆ هەبوونـی ژیانێکـی ئـازاد و شـایانی مـرۆڤ و نەتەوەیەکـی ئـازاو مافخـواز و ڕاپەریـو. جارێکـی دیکـە نیشـانی دایـە کـە هێـز لـە یەکگرتـن و یەکگرتوویـی دایـە و ئەمـە وەڵامێکیـش بـوو بـۆ یەکگرتنـەوەی دێموکـرات و ناردنـی ئـەو پەیامـە کـە گەورەتریـن دەسـکەوتەکان بـە یەکیەتـی و یەکگرتوویـی وەدی دێـن.

کوردسـتان لوتکـەی هەڵوێسـتە بەرانبـەر داگیرکەرانـی خـاک و ئـازادی، لوتکـەی بەرخودانێکـە کـە ئاسـۆی ڕوونـی سـەرکەوتن ڕوونـتر و ڕوونـتر دەنوێنـێ.

# خوێندنەوەی شۆڕشێك لە ڕەگەزی ئازایەتی و فیداکاری و کوردایەتی

**ای رەزبەری ۲۷۲۲**

**ئاماژە:** هیچ تیئورییەک ناتوانێ ئازاری دەرهێنانی ساچمە بە موکێش لە چاوی لاوێک کە ئیتر لەوانەیە هیچ کات نەبینێ، یا دیتنی تەرمی لاوانی لەخوێن‌خەڵتێنراوی ۱۵ساڵە یا ۱۷ ساڵە کە بە دزییەوە دەشۆردرێن و بەرەو گۆڕستان دەبردرێن شرۆڤە بکات، هیچ کتێبی شێعر و تەنانەت نۆتەکانی میوزیک ناتوانێ لاواندنەوەی دایکانی ئەو لاوانەی تێدا هەبێت کە بۆ لاوە تازەپێگەیشتووانیان دەهۆننەوە، تراژێدیی نووسەرێک کە بۆ شەهیدان دەنووسێ هەواڵی شەهیدبوونی کوڕەکەی پێ دەگات، بە ڕستەی شەهیدی سێیەم لە شنۆیە کوڕم «میلان حەقیقی»یە، ئەو بابەتانە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی لە کام سناریۆ و تراژێدی بینراوە. بۆیە وەک هەمیشە بە سەر ئەو دێڕەی ئسماعیل بشکچی دەکەوم کە دەڵێ کەم نەتەوە بەقەرا کورد قوربانییان بۆ ئازادییان داوە.

***

بە هەستکردن بەو ڕاستییانەی سەرەوە باس لە هەستانەوەی نوێمان دەکەین. شۆڕشی نوێ لە زۆر ڕووە توانیویەتی نوێکارییەکی زۆر دروست بکات و لە هەمان کاتدا هەڵگری هەندێ خەسلەتە کە پێویستە بەرجەستە بکرێن و کەموکوڕییەکانیش بخرێنە بەرچاو بۆ ئەوەی بتوانین کۆتایی بە قوربانیدان بۆ ئازادی بهێنێین و ئیتر ئەگەر قوربانییش دەدەین لە پێناو پاراستنی بێت.

یەکەم خاڵی جێگای سەرنجی هەستانەوەی ئەوجارە بەشداریی ژن و دەستپێکی بابەتێکە کە پەیوەندی بە ژنەوە هەیە. بەشداریی ژنان لە شۆڕشدا کە لە ساڵانی

دواییـدا بـەردەوام پڕڕەنـگ و تۆخـتر بۆتـەوە، بـەڵام ئـەوەی کـە کـورد بـە گشـتی بـەو شـێوەیە لەسـەر مافـی ژنـان وەدەنـگ بـێ وەک خاڵـی سـەرەتایی و تەنانـەت لەسـەر ئـەو بێدادییـەی کـە دەرحـەق بـە ژنێـک دەکرێـت ئـاوا بەبـێ جیـاوازی نارەزەیەتـی نیشـان دەدات، دەکـرێ بـە خاڵـی وەرچەرخـان بزانیـن کـە دەتوانـێ هەبوونـی هیـوای کۆمەڵگەیەکـی بەختـەوەر لـە داهاتوومـان پـێ دەبەخشـێ. دەبـێ ئـەو بابەتـە بـە هەند وەرگریـن و پـەرەی پـێ بدەیـن بـەو هیوایـە ببێتـە سـەرەتایەک بـۆ بەشـداریی ژنـان بـە توانـای خۆیانـەوە لـە ئاسـتی بـاڵای سیاسیشـدا. هـاوکات ئەوەشـی سـەلماندەوە کـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـەو بـوارەدا لـە پێشـە و ئـەوەش بەشـێکی بەرچـاوی بـۆ هەوڵـی بزووتنـەوەی سیاسـیی کـورد لـەو بـوارەدا دەگەڕێتـەوە.
دووەم لـە یەکـەم چرکـە سـاتی بڵاوبوونـەوەی ڕووداوی ژینـا کـە بـۆ نەخۆشـخانە گواسـترایەوە تـا ئەوکاتـەی کـە شۆڕشـێکی پـان و بەرینـی لـێ کەتـەوە ئەوەنـدە کـەم بـوو، تەنانـەت بـۆ ڕێژیمیـش کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک هـەوڵ دەدات شۆڕشـەکانی خەڵـک سـەرکوت بـکات جێـگای سەرسـووڕمان بـوو. ئـەوە نیشـان دەدات لـە دونیـای خێـرای ئێسـتای گواسـتنەوەی زانیارییەکانـدا پێشـبینیکردنی سـبەی زۆر ئاسـان نییـە و دۆخ زۆر زوو دەتوانـێ بەتـەواوی بگـۆڕدرێ.

ئـەوە دەرفەتێکـی گەورەشـە بـۆ کـورد و شـۆڕش کـە دەتوانـێ بەئاسـانی کەڵـک لـە ئامـرازی کاریگـەری گواسـتنەوەی زانیـاری، واتـە سۆسـیال مێدیـا وەربگـرێ بـەڵام بـۆ ئـەوەی کەڵکئـاژۆی لـێ وەرنەگیـرێ و لـە هەمانکاتـدا بـە باشـترین شـێوە بەکاربهێـنرێ پێویسـتی بـە فێربـوون و فێرکردنـی بەردەوامـە لـەو بـوارەدا.
سـێیەم، شـۆڕش تەنیـا کاتێـک هەڵدەگیرسـێ کـە لەنێـو جەمـاوەردا ئـەو بـاوەڕە دروسـت بێـت کـە بێعەدالەتـی دەرحـەق بـە تـاک کـرا کۆمەڵگـە لێـی بەرپرسـیارە و، هـەر کۆمەڵگەیەکیـش توانیبێتـی لـە بەرانبـەر بێـدادی بەرانبـەر بـە تاکـەکان بێدەنـگ نەمێنـێ ڕێگـەی پێشـکەوتنی گرتـووە و بـەرەو پێـش چـووە؛ هەروەهـا پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە. لـە هەسـتانەوەی ئـەو جارەمـان ئـەو ڕاستییە بەباشـی بـۆ جارێکـی دیکـە دەرکـەوت کـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە بەرانبـەر ئـەو سـتەمەی داگیرکـەر ئەگـەر بـە دژی تاکێکیـش بێـت بێدەنـگ نابـێ چونکـە بـاش دەزانـێ ئەگـەر بێدەنـگ بێـت سـبەی لەوانەیـە نـۆرەی ئـەو یـا نزیکـی ئـەو بێـت. ئـەو خاڵـە دەبـێ زیاتـر پـەرەی پـێ بدرێـت تـا ئـەو کاتـەی کـورد ڕزگار نەبـێ پێمان وا نەبـێ کـە ژیانـی ئێمـە جـا لـە دۆخێکـدا بیـن پارێـزاوە یـا خاوەنـی کەرامەتیـن وەکـوو تاکەکانـی کۆمەڵگەکانـی دیکـە.
چـوارەم بـە پێچەوانـەی خۆپێشـاندانەکانی پێشـوو ئـەوەی لـەو خۆپێشـاندانەدا بەڕوونی دەبینیـن ئازایەتیـی لـە ڕادەبـەری خۆپێشـاندەرانە بـە جورێـک لـە بەرگریکردنـەوە

هەوڵیــان داوە هێــرش ببەنــە ســەر هێزەکانــی ڕێژیــم کــە زیانێکــی زۆر بــەو هێزانــە بگەیەنــن و تەنانــەت ببێتــە هــۆی دروســتبوونی دڵەڕاوکــی لەنێــو ئــەو هێزانــەدا کــە ئیــتر بــەو پــەڕی ترســەوە بــەرەوڕووی خەڵــک ببنــەوە. گرینگتریــن ڕووی ئــەو هێرشــانە ســوتاندنی ماڵــی پاســداران لــە شــاری شــنۆیەیە و ئــەو خاڵێکــی گرینگــە کــە لەوەدواتــر کاریگەریــی باشــی لــە ســەر ترســی زیاتــری هێزەکانــی ڕێژیــم دەبێــت.
پێنجــەم یەکــەم شــارەکانی کــە پشــتیوانییان لــە کــورد کــرد شــارەکانی ئازەربایجــان بــوو کــە بــە دروشــمی «ئازەربایجــان وشــیارە و بــۆ کوردســتان پشــت و پەنایــە» پیلانــی چەنــد ســاڵەی دوژمــن و ڕاسیســتەکانی پووچــەڵ کــردوە. بۆیــە پێویســتە وێــڕای پەرەپێــدان بــەو پەیوەندییــە لەســەر داخوازیــە کوردســتانیەکانمان و خاکــی کوردســتان زیاتــر لــە جــاران جەخــت بکەیــن و زیاتــر لــە تــاک و حیزبــە چەنــد کەســانەی دەرەوە کــە دیــار نییــە بــۆ خزمەتــی کام سیاســەت دووبەرەکــی دروســت دەکــەن، بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجــی هاوبــەش کۆمەڵانــی خەڵکــی ئازەربایجــان وەک نەتــەوەی هاوچارەنــووس بکەینــە ئامانجــی سیاســەتی خۆمــان. بــە نیســبەت هاوســۆزی لایەنەکانــی دیکــەی فــارس ئــەوە ڕاســتە، بــەڵام بــا هــەرزوو وەک خســڵەتی هەمیشــەی کــورد خــۆش بــاوەڕ نەبیــن، ئایــا ئــەوان تەنیــا لــە پرســی حیجابــدا پشــتگیریمان دەکــەن یــا باوەڕیــان بــە مافــی نەتەوایەتیەکانمــان هەیــە؟ ئەمــە وردبوونــەوەی پــتری پێویســتە.
شەشــەم هاتنــە ســەرخەتی ناوەنــدی هــاوکاری و بــە تایبەتــی پرســی یەکگرتنــەوەی دێموکراتــەکان بابەتێــک نییــە کــە ڕۆڵ و کاریگەرییەکــەی فەرامــۆش بکرێــت و دەبــێ بــە یەکێــک لــە دینامیزمەکانــی هەســتانەوەی ئــەو جــارەی بزانیــن. ئەگــەر جــاران بەپیلەوەهاتنــی مانگرتــن بــە کارێکــی بــاش دەزانــرا ئێســتا زیاتــر لــە مانگرتــن دەتوانــێ شۆڕشــێکی وا گــەورە ڕێــک بخــات کــە نــەک کوردســتان بەڵکــو هەمــوو ئێــران بگرێتــەوە. بــەڵام گرینگــتر لــەو یەکگرتنەوەیــە بــۆ ئێمــە کاریگەریــی هەرچــی زۆرترمانــە لــە هەمــوو بوارەکانــی شــۆڕش و گۆڕانکارییەکانــی داهاتــوودا.
حەوتــەم بابەتــی بەشــداری هێــزی پێشــمەرگە کــە لــە هەســتێکی پیــرۆزی بەخەمبــوون بــۆ شــەهیدان و برینــداران و ئازایەتیــی کــوردەوە ســەرچاوە دەگرێــت تــا چەنــد لــە لۆژیکــی سیاســی و زانســتی لەشــکری جێــگای دەبێتــەوە دەکــرێ باســی لەســەر بکرێــت و زیاتــر لــە هەســت دەبــێ بــە لۆژیکــەوە لەوبــوارەدا بڕیــار بدرێــت. کــە لــە هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان و حیزبــی بەرپرســیاری وەک دێموکــرات هــەر ئــەوە چاوەڕوان دەکرێــت، بــەڵام پێویســتە ئــەو ڕاســتییە بــاش بزانیــن کــە زیاتــر لــە هەمــوو کەســێک هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان ئەگــەر بەشــداریی خــۆی لــە هاوکێشــەکەدا بــە قازانجــی دۆخەکــە و بەرژەوەندیــی جووڵانەوەکــە بزانێــت، دەوری ســەرەکیی خــۆی دەبینێــت. پێشــمەرگە بــە درێــژای میــژوو لەپێنــاو نەتەوەکەیــدا قوربانیــی داوە و حەماســەی

خوڵقانـدوە و لـە ئێسـتا و داهاتـووش هـەر وا دەبێـت.
لـە بیرمـان نەچـێ گەورەتریـن چەکـی سـەرکەوتنی شـۆڕش کلاشـینکۆف نیـە، بەڵکـو ئیـرادەی بـەرزی خەڵـک و یەکگرتوویيانـە کـە دەتوانـێ هـەر دیکتاتورێـک بـە چۆکـدا بنێـت و ئـەو ڕاستیەشـمان لـە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوو بەباشـی دیـت، هـەر بۆیـە دەبـێ بیـر لـەو چەکـەو بەهێزکردنـی بکەیـن بـۆ ئـەوەی زیاتـر کاریگـەر بیـن و پێشـمەرگەش زۆری کـردوەو لـە داهاتووشـدا و لـە کات و سـاتی پێویسـت زیادتریـش دەکات.
هەشـتەم لەسـەر پشـتیوانی دونیـای دەرەوە لێدوانـی بەرپرسـانی ڕۆژئاوایـی لـە مـەڕ دۆخـی ئێسـتای ئێـران تەنیـا بـە پشـتگیری لـە مافـی ژنان کـورت کراوەتـەوە، کـە ئەوەش پێویسـتە. بـەڵام داخـوازی ئێسـتای کـورد و نەتەوەکانـی دیکـە زیاتـر لـە مافەکانـی ژن و مـرۆڤ بـە گشـتی نەمانـی سیسـتمی کۆمـاری ئیسـلامی بەتـەواوی دەگرێتـەوە. وێـڕای هەبوونـی پشـتیوانی زیاتـر لـە جـاران بـە تایبەتـی لـە لایـەن سـلێبریتیەکانەوە بـەڵام لـە ئاسـتی سیاسـیدا ئـەوەی دەبینیـن تەنانـت لـە ئاسـت لێدوانیشـدا زۆر بەهێـز نییـە. ئـەو پارێزگاریـە لـە مـەڕ هەڵوێسـت گرتـن لەسـەر دۆخـی ئێـران کـە بـە ئاشـکرا بەرگـری لـە خەڵکـی ئێـران بەرانبـەر ڕێژیـم ناکـەن لەوانەیـە لـە چوارچێـوەی دۆخـی نێونەتـەوەی بەرژەوەندیەکانیـان لـە مانـەوەی ئێسـتای کۆمـاری ئیسـلامی سـەرچاوە بگرێـت، کـە هەڵـە بـووە و هیـچ ئاکامێکـی نەبـووە و نابێتیـش؛ تەنانـەت مەترسـی دەخاتـە سـەر ژیانـی شـارومەندەکانی ڕۆژئاوایـش. بێگومـان بەشـداری ژنـان و هەسـتانەوە لـە پێنـاو مافـی ژنـان و پاراسـتنیان و بەرگرییـان یەکێـک لـە خاڵـە پێشـکەوتوو بەهێزەکانـی شۆڕشـی ئێسـتامانە کـە وێـڕای ڕوونکردنـی ئاسـۆی سـەرکەوتن، مزگێنیـی سـەرکەوتن لـە دوای کۆمـاری ئیسلامیشـی پێیـە.

# هێرش بە مووشەك بۆ سەر سەنگەر و دڵی کۆمەڵانی خەڵك

**٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢**

لـە یەکـەم چرکـەوە کـە هەواڵـی شـەهیدبوونی ژینـا هـات هەتـا ئەوکاتـەی کـە سـەرهەڵدانێکی سەرتاسـەری لـە کوردسـتان و دواتـر لـە هەمـوو ئێـران وەڕێ کـەوت، کاتێکـی زۆر کەمـی بـرد.

کۆمـاری ئیسـلامی وەک هەمیشـە سـەرەتا بـە بێدەنگیکـردن و سـەرکوت و دەیـان کـردەوەی نـاڕەوای دیکـە دەیهەویسـت ئـەو سـەرهەڵدانەش بێدەنـگ بـکات، بـەڵام جیاوازتـر لـە پێشـوو ئـەو جـار خەڵـک هێرشـبەر بـوو، ئـەو هێرشـانە تـا ئاسـتێک ڕۆیشـت کـە شـەوانە شـار دەکەوتـە دەسـت خەڵـک و ئیـتر ڕێژیـم بـە تـەواوی بەچـۆک داهـات و تەنانـەت لـە هەمـوو کات زیاتـر ئەگـەری نزیکبوونـی ڕووخانـی ڕێژیـم کردەنیـتر دەهاتـە بەرچـاو.

لـە کاتێکـدا ڕێژیـم ئیـتر بـە ڕەشـبگیری و سـەرکوتی جۆراوجـۆر و دڕەندانـە نەیتوانـی کۆنتڕۆڵـی دۆخەکـە بـکات تەنانـەت، ئەگـەر ناڕەزایەتیـی توێژێـک لاواز دەبـوو توێژێکـی دیکـەی کۆمەڵگـە سـەری هەڵـدەداوە، وەک سـەرهەڵدانی زانکـۆکان. هەربۆیـە بـۆ ئـەوەی وەرەی تێکشـکاوی خـۆی بـەرز بکاتـەوە، دەسـتی بـۆ هێـرش و جینایەتێکـی سـامناک بـرد.

ئـەو هێرشـە کـە ئاکامـی دەستەوەسـتانیی ڕێژیـم بـوو، بـە هێرشـی دڕۆنـی خۆتەقێنـەر و مووشـەک و بۆمبارانـی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کـوردی ئۆپۆزسـیۆنی ڕێژیـم لـە

باشور دەستی پێ کرد.
لەو هێرشە ترسنۆکانەدا کە منداڵان بەرکەوتە و ئامانج بوون هەر زوو جارێکی دیکە بۆ هەمووانی ئاشکرا کرد کە ڕێژیم چ دڕەندەیەکە کە برینداره و دەیهەوێ برینی خۆی بە هێرش بۆ سەر منداڵان تیمار بکات، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ڕێژیمی لە لێواری مەرگ نەک ناتوانێ برینی خۆی تیمار بکات، بەڵکوو تووڕەییەکی وای لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست کردوە کە بەو هێرشە زیادتر لە هەر کاتێکی دیکە خەڵک بەرەو یەکگرتوویی و دژایەتیی ڕێژیم هان دەدات.
ڕاستیی یەکەم کە لەو هێرشەدا دەرکەوت، ئەوەبوو کە ڕێژیم لە بەر ئەوەی کە ئەو حیزبانە هۆکاری ناڕەزایەتیی ئەم دواییەی خەڵکن، ئەو هێرشە بەرفراوانەی ئەنجام داوە، ئەو ڕاستیە تەنانەت بە گوتەی خودی ڕێژیم دەڵێ حیزب خەڵکە و خەڵکیش حیزب، ئەم دووانە لێک جیا نین، تەنانەت پێکەوە بۆ نەمانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن. ئەو پێکەوەبوونە ئەوەندە بەهێزە کە ڕێژیم بۆ زەربەلێدان لە ئەوی دیکە هێرش دەکاتە سەر ئەم و بە پێچەوانە؛ واتە سەنگەری حیزب لە شەقامە و هێزی خەڵکیش لە قەڵای دێموکرات.
ڕاستیی دووەم، ڕێژیم نەک ناتوانێ ورەی هێزەکانی خۆی بۆ بەرەنگاریی خەڵک بباتە سەر، نەک ناتوانێ بە چۆکداکەوتنی بشارێتەوە، بەڵکوو هەر زوو لەلایەن هەمووانەوە دەرکەوت کە ئەو هێرشانە هێرشی شاردنەوەی ڕاستییەکانی سەر شەقامن، ئێستا خەڵک زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دەزانن ڕێژیم لە لێواری مەرگە و هێرشی مووشەکییش ناتوانێ لە مەرگ ڕزگاری بکات. هەروەها لە یەکەم ساتەکانی ئەو هێرشەدا کاتێک ڕێبەرایەتیی حیزب هاواری بەردەوامی شۆڕشی لە شەقامەکانی دا، دەرکەوت کە ڕێژیم سەری لە تاشە بەردی تووڕەیی خەڵک دا.
ڕاستیی سێیەم کە زۆر لە مێژە بۆ ئێمەمانان دەرکەوتوە، بەڵام بۆ دونیایی ڕۆژئاوا و هێزەکانی دیکە جارێکی دیکە سەلما، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ یەک چرکە درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی ئامادەیە نامرۆڤانەترین کردەوە ئەنجام بدات کە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی مرۆڤایەتی نموونەی نەبێت. تێکدانی سەقامگیریی ناوچە و پێشێلکردنی هەموو یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و جیهانی لە سەرەتاییترینی ئەو نموونانەن.
ڕاستی سەرەکیی ئەو هێرشانەش نیشانەکانی داماویی ڕێژیم بوون کە لە لێواری مەرگە و لە بەرانبەر هێرشی خەڵکدا بێدەسەڵات ماوەتەوە، هەربۆیە وەڵامی سەرەکیی شەقام دەداتەوە، ئەو شەقامەی کە دروشمی «ژین، ژیان، ئازادی» دەڵێتەوە. ئەو شەقامەی «شەهید نامرن»، «کوردستان ناوی بەرزە، دوژمن دەخاتە لەرزە» و «قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە» دەڵێتەوە.

# کوردستان هەیمەنەی دیکتاتۆری داگیرکەری تێکشکاند

**١٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢**

دەکرێ بڵێین بە هێرشکردنە سەر هێز و لایەنە سیاسییەکان و شەهیدکردنی منداڵان پێش ئەوەی لەدایک بن مەرگی خۆی خێرا و خێراتر کرد، چونکە هێرش بۆ سەر دڵ و سەنگەری کۆمەڵانی خەڵک بێ وەڵام نامێنتەوە و نەماوە.
بەپیل هاتنی مانگرتنی سەراسەری لە کوردستان لە لایەن خەڵکەوە بەشێوەیەکی گشتی و بێ وێنە ئەو وڵامە بوو کە کوردستانییان بۆ جارێکی دیکە بە دوژمنی داگیرکەریان دا.
بەڵام ئەوە دوایین وڵام نییە بەڵکوو هەنگاوێکی دیکەیە بۆ دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندان و سەرخستنی ئەو شۆڕشە بۆ ئەوەی کورد و کوردستان ئازاد بێت.
لە ٩ی ڕەزبەردا، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لە باکووریترین ناوچە تا باشوریترینی، شارەکان یەکدەنگ بەشێوەی جیاواز بەشدارییان لە مانگرتندا کردووە، بەجۆرێک وێڕای هەبوونی هەماهەنگییەکی بێ وێنە، توانیویانە کاریگەرییان لە سەر توێژی جیاوازیش هەبێ.
یەکێک لەو توێژانە قوتابییانی زانکۆ و زانکۆکانی کوردستان و ئێران بەگشتییە کە ئەوانەش وێڕای مانگرتن هەوڵیان داوە بە هەموو شێوەیەک ئەو مانگرتنە بەرەو خۆپیشاندان ببەن.
نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ئەو شۆڕشەی کە لە خەرمانانەوە لە کوردستان دەستی

پێکـرد دەنگدانەوەیەکـی زۆر گـەورەی لـە تاراوگـەش دروسـتی کـردووە بەجۆرێـک ئـەم جـارە زیاتـر لـە هـەر کاتێکـی دیکـە دەنگـی شـۆڕش بـە دونیـا گەیشـتووە.
لـە لایەکـی دیکـەوە کوردسـتان ئـەو ڕاستیەشـی سـەلماند کـە خـاوەن هێزێکـی ئەوەنـدە گەورەیـە کـە دەتوانـێ دیکتاتـۆر لـە تـاران وەلـەرزە بخـات و تەنانـەت ببێتـە هۆکارێکـی جیـدی بـۆ ڕووخاندنـی. چونکـە ئـەوەی پێشـتر و بەتایبەتـی لـەم دواییانـە لـە کوردسـتان دیومانـە بۆتـە سـەرچاوەی ئیلهـام بـۆ هەمـوو ئێـران، ورەی داوە بـە خەڵـک تـا بـاوەڕ بهێنێـن کـە دیکتاتـۆر بـە هەمـوو هێزیـەوە لـە بەرانبـەر هێـزی خەڵکـدا لاوازە.
ئیـتر لـە ئەمـڕۆ بـە دواوە پێویسـتە زیاتـر لـە پێشـوو بـاوەڕ بـە هێـزی لەبڕاننەهاتـووی خەڵکـمان بێنیـن کـە ئەگـەر نەشـتوانین دیکتاتـۆر لـە تـاران بڕووخێنیـن بـەڵام دەتوانیـن لـە کوردسـتان بیرڕووخێنیـن و ببینـە سـەرەتایەک تـا لـە تارانیـش بیڕووخێنـن.
لــە ئەمــڕۆوە پێویســتە بەجیــددی بیــر لــە قۆناغــی سەرخســتن و لەویــش گرینگــتر قۆناغــی دوای ســەرکەوتن لــە کوردســتان بکرێتــەوە، پێویســتە خــاوەن پلانــی ڕوون و ئاشـکرا و نەتەوەیـی بیـن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ئـەو خەباتـەی کوردسـتان بـە و شـوێنەی کـە خوێنــی شــەهیدانی بــۆ ڕژاوە بــگات.
ئـازاری «ژینـا» و «وانیـار» ئـازاری جیلەکانـی بندەسـتە، پێویسـتە «ژینـا» و «وانیار»ەکانی داهاتـووی نیشـتمان لـە کۆردسـتانێکی ئـازد و پێشـکەوتوو و بەختـەوەر بژیـن، پێویسـتە ئەگــەر قوربانیــش دەدەیــن لەپێنــاو پاراســتنی دەســتکەوتەکان و گرینگترینیــان، واتــە ئـازادی بـن.
لـە ئێسـتا بـەدواوە ڕێژیـم بـەردەوام تووشـی هەڵـە دەبێـت و ئەوانـەی بە چنـگ و ددان بەرگریـان لـە ڕێژیـم دەکـرد بیـر لـەوە دەکەنـەوە چـۆن دەرفەتـی خۆدەربازکردنیـان دەبـێ، قوناغـی دارمانـی ڕێژیـم لەوانەیـە زۆر خێراتـر لـەوە بـێ کە بیـری لـێ دەکرایەوە، ئـەوە پەیامێکیشـە بـۆ دەسـتپێکی قۆناغـی بونیادنانـی وڵاتێکـی ئـازاد و پێشـکەوتوو، بـۆ پاراسـتنی ئـازادی، بـۆ هەبوونـی پەیوەندییـەک لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندییەکانـی گـەل لەگـەڵ ناوەنـد.
هەمــووی ئەوانــەش ئەرکــی ئێمــە هەموومــان قورســتر و قورســتر دەکات و ئێمــە بەرپرســیارین بــۆ دروســتکردنی داهاتوویەکــی دیکــە.

# هێزی خەڵك، تەنیا فاکتەری سەرکەوتن و گۆڕان

**٢٣ی رەزبەری ٢٧٢٢**

یەکەم، چەندە تراژیکە تا ئێستاش بەشێکی بەرچاوی میدیا و ناوەند و ڕای گشتی بە دوای هەواڵی پزیشکی دادی کۆماری ئیسلامی و لێدوانی سەرۆک کۆماری ئێران رەیسیە بۆ ئەوەی درۆیەکی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا بکات. پزیشکی دادێک کە لەژێر دەستی کۆماری ئیسلامی بێ کەی بۆ باوەڕکردن دەبێ هەتا چاوەڕێی وەڵامی بکەی یا وەڵامەکەی جێگای گەنگەشە بێت. ئەوە هەر دامانا کە گوتی پولیسی ئەمر بە مەعروف خەتابارە و سزا دەدرێن، ئایا ئێوە باوەڕ دەکەن، دامانا سزاشیان دا، ئەی وەڵامی پزیشکی دادی بۆ سەدان شەهیدی گولەی ڕاستەوخۆ، بۆ هەزاران برینداری چەکی جۆربەجۆر، بۆ هەزاران هەزار دەستبەسەرکراو و لێدان و ئەشکەنجە دەبێ چی بێت.

ژینا سیمبولێک بوو بۆ ئەوەی کورد و گەلانی بندەستی ئێران هاواری نەمانی ڕێژیمێک بەرز بکەنەوە کە بە هەموو شێوەیەکی مومکین ستەم دەکات ئی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، لەو ڕۆژەی هاتۆتە سەر کار خەڵک سەرکوت دەکات دەچەوسێنتەوە لەنێو دەبات. لەوە هەزەلیتر و تراژیک و کۆمیکتر دەبێ چی بێ کە چاوەڕوانی لە سەرۆککۆمارێک کە خۆی بە ڕۆژی ڕووناک تاوانبارە بە کوشتنی هەزاران کەس بکەین تا بە تەلەفون دڵنەوایی لە بنەماڵەی ژینا ئەمینی کردووە و گوتوویەتی بەدواداچوون دەکەین. شۆڕش ئیتر لەو قوناغانە دەرباز بووە، قوناغی ئێستای شۆڕش دەڵێ هەر چی سیستەمی کۆماری ئیسلامیە خەتابارە ستەم دەکات، درۆ دەکات، دەبێ نەمێنێ.

لـەوە تراژیکـتر دانانـی ویدیـوی ئەنـدام بەنـاو پاڕلەمانـی ئێرانـە کـە گۆیـا ڕەخنـەی لـە ڕێژیـم گرتـووە. نەناسـینی ڕێژیـم تـا ئـەو ڕادەیـە تراژێدیـە، چونکـە ڕێژیـم لـە تەواویەتی خۆیـدا وەک سیسـتەم بـە هەمـوو دام و دەزگاکانیـەوە دژەگەلـە و بنەمـای ئـەو سیسـتەمەش لـە سـەر دژایەتـی گەلدایـە و ئەوانـەی دەبنـە بەشـێک لـەو سیسـتەمەش لـە بـەرەی دژی گەلـدان.

هـەر لـە سـەر مەسـەلەی ژینـا ئایـا ئێـوە دەزانـن کـە هـەر ئـەو بەنـاو مەجلیسـە لـە کاتێـک ئـەو هەمـوو قەیرانـە ئابوورییـە هەیـە، لەکاتێکـدا لـە کاتـی هەڵبژاردنـەکان خەڵکـی بـۆ سـەر سـندوق دەبـەن بـۆ ئـەوەی بڵێیـن ئـەوە بـۆ مەبەسـتی خزمەتگـوزاری دەچنـە تـاران، بودجـەی «سـتاد امـر بـە معـروف و نهـی از منکـر» بـۆ سـاڵی ١٤٠١ بـۆ دو بەرابـەر لـە ڕێـژەی ئـەو بودجـەی کـە ئـەو سـتادە بـۆ خـۆی داوای کـردوە بـەرز کردۆتـەوە، «سـید محمـد صالـح هاشـمی گلپایگانـی» بەرپرسـی ئـەو سـتادە لـە لێدوانێکـی بـۆ ڕۆژنامەوانـان دەڵـێ: «دەوڵـەت، بودجـەی ١٤٠١ی ئێمـەی بـە ٥٨٠ میلیـارد ڕیـال پێشـکەش بـە مەجلیـس کـرد، مەجلیسـیش ئـەو بودجـەی بـۆ ئـەو سـاڵ بـۆ ١١٨٠ میلیـارد ڕیـاڵ زیـاد کـرد.»

کـەس لەوانـەی کـە لیباسـی کـوردی لەبـەر دەکـەن، یـا لافـی چاکسـازیخوازی لـێ دەدەن، یـا لـە مەجلیسـی ئێرانـێ بـە ملیۆنـان پـارە و ڕانـت وەردەگـرن نارەزایەتـی لـە سـەر بودجـەی ئـەو سـتادە دواکەوتـووە مرۆڤکـوژە نیشـان نـەداوە و تەنانـەت بـۆ دوو بەرابەریشـی زیـاد کـردووە.

لـەوە تراژێدیـتر دەبـێ چـی خەڵـک چاوەڕوانیەتـی ئـەوە دەکات کـە ئەوانـە بێنـە بـەرەی خەڵـک. یـا ئەگـەر ڕەخنەیەکـی گـرت ئـەوە بـۆ خەڵـک کردوویەتـی و سـناریۆ نییـە.

چاوەڕوانـی لـە ئەرتـەش کـە پشـتیوانی لـە خۆپێشـاندەران بـکات یەکێکـی دیکـە لـەو حاڵەتـە تراژێدیانەیـە کـە ڕۆژەڤـی شـۆڕشـی بـە خۆیـە مەشـغوڵ دەکات، پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییە بزانیـن کـە ئەرتـەش، ئەرتەشـی سـەردەمی شـا نییـە کـە بەرپرسـانی بـاڵای وێـڕای وەفایـان بـۆ شـا تـا ڕادەیەکیـش خـاوەن سـەربەخۆی خۆیـان بـن، بەڵکـوو بتوانـن ئـەوەی پشـتیان لـە شـاپوڕ بەختیـار کـرد دووبـارە بکەنـەوە، ئەرتەشـی ئێسـتا زۆر لـە سـپای پاسـدارن سـپاهیترە، هـەر لـە ڕۆژی یەکەمـەوە کـە کۆمـاری ئیسـلامی هاتۆتـە سـەرکار یەکێـک لـە کارەکانـی تەسـفیە و هێنانـە سـەری کەسـانێکە کـە زیادتـر لـە ڕێژیمیـش وەفـادار بـە «بیـت رهبری»یـن، ئەوانـە نـەک ناچنـە بـەرەی خەڵـک بەڵکـوو ئەگـەر بشـیانەوێ ناتوانـن، تەنیـا ئەگـەر لـە دواییـن قوناغەکانـی سـەرکەوتنی شـۆڕش ئەویـش بـۆ پاراسـتنی ژیانـی خۆیـان، ئەگـەر نـا تەنانـەت بیانەوێـش ناتوانـن، لـە هەمـوو ئیدارەیەکـی حکوومـی ڕێژیـم جیـا لـە ئیـدارە، ناوەندێـک چاودێـری بـە سـەر ئیـدارەوە دەکا کـە بـە «حراسـت» دەنـاسرێ، ئـەو ناوەنـدە چاودێـرە کاری چاودێـری بـە

سـەر کاری کەسـانێکە کـە وەفاداریـان بـۆ ڕێژیـم سـەلمێنراوە، تەنانـەت ئەوانیـش لەژێـر چاودێـری دان، بۆیـە ڕێژیـم هـەر زوو تەنانـەت بـە تەسـفیەکردنی بەشـێک لەوانـەی بـە «فرزنـدان انقـلاب» دەناسرێـن هەوڵـی داوە ئـەو مەترسـییانە کـەم بکاتـەوە، چاوەڕوانـی لـە ئەرتـەش واتـە چاوەڕوانـی لـە خامنەیـی هـەر دووکیـان بـە یـەک ڕێـژە بێهـوودەن. تەنیـا هێزێـک کـە دەتوانـێ پشـتی پـێ ببەسـترێ، هێـزی خەڵـک و شۆڕشـگێڕانە، ئـەو هێـزە ئەوەنـدە بەهێـزە کـە بتوانـێ ڕێژیـم تێـک بشـکێنێ، بۆیـە دەبـێ هەمووـمـان ئـەو هێـزە بەرجەسـتە بکەیـن و بەهێـز بکەیـن، ئەگـەر نـا چاوەڕوانـی لـە بەشـە جیاوازەکانـی سیسـتمی کۆمـاری ئیسـلامی لانیکـەم لـەو قوناغـە و تەنانـەت قوناغەکانـی دواتریـش بێهوودەیـە، تەنیـا کاتێـک کـە شـۆڕش لـە سـەرکەوتن ئیـتر زۆر نزیـک بێـت بەشـێک لەوانـەش تەنیـا بـۆ پاراسـتن و بەرژەوەندیـی خۆیـان ئەگـەر هەڵسـوکەوتی جیـاواز نیشـان بـدەن.

پێـم وایـە دوای ئـەو هەمـوو سـتەمە ئیـدی دەبـێ زیاتـر لـە هەمـوو جارێـک کـۆی سیسـتەم بـە چـەپ و ڕاسـتی و سـەر تـا پـای بکرێتـە ئامانجـی خەڵـک، بـە خۆشـییەوە ئـەوە لەنێـو خەڵکـی ڕاپەڕیـوش دەبینرێـت ،بـەڵام لـە ڕۆژەڤـی میدیـا و هـی دیکـە بـە تـەواوی جـێ نەکەوتـووە.

## نەوەی Z و شۆڕش

**٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**

لاو بـوون و شۆڕشـگێڕبوون و ویسـتی ڕادیـکاڵ لـە دەق و ئەدەبییاتـی شۆڕشـدا باسـی لـە سـەرکراوە و لـە هەمـوو شۆڕشەکانیشـدا ئـەو نەوەیـە ڕۆڵـی تایبـەت دەگێـڕن، ئـەو بابەتـە لـە شۆڕشـی ئێستاشـدا بەڕوونـی دەبینـدرێ کـە چـۆن لاوەکان بەشـێکی گرینگـی خەباتـی نەتەوەکەمانـن بـۆ بـەرەو پێشـبردنی سـەرهەڵدان، تەنانـەت بەشـی هـەرە زۆری قوربانییانـی ئـەو شۆڕشـەش لاوەکانـن.

بـەڵام گرینگـتر لـە بەشـداریی لاوەکان بەشـداریی مێردمنداڵانـە، کـە بـە یەکێـک لـە بەرچاوتریـن تایبەتمەندییەکانـی سـەرهەڵدانی ئەمجـارە هەژمـار دەکـرێ. بەشـداریی قوتابیانـی قوتابخانەکانـی ناوەنـدی و دواناوەنـدی کـە توانیویانـە لـە چەنـد ئاسـتدا پشـتیوانێکی بەهێـز بـن بـۆ ئـەو سـەرهەڵدانە، ئـەوان بـە دڕاندنـی وێنـەی ڕێبەرانـی کۆمـاری ئیسـلامی و بەشـداری لـە مانگرتـن و تەنانـەت بەردەوامیپێدانـی خۆپێشـاندانەکان خۆیـان نیشـان دا و کاریگەرییەکـی زۆریـان بـە سـەر ڕەوتـی شۆڕشـی ئەمجـارەدا هەبـووە.

ئـەو توێـژە کـە لـە زمانـی فارسـیدا زیاتـر بـە «دەیـە هەشـتاییەکان» دەناسرێـن وێـڕای ئـەوەی کـە بوونەتـە جێـگای سەرسـووڕمانی زۆربـەی خەڵـک و توێـژەران لـە کۆمەڵگـەی ئێرانـدا، بـەدەر لـەو چاوەڕوانییـەی کـە لـەوان دەکـرا، بـە بەشـداریی چالاکانەیـان لـە شۆڕشـدا، وێـڕای زیندووکردنـەوەی هیـوا زۆر پەیامـی ڕوونیشـی بـە ڕێژیـم و خەڵـک دا، بـەڵام بـۆ تێگەیشـتنی زیاتـر لـەو بابەتـە پێویسـتە خوێندنەوەیەکـی نوێـمان هەبـێ بـۆ ئـەو توێـژە، ئـەو خوێندنـەوەش تەنیـا تایبـەت نییـە بـە نـەوەی مێردمنـداڵ و لاوی

کۆمەڵگـەی کوردسـتان و ئێـران بەڵکـوو پەیوەنـدی بـە هەمـوو دونیـا هەیـە، چونکـە ئـەو نەوەیـە لـە لێکۆڵینـەوە زانسـتی و کۆمەڵناسـییەکاندا بـە نـەوەی Z دەناسرێـت و زۆر جیـاوز دەردەکەوێـت.

**نەوەی Z بە کێ دەگووترێ؟**

بـە گوێـرەی ئـەو دابەشـکارییەی کـە بەگوێـرەی سـەردەمی لەدایکبوونـی نـەوەکان دەکرێـت بەوانـەی کـە لەنێـوان ساڵەکانی ١٩٩٦ تـا ٢٠١٠ لەدایـک بـوون، نـەوەی Z دەگوتـرێ. بەوانـەی پێـش ئـەو ماوەیـەش لەدایـک بـوون ئەلفـا و ئەوانـەی پێشـتر بـە نـەوەی x نـاو دەبرێـن. ئـەو نەوەیـە بـە تایبەتـی ئەوانـەی دوای هـەزارەی نـوێ لەدایـک بـوون و ڕووداوەکانـی یـازدەی سـپتامبێریان لەبیـر نییـە و لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی دونیـای ئینتێرنێـت و تەکنۆلۆژیـا و شۆڕشـی گواسـتنەوەی زانیـاری گـەورە بـوون، بەهـۆی هەبوونـی پەیوەندییەکـی توندوتـۆڵ کـە لەگـەڵ تەکنۆلـۆژی و بەرهەمەکانـی و هەروەهـا دەسـت وێڕاگەیشـتنییان بـە ئینتێرنێـت هەیـە، پەروەردەیەکـی جیـاواز لـە نەوەکانـی پێشـتریان هەیـە کـە تەنیـا لـە ڕێگـەی بنەماڵـە و دەوروبەریانـەوە پـێ گەیشـتبوون. ئـەو نەوەیـە دەبنـە خاوەنـی هەندێـک تایبەتمەندیـی جیـاواز کـە لـە زۆر ڕووەوە وێـڕای ئـەوەی سەرنجڕاکێشـن، بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی گۆڕانکاریـی جیـدی بـە بـەراورد لەگـەڵ نەوەکانـی پێشـووی خۆیـان.

لـە یەکـەم چاوخشـاندندا ئـەو نەوەیـە کـە زۆربـەی کاتـی خـۆی لـە سـەر ئامێرەکانـی دونیـای دیجیتـاڵ و تۆڕەکانـی سۆسـیال میدیـا بـە سـەر دەبـرد، زۆر هیوابەخـش نەبـوون بـۆ دەورووبـەر، بـەڵام بـە لێکۆڵینـەوە جیـاوازەکان لـە کۆمەڵگـە جیـاوازەکان دەرکـەوت کـە ئـەو نەوەیـە بـە پێچەوانـەی ئـەو چاوەڕوانییـە گەلێـک تایبەتمەندیـی سـەرنجڕاکێش و گرینگیـان هەیـە کـە بـۆ کۆمەڵناسـان و بـە تایبەتیـش بـۆ سیاسـەتوانان گرینگییەکـی زۆری هەبـوو؛ چونکـە هەڵسـوکەوت و شـێوازی بڕیاردانیـان جیـاواز بـوون.

یەکێـک لـە گرینگتریـن بنەماکانـی جیاوازیـی ئـەو نەوەیـە گرینگیـدان بـە چەمکـی ئازادییـە کـە ڕێـگا نـادات ئـەو ئازادییـەی هەیەتـی کـورت بکرێتـەوە و تەنانـەت لـە بەرانبـەر ئـەو کورتکردنەوەیـە ڕادەوسـتێت. بـە پێچەوانـەی نەوەکانـی پێشـووی خۆیـان کـە زیاتـر هەڵگـری کولتوورێکـی لۆکاڵیـن، ئـەو جیلـە زیاتر هەڵگـری کولتـووری جیهانین و دەتوانـن بـن بـە بەشـێک لـە کولتـووری وڵاتێکـی زۆر دوورتـر لـەو شـوێنەی کـە لێـی دەژیـن، ئـەوەش بـە جورێـک چوارچێـوەی بیرکردنـەوەی ئەوانـی بەرفـراوان کـردووە. بەمجـۆرە ئـەوان زۆر جیاوازتـر لـە نەوەکانـی پێشـوو بیـر دەکەنـەوە و بڕیـار دەدەن، یـا ڕووداوەکان جیاوازتـر و لـە هەندێـک ڕووە قووڵـتر دەبینـن و بـە دوای ڕاسـتییەکانن و

زیاتر لەگەڵ شیکردنەوەی زانیاری بۆ گرتنەبەری بڕیاری پێویستین.
یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی دیکەی ئەو نەوەیە گرینگیدانە بە خۆنیشاندان و سەلماندنی خۆیان. ئەو باوەڕبەخۆبوونەیان کە لە دونیای ئینتێرنێت بۆ ماوەتەوە، وێڕای هەبوونی هەندێ بواری نەرێنی بەڵام لایەنی ئەرێنیشی تێدایە کە خۆی لە بەرانبەر نەوەکانی دیکەدا بە کەم نابینێ، ئەوەش وا دەکات لەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی خۆی مکوڕ بێت. ئەو نەوەیە کە لە وڵاتانی جیاواز بەردەوام ڕوو لە زیاد بووندان، بەهۆی ئەو جیاواز بڕیاردانەیان کاریگەریی جیاوازیان لەسەر کۆمەڵگەکانیان داناوە، چونکە سیاسەتوانان ڕووبەڕووی توێژێکی زۆر لە حەشیمەتی وڵاتەکەیان دەبنەوە کە خاوەن نۆرم و بیرکردنەوەی تایبەتیی خۆیانن و جیاواز لە دایک و باوکانیان یا نەوەی پێش خۆیان بیر دەکەنەوە. هەر بۆیەش ئەگەر ڕەچاوی ویست و بیرکردنەوەی ئەو توێژە نەکەن و هەر بە شێوەی کلاسیکی بیر بکەنەوە توشی شکست دەبن، چونکە ئەو هێزە و دینامیزمەی کۆمەڵگە ناکرێت نەبینرێت.
نەوەی Z لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە ئێستا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە شۆڕشی نوێدا دەبێ بخرێتە بەرچاوی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی جیدی، چونکە بەرەوپێشبردنی هەر بابەتی پەیوەندی بە کۆمەڵگە و بەتایبەت بە سیاسەت بەبێ ناسینی ئەو نەوەیە و تایبەتمەندییەکانی زۆر ئەستەم دەبێت. بە تایبەتی ئەو خوێندنەوەیە بۆ شۆڕشگێڕان کە دەیانەوێ بە جەماوەریکردنی خەبات، شۆڕش بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ بەرەوپێش ببەن، پێداویستیەکی گرینگە. چونکە ئەو توێژەی وێڕای هەبوونی وزەی زۆر بەڵام بە بیرکردنەوەی جیاوازیان دەبێ بە شێوازی نوێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. هەر بۆ نموونە، بۆ ئەو توێژە ئیتر زیاتر لە پەیامی سیاسیی پوخت و درێژ، ویدیویەکی یوتوبەرێکی لاو کە بابەتەکە ڕاستەوخۆ و بە زمانی ئینتێرنێتی باس دەکات سەرنجڕاکێش و کاریگەرترە.
لە لایەکی دیکە دەبینین ئەو توێژە بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی دەوروبەر و دایک و باوکان کە ئەوانیان بەرانبەر بە دۆخی دەوروبەر بێ هەست دەزانی و پێیان وابوو کە ئەوان لە کۆمەڵگە دابڕاون، بە شێوازی نوێ دێنە مەیدان و تەنانەت زۆر کاریگەر بە شێوازی خۆیان و بە ئەرێنی کاریگەرییان بە سەر ڕووداوەکان هەیە، بە جورێک دەبنە هیوای سەرکەوتنی شۆڕش و تەنانەت پشتیوانییەکی بەهێز بۆ داوا پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە، داوای وەک ئازادی و یەکسانی.
خوێندنەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە وەک ئەوەی هەیە بنەماییترین پێداویستیەکانی داڕشتنی بەرنامە و پلانە بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەرنامە و پلانە، ڕزگاری و سەربەستی نەتەوەیەک و نیشتمانێک بێت و پێداویستیشی

بــە وزەی نــوێ و لاوان هەبێــت و لەلایــەن شۆڕشــێگڕانەوە ئاراســتە بکرێــت، لەوەهــا دۆخێـک ناسـینی ئـەو نـەوە نـوێ و جیـاواز و کاریگـەرە یەکێـک لـە پێداویسـتییەکانی بەتایبەتـی سیاسـەتوانان و شۆڕشـێگێڕانە و نەبوونـی ئـەو پێداویسـتییەش نامۆبـوون لـە کۆمەڵگـەی بـەدوا دێـت و لـە ئاکامـدا دەبێتـە هـۆی پەراوێـز کەوتـن.

# هاواری ئازادیخوازی بەرزتر لە جاران

**٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**

ئـەوەی لـە مـاوەی پێنـج حەوتـووی ڕابـردوو لـە نێوخـۆی ئێـران بەردەوامـە، شۆڕشـێکی پـڕ لـە مانـای ئـازادی خواسـتنە بـۆ ڕزگاربوون لـە یەکێـک لـە خوێنڕێژتریـن و دڕندەترین دیکتاتـۆری ئێسـتای دونیـا.

ئـەو شۆڕشـە کـە بـە بانگـەوازی مانگرتنـی ناوەنـدی هـاوکاری لـە کوردسـتان دەسـتی پـێ کـرد، بـە خۆپێشـاندان لـە کوردسـتان خـۆی نیشـان دا، بـە وەدەنگهاتنـی شـارەکانی دیکـەی ئێـران بەرفـراوان بـوو، بـە هاتنـە سـەر خەتـی چیـن و توێـژی جیـا جیـا بـەردەوام بـوو، بـە خـاوەن دەرکەوتنـی کوردسـتان لـە هێزەکانـی سیاسـی دوای هێرشـی مووشـەکی بەرگـری لـە مانـەوەی خـۆی کـرد، بـە خۆپێشـاندانەکانی لـە وڵاتەکانـی جیـاوازی دونیـا دەنگـی گەیانـدە گوێـی ڕای گشـتی و سیاسـەتوانانی ڕۆژئـاوای، بـە خۆپێشـاندانەکانی بڕلیـن ئیـتر بـووە شۆڕشـێک کـە هیـچ کاتێـک بـەرەو دواوە ناگەڕێتـەوە و بەڵکـوو زیادتـر لـە هەمـوو کاتێـک لـە سـەرکەوتن نزیکـە.

ئـەوەی لـە مونتـڕاڵ و لـە بڕلیـن بـە بەشـداریی سـەدان هـەزار کـەس کـە بەڕێـوە چـوو، ڕەنگـی سیاسـیی لایەنێکـی تایبەتـی پێـوە دیـار نەبـوو، بەڵکـو ویسـتی خەڵـک بـۆ ئازادیخـوازی بـوو، کـە بـە ئەرکـی خۆیـان دەزانـی بەشـدار بـن تـا نیشـان بـدەن کـە دژی کۆمـاری ئیسـلامین و دەیانهـەوێ نەمێنـێ.

هـەر ئـەو خەڵکـەی کـە بـەردەوام ڕەخنـەی لـێ دەگیـرا کـە بەرژەوەنـدی خـۆی ناخاتـە مەترسـی و لـە بەرانبـەر ڕێژیـم ڕاناوەسـتێ، بـە هـۆی ئـەو ورەیـەی کـە لە نێوخـۆی وڵات وەری گرتـووە ئیـتر پایتەختەکانـی دونیـا دەلەرزێنـێ لـە هەمـوو شـوێنێکی دونیـا بـە

بڕینی هەزاران کیلۆمەتر بەرەو شوێنی خۆپێشاندان دەڕوات و هاواری ئازادیخوازی هەڵدەدات.
ئەو خۆپێشاندانە گەورانە کە بە هەوڵ و پێشەنگایەتی کەسانی بێ ڕێکخراو و ڕێبەری سیاسی ڕێکدەخرێت، بە جورێک پەیامی شکستی ئۆپۆزیسیونی خاوەنمیدیا و ئایدۆلۆژیکی فارسی پێیە، کە نەیاتوانیوە پێگەیەکی جەماوەری دروست بکەن و بە شێوەیە هاواری نێوخۆ بە دونیای دەرەوە بگەیەنن و تەنانەت ئێستاش لە جیاتی داهێنان کە چۆن هاوکاری شۆڕش بن بەدوای سواربوون لە شەپۆلەکانی شۆڕشی خەڵکن. لەلایەکی دیکە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە تێزە سیاسییەکانی ئەوان کە ئێستاش خۆیان لە پاراستنی تەواویەتیی خاکی ئێران و نەدیتنی ڕاستیی فرەنەتەوە بوونی ئێراندا دەبینێتەوە، لەنێو خەڵک شوێنی ئەوتۆی نابێتەوە بەڵکوو خەڵک لەوان دێموکراتتر بیر دەکاتەوە.
بەڵگەی ئەو ڕاستییەش وتەکانی حامید ئیسماعیلون، ڕێکخەری ئەو خۆپێشاندانانە بە دژی کۆماری ئیسلامیە کە بە «خەونێکمان هەیە» دەست پێ دەکات، کە لە وتەکانی ڕێبەری خەباتی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا مارتین لوتر ئیلهامی وەرگرتووە و هەروەک ئەویش باس لە ئازادی دەکرد و جەختیشی کردەوە کە بۆ بەدیهاتنی ئەو ئازادییەش دەبێ کۆماری ئیسلامی نەمێنێ.
ڕاستییەکی دیکەی ئەو خۆپێشاندانە ڕاستیی هێزی کوردییە، کە بە هێمای کورد واتە ئاڵای کوردستان دەردەکەوێ و نەک لە نێو حەشیمەتی سەدان هەزار کەسی ون نییە، بەڵکوو زەق و بەرچاوە، ئەو هێزە کە هەر لە سەرەتاوە بە خەبات دژی ڕێژیمەوە سەرقاڵە و قوربانیی داوە و بە هێمای خۆیەوە دیارە و پەراوێز ناخرێ، هەر چۆن ڕێکخەران و بەشدارانی ئەو خۆپێشاندانانەی بە تایبەتی لە نەتەوەی فارس جیاوازن و نەرمتر لە ئۆپۆزیسونی فارس واتە دێموکراتترن، هێزی کوردیش سوورتر لەسەر پرسی نەتەوەیین و ئامادە نین هێما و پرسەکەیان بکەنە قوربانیی پڕۆپاگەندەی ڕێژیم و ناحەزانی مافی کوردان، بەڵکوو شێلگیرتر لە جاران لە گۆڕەپاندان و بە ئاڵای بەرزی کوردستانەوە خۆری درەوشاوەی خۆپێشاندانەکانن، ئەو هێزە کە بەشێکی بەرچاوی ئەندامی حیزبی دێموکراتی پێشەواو و قاسملوو و شەرەفکەندی نەمرە خاوەن ئایدۆلۆژی کوردایەتی خۆیانن و زیادتر لە هەر کاتێک هەڵگری پەیامی کوردایەتی و دێموکراسی و ئازادیخوازی و سەربەستی نەتەوەکەی خۆیان و نەتەوەی دیکەن.
ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هاواری ئازادیخوازی بەرزە و بەرزتریش دەبێت، ئەو هاوارە بە گوێی نێوخۆش گەیشتوە و هاواری میلیۆنی لێ هەڵدەستێتەوە کە تەختی زۆردار لە بن هەڵدەقەنێ و ئازادی بەدی دێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئازادیمان

باشتر لە جاران بپارێزین و نیشتمان بۆ ژێردەستەی نەگەڕێنینەوە پێویستە هەر چۆن بە خەباتمان نەمانهێشت ئالای ئازادیخوازی بکەوێ و هەر شەکاوە بوو، بە خوێندنەوەمان بۆ هێزی کوردی و بە ئامادەییمان و بەرنامە و پلانمان بۆ هەموو ئەگەرەکانی داهاتوو ئازادی کورد و کوردستان بۆ هەمیشە مسۆگەر بکەین.

# زانکۆ و شۆڕش

**١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**

زانکـۆی تـاران لـە سـاڵی ١٣١٤ دامـەزرا، سـاڵێک دواتـر بـۆ یەکـەم جـار خوێندکارانـی زانکـۆ بـۆ دابینکردنـی هەندێـک پێداویسـتی ناڕەزایەتییـان دەڕبـڕی. لـەو کاتـەوە تـا بـە ئەمـڕۆ بزووتنـەوەی خوێنـدکاری بـە شـێوازی جیـا هەبـوون، جـا هەندێـک جـار زۆر بەهێـز و هەندێـک جـار لاواز. هەندێـک جـار لـە چەقـی گۆڕانکارییەکانـدا بـوون و هەندێـک جاریـش لـە پەراوێـزدا خۆیـان دیوەتـەوە؛ بـەڵام هیـچ کات بەتـەواوی لـە دڵـی ڕاسـتییەکان و ڕووداوەکانـی کۆمەڵگـە دانەبـڕاوە.
وشـیاری و هەبوونـی هێـزی پرسـیار و لێپرسـینەوە لـە خوێنـدکاری زانکـۆدا وای کـردوە کـە زانکـۆ و خوێنـدکار بـۆ هـەر دیکتاتۆرییـەک پرسـێکی گرینـگ بێـت، بـە تایبـەت ئەگـەر ئـەو دیکتاتۆرییـە دیکتاتۆریـی مەلاکانـی جەمـاران بێـت، ئـەو پرسـە بـۆ ئـەوان ترسـێکی گەورەشـە. ئـەو ترسـە هـەر لـە ڕۆژی یەکەمـەوە جێـگای سـەرنجی ڕێبەرانـی کۆمـاری ئیسـلامی بـووە و تەنانـەت هـەر لـە سـەرەتای سـاڵانی بـە دەسەڵاتگەیشـتنیان بـە پاکتاوکردنـی زانکـۆ کـە نـاوی «شۆڕشـی فەرهەنگی»یـان لەسـەر دانـا و بـە گۆڕینـی بەرپرسـانی خوێندنـی بـاڵا و زانکـۆکان، دەرکردنـی خوێندکارانـی غەیرەخۆیـی و تەنانەت گۆڕینـی سـەرچاوەکانی خوێنـدن بـە تـەواوی دانانـی میکانیزمـی جیـاوازی ئیـداری و لەشـکری بـۆ کۆنتڕۆڵـی قوتابیـان هەوڵیـان دا ئـەو ناوەنـدە گرینگـە کـە ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە گۆڕانکارییەکانـدا هەیـە، کۆنتـڕۆڵ بکـەن.
لەوانەیـە هیـچ بەڵگـە و فاکتێـک لـەو قسـەیەی خومەینـی دامەزرێنـەری کۆمـاری ئیسـلامی تێڕوانیـن و ترسـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە زانکـۆ باشـتر دەرنەخـات کـە بـە

ئاشـکرا لـە تریبونـەوە دەیگـوت، «زانکـۆ لـە بۆمبـی ئەتـۆم مەترسـیدارترە.» بـەڵام سـەڕەڕای ئـەو هەمـووە پـلان و پیـلان و کۆنتڕۆڵکردنـی بـە زەبـری سـەرکوت، دیسـان نەتوانـرا دەنگـی زانکـۆ و قوتابییـان کـپ بکرێـت و خوێنـدکاران و زانکـۆ بـەردەوام لـە هـەر گۆڕانکارییەکـدا بـە نرخـی خوێـن لـە گـەڵ ئـازار و ویسـتە ڕەواکانـی خەڵـک بەشـدار بـوون. وەک چـۆن لـەو خۆپێشاندانەشـدا کـە نزیکـەی دوو مانگـە بەردەوامـە، ڕۆڵـی بەرچاویـان گێـڕاوە تەنانـەت گەیشـتووەتە ئاسـتێک دەتوانیـن بڵێیـن ئەمـڕۆ یەکێـک لـە فاکتەکانـی بەردەوامـی شـۆڕش زانکـۆ، خوێنـدکاران و قوتابییانـن.

بزووتنـەوەی خوێندکاریـی کـورد هـەر لـە سـەرەتاوە دوو ڕێگـەی لـە بـەردەم بـوو، یـان دەبـوا ببـا بـە بەشـێک لـە بزووتنـەوە جیاوازەکانـی خوێنـدکاری کـە لەنێـو نەتـەوەی باڵادەسـت هەبـوون و ئەگـەر لەگـەڵ ئـەوان دژایەتـی دەسـتەڵاتیشـی کردبـا، نەدەبـا باسـی لـە ڕاسـتی کۆمەڵگـەی کـوردی و بـە تایبەتـی پرسـی نەتەوەیەکـەی کردبـا. چونکـە هەمـوو ئاراسـتەکانی بزووتنـەوەی خوێنـدکاری بـە چـەپ و ڕاسـتەوە نـەک لەگـەڵ داخوازییـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد نەبـوون، بەڵکـو زۆر جاریـش دژیشـی بـوون. یـان دەبـوو ڕێگـەی دووەم هەڵبژێـرن، ئەویـش پەیوەسـتبوون بـە شۆڕشـی کوردییـەوە کـە ڕۆڵێکـی تایبەتیـان لـەو بـوارەدا بینیـوە، نموونـەی گرینگـی ئـەو شـێوازە چالاکییـە پەیوەسـتبوونی سـمایل شـەریفزادە و هاوڕێکانـی بـە حیزبـی دێموکـرات بـوو کـە لـە ماوەیەکـی کەمـدا کاریگەرییەکـی زۆریـان دانـا و ئـەو ڕەوتـە لـە کات و سـەردەمی جیـاوازدا هـەر بـەو شـێوەیە درێـژەی هەبـوو.

ئـەوەی ئێسـتا لـە گۆڕەپانـی شۆڕشـدا دەبینیـن وێـڕای ئـەوەی کـە سـەرکوتی ڕێژیـم لـە زانکـۆ بـە دڕندانەتریـن شـێوە بەردەوامـە، بـەڵام هـەر لـە ڕۆژەکانـی یەکەمـی ئـەو خۆپێشـاندانانەوە زانکـۆ لـە شـۆڕش دانەبـڕاوە.

ئـەوەش نیشـان دەدات کـە زانکـۆ هـەروەک پێشـتر تەنانـەت ئـەو جـار زیاتریـش گرینگـە و دەبـێ بـە گرینگیـەوە کاری لـە سـەر بکرێـت، لـە ئێسـتا زیاتـر لـە ١٥٠ هـەزار خوێنـدکار لـە زانکۆکانـی پارێزگاکانـی کوردسـتاندا دەخوێنـن، هەروەهـا ژمارەیەکـی زۆری خوێندکارانـی کـورد لـە زانکۆکاکـی دەرەوەی کوردسـتانن کـە باشـتر پرسـەکانی کـورد بـۆ ناوەنـد دەگوازنـەوە و، ئـەو ژمارەیـە زۆرەی خوێنـدکاری زانکـۆ ڕاسـتی گرینگـی ئـەو ناوەنـدە زیادتریـش دەردەخـات.

ئـەوەی تـا ئێسـتا دەبینیـن چالاکییەکانـی نێوخـۆی زانکـۆکان کـە زۆرتـر لـە زانکۆکانـدا ماوەتـەوە زۆر و کاریگـەرن، بـەڵام بەباشـی بـۆ شـەقامەکان نەگوازراونەتـەوە و، دەبـێ کار بـۆ ئـەوەی بکرێـت ئـەو چالاکییانـە بگوازرێنـەوە بـۆ سـەر شـەقەم. گواسـتنەوەی چالاکییەکانـی نێوخـۆی زانکـۆ بـە پلـەی یەکـەم دەبێتـە هـۆی پاراسـتنی زیاتـری گیانـی

خوێنـدکاران، چونکـە لەنێـو زانکـۆ گەمـارۆ دەدرێـن و باشـتر دەبنـە ئامانجـی هێزەکانـی ڕێژێـم و ئـەو بابەتـەش زیانـی گیانیـی زیاتـری لـێ دەکەوێتـەوە.
لـە لایەکـی دیکـەوە گواسـتنەوەی ئـەو چالاکییانـە بـۆ سـەر شـەقام وێـڕای پاراسـتنی گیانـی خوێنـدکاران دەبێتـە هـۆی بەرفراوانبونـەوەی خۆپێشـاندەران و کاریگەریـی زۆرتـر، بەتایبەتـی کـە خوێنـدکاران لـە هەمـوو بوارێکـەوە دەتوانـن لەگـەڵ خەڵـک ئـەو خۆپێشـاندانانە بەڕێـوە ببـەن. بۆیـە پێموایـە لـە ڕۆژانـی داهاتـوودا بەکـردەوە پەیوەسـتبوونی زانکـۆ و شـەقام زیادتریـش دەبینیـن. ئـەو بابەتـە زیادتـر بـۆ قوناغـی ئێسـتایە بـەڵام لـە داهاتـووی سـەرکەوتنی شـۆڕش و بـە تایبەتـی لـە ئازادیـدا دەبـێ ئـەو بزووتنـەوە ڕۆڵـی جیـدی بگێـڕێ بـۆ ئـەوەی دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش شـۆڕش بـەرەو ئاراسـتەیەک نەبـردرێ کـە مێـژوو دوبارەببێتـەوە. هـەر بۆیـەش کارکـردن لـە سـەر ئـەو بزوتنەوەیـە بـە دەرفەتێـک بـۆ شـۆڕش و دوای شـۆڕش هەژمـار دەکرێـت و پێویسـتە ئـەو دەرفەتـە کەڵکـی لـێ وەربگیـرێ.

# هەنگاوێك هەتا سەرکەوتن

**٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**

دو مانگ لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی نوێ تێپەڕ بوو، ڕۆژانێکی پڕ باس و ڕووداو. چونکە هەر ڕۆژێک لەو دو مانگە دنیایەک پێشهاتی لە دڵی خۆیدا تۆمار کردووە. هەر ڕووداوێک دنیایەک خەم و ئازار و هەستانەوە و قارەمانێتی لە خۆ دەگرێت کە بۆ وەسفی هەر کام لەوان ڕۆمانێک لە وشە بەش ناکات.

ئەوەی لەو دوو مانگە لە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی دیتوومانە، لەنێو گەلانی ئازادیخوازی دونیادا دەگمەن و نموونەن و، نرخێکی بێوێنە و حەماسەیەکی گەورەی ئافراندووە، ئەو نرخە کە ئازادی بەرهەم دەهێنێ، لە ئێستادا هیوایەکی گەشاندۆتەوە کە لە هەموو کات زیاتر دەرکەوتنی خۆری ئازادیمان لێ ڕوون و دیارترە.

ئەو خەباتە بەرفراوانە و ئەو نرخە زۆرە وێڕای ئەوەی هیوای ئازادیی لە نێو ئێمەدا زیاتر لە هەموو کات بوژاندۆتەوە پرسیارێکی پێویست و جیدیش لە مێشکی ئێمەدا دەوروژێنێ، ئەویش ئەوە کە کەی سەردەکەوین و چۆن ئەو سەرکەوتنە بەزوویی بەدی دێ، چونکە دڵنیاین هەر سەردەکەوین.

تامەزۆری ئازادی بۆ گەلانی ژێردەست و گەیشتن بەو ئازادییە و ڕزگاربوون لەو جینایەتکارانە وا دەکات کە ئەو پرسیارە جیدییە زیاتر لە هەر کاتێکی دی ببێتە هۆی سەرقاڵی و تەنانەت کاریگەرییش لەسەر بەردەوامیی نارەزایەتییەکانیش دادەنێت. هەر بۆیەش وەڵامی ئەو پرسیارە جیدی و گرینگە.

بە بۆچوونی من دەتوانرێ بگوترێ یەک هەنگاو تا سەرکەوتن ماوە، بەڵام ئەو

هەنـگاوە چییـە، دەبـێ شرۆڤـە بکرێـت:
ئـەم هەنـگاوە بـۆ ڕاپەڕیـوان زیاتـر یەکگرتـن و بەرفراوانکردنـی خۆپێشـاندان و هێرشـکردنە بـۆ سـەر دامـودەزگای دەوڵەتـی و ئازادکردنیـان. پێداویسـتیی ئـەو هەنـگاوە ئێسـتا لـە تـاران زیاتـر لـە هـەر شـوێنێکی دیکـە هەسـتی پـێ دەکرێـت و تەنانـەت لـە تارانیـش ئەبـێ ئـەو خۆپێشـاندانە گرینـگ و بەربـڵاوە شـەقامی پاسـتۆر و «بەیتـی ڕەهبـەری» بکاتـە ئامانـج. بێگومـان ئەمـە هەنگاوێکـی ئاسـایی و ئاسـان نییـە، بـەڵام جیـا لـە هێرشـکردنە سـەر مێشـکی ئـەو ڕێژیمـە دەسـت و پێـی لـە کار ناکەوێـت و مێشـکی ئـەو ڕێژیمـەش لەوێیـە. ئـەو خۆپێشـاندانە میلیۆنییـە دەتوانـێ ئازادیـی ئێـران بـە دی بێنـێ و
ئـەم هەنـگاوە هەنـگاوی سـەرکەوتنی شۆڕشـە و ڕووخاندنـی سیسـتمی کۆمـاری ئیسـلامییە.
ئەگـەر بـە هـەزاران خۆپێشـاندەر بتوانـن لـە مەهابـاد دەسـت بەسـەر فەرمانداریـدا بگـرن، بـە سـەدان هـەزار کـەس دەتوانـن لـە ناوەنـدی پارێـزگاکان، پارێـزگاکان ڕزگار بکـەن و بـە میلیـون خەڵکیـش دەتوانـن ئـەو کارە لـە تـاران بـکات. کـە واتـە مومکینـە و ئـەو ڕۆژە هـەر دێـت، بـەڵام گرینگـی لەوەدایـە کـە ئـەو ڕۆژە چەنـدە زووتـر بـێ و چەنـد باشـتر بتوانـرێ هەمـوو هێـزی ڕاپەڕیـوان بـۆ ئـەو بابەتـە ڕێـک بخـرێ، قوربانـی کەمـتر و سـەرکەوتن زووتـر دەبـێ.
ئـەو هەنـگاوە بـۆ ئۆپۆزسـیونی ڕێژیـم بـە تایبەتـی فـارس ڕێککەوتـن و پێشکەشـکردنی بەرنامەیەکـی دێموکراتیکـە کـە خەڵـک ببینێـنـێ و وەری بگـرێ. لـە ئێسـتادا نەبوونـی ئـەو خاڵـە بـە گرینگتریـن کەموکوڕیـی شـۆڕش دادەنـرێ و بەرچاوڕوونیەکـی تـەواو لـە پێـش ڕاپەریـوان نییـە بـۆ ئـەو بابەتـە. هـەر بۆیـەش بـە هەبوونـی ئـەو بەرنامەیـە دەتوانـرێ ئێرانێکـی دیکـە بونیـاد بنێرێـت، ئەگـەر نـا سـناریوی جیـاواز و ئەسـتەم لـە بـەردەم ئێرانـی داهاتوودایـە.

ئـەو هەنـگاوە بـۆ ئۆپۆزسـیونی کـورد بـە گشـتی و ناوەنـدی هـاوکاری بەتایبەتـی گەلاڵـەی ڕوونـی داخـواز و ویسـتەکانی کـورد و پلانـی بەڕێوەبردنـی کوردسـتانە، بـۆ ئـەوەی کوردسـتان لـە هەمـوو ئەگـەرە جیاوازەکانـی داهاتـووی ئێـران لـە ئەمنییـەت و ئەمانـدا بمێنێتـەوە، ئـەو گەلاڵەیـە دەبـێ لـە مێـژووی ڕابـردووی خوێناویـمان لـە ژێردەسـتەیی، لـە واقعیەتـی ئێسـتا و، داخـوازە ڕەواو و بەرحەقەکانـی گەلـی کـورد لـە کوردسـتان سـەرچاوەی گرتبێـت و ببێـت بـە پشـتیوانی ئـەو پلانـەی کـە میکانیزمـی جیـاوازی بـۆ قوناغـی جیـاواز و دامەزراندنـی دامـەزراوە نیشـتیمانی هەیـە و مێکانیزمـی پاراسـتنی ئـەو دامـەزراوە نیشتیمانییانەشـی بـە ڕوونـی و ژیـری دیـاری کردبێـت.

نابێ ئەو ڕاستییەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێران لەبیر بکەین و ئەو هەنگاوانە بەئاسان وەسف بکەین، بەڵام کردەنین بێتوو هەوڵی هەموو لایەنەی بۆ بدرێت، بە تایبەتی لە کوردستاندا. ئەگەری هاتنەئارای خێرا و هەماهەنگیی ئەو هەنگاوانە زۆر ئەستەم دێتە بەرچاو، بەڵام کام هەنگاو پێشتر ڕوو دەدات پێشبینی ناکرێت، بۆ نمونە کێ دەڵێ لە ڕۆژانی داهاتوو ئەو خۆپێشاندانە میلیۆنییەی کە «بەیتی ڕەهبەری» بە سەر ڕەهبەریدا دەڕووخێنێ نایەتە دی و هەموو هەنگاوەکانی دیکە بە دوای خۆیدا ناهێنێ، ئەوکات ئەوانە سەرکەوتووترن کە لە پێشتر و لانی کەم ئێستاوە ئامادەی هەنگاوی سەرکەوتن و ئامادەکاریی خێرا و وردی خۆیان کردبێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوو مانگ پێش، کەم بوون ئەوانەی ئەوڕۆیان پێشبینی کردبوو، ئەوە بەڵگەیە کە سبەی زۆر جیاوازتر دەبێت لە ئەمڕۆ و تەنانەت لە ئەو پێشبینیانەش کە دەکرێت؛ کەواتە هەتا سەرکەوتن هەنگاوێکمان ماوە.

# کوردستان لە شۆڕش ناوەستێ و نابێ ڕاوەستێ

**٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**

جارێکی دیکە خوێنی لاوان، جارێکی دیکە مێلیتاریزەکردنی کوردستان، جارێکی دیکە هێرشی بەرفراوان، جارێکی دیکە شەهید و زیندان و ... .

گۆیا بە باڵای کوردستان بڕاوە ئەستەمی ژیان و کورد بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا هیوای گەیشتن بە ڕزگاری وا ڕیشەی لە هزر و بیر و گیانمان ڕۆچووە کە لە هەر دۆخێکدا بێت بە ناوی ئازادی دەڕوێینەوە و بەرەو بەرزی و ڕووناکی هەڵدەکشێین.

لە کاتی نووسینی ئەو دێڕانە وێڕای دیتن و دەرک بە دۆخی ئەستەمی کورد، ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەش دەبمەوە کە، کەی دۆخی کورد وا نەبووە؟ ئێمە بەوە ڕاهاتووین بەرخودان بکەین بە فەلسەفەی ژیان، ژیانمان لە خەبات لەپێناوی ئازادیدا مانا بکەین، هەر ئەوەش وای کردووە نەمرین و بمێنین و بەردەوام بین. لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانە، ئەو دۆخە وا دەخوازێ کە ئێمە بەردەوام بین، بەڵام بەردەوام بوونێکی جیاواز بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لە دوێنێ و بەهێزتر لە ئەمڕۆ، سبەی بەرەو ئامانجاکانمان هەنگاو هەڵگرین.

یەکەمین قوناغی ئەو جیاوازییە ئەوەیە کە دەبێ بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکەینەوە؛ لەوانەیە ئەو بابەتە بۆ پێشتریش هەر ڕاست بێت، بەڵام لە ئێستادا کە دەبینین ئەو جیاوازییەی لە نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران تا دێت زیاتر زەق دەبێتەوە، پێداویستی بیرکردنەوە لە ئەگەرەکانی کە لە دەرەوەی سیاسەتی دیاریکراویش بێت گرینگیی خۆی دەنوێنێ.

ئەوەی کوردستان ئامادەیی زیاتری بۆ شۆڕش هەیە، پێشتریش بەردەوام باسی لێوە کراوە و تەنانەت بە بەڵگە نەک جارێک هەموو ساڵێک چەندین جار سەلماوە و دەبینین، بەڵام ئەگەر ئامادەیی ناوچەکانی دیکە بە ڕێژەی کوردستان نەبێ، ئێمە ناتوانین کوردستان لە مافخوازی و چالاکی و بەردەوامی بوەستێنین تا ناوچەکانی دیکەش دەگەن، چونکە کەی دەگەن، ئایا هەر دەگەن بەو ئامادەییەی کە لە کوردستان هەیە بەتایبەتی بەو دۆخەی کە ئۆپۆزیسیۆنی فارسی تێدایە، ناڕوونە. لە لایەکی دیکەوە لە زیاتر لە ٧٠ ڕۆژی ڕابردوودا ئەوەمان بۆ سەلماوە کە کوردستان لۆکۆمۆتیڤی شۆڕشە، لۆکۆمۆتیڤ شۆڕش بە دوای خۆیدا دەکێشێ، ئەگەر واگۆنێکیش بپسێ یا نەیێ ئەوا لۆکۆمۆتیڤ بەرەو پێش هەر دەڕوا، هەر بۆیە ئێمە نابێ کوردستان بە ناوچەکانی دیکە ببەستینەوە، بەڵکوو ئەوە ناوچەکانی دیکەن کە بە کوردستانەوە بەستراونەتەوە، پێویستە ئەو ڕاستییە بە باشی دەرک پێ بکەین چونکە تەنانەت ئەگەر بمانهەوێ کورد بوەستێنین ئایا دەتوانین؟ بێ گومان زۆر ئەستەمە، هەر بۆیە ئێمە دەبێ وەک لۆکۆمۆتیڤ بەردەوام بین تا دەگات بە ئەنجام.

لەو دۆخەدا زۆرترین پرسیار کە ڕوو دەدات ئەوەیە کە ئایا ئێمە دەتوانین ببین بە لۆکۆمۆتیڤی شۆڕش و ئەگەر هەموو قەتارەکەش بە ئاکام نەگات لانیکەم لۆکۆمۆتیڤەکە بگات؟

بەڵێ کوردستان بە تەنیاش دەتوانێ، چونکە ئەو هێزەی خەڵک تا ئێستا تەنیا لە چالاکی و نارەزایەتی نیشاندان (بەرگری) توانیویەتی کە کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێنێ، ئەی ئەگەر ئەو نارەزایەتییەی بگۆڕێ بۆ ئەکتی شۆڕشگێڕیی هێرشبەرانە (نارەزایەتیش ئەکتی شۆڕشگێڕیە لێرەدا مەبەست ئەوەیە بکەوێتە قوناغی هێرشبەری) و چالاکانە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی ڕابوەستێ چی دەبێت؟ لە حاڵەتێکی وەهادا سەرەڕای هەمووی ئەو تێچوو و ئەو سەختییانەی کە هەن دەتوانین هیوادار بین بە گۆڕینی هاوکێشەی هێز و لە کاتی وەهاشدا گۆڕانکاریی زیاتر لە شەقامی ناوچەکانی دیکە ڕوو دەدات، تەنانەت ئەگەر واش نەبێ لە ئێستاوە حکوومەتی داهاتووی ئێران لە گەڵ دیفاکتۆی هەرێمی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕوو دەبێ کە ئەوکات گەڕانەوە بۆ خاڵی سیفر نامومکینترە لەوەی کە چاوەڕێ بکەین تاران بەدەستی فارسەکان بڕووخێ تا بزانین چی دەبێت.

لێرەدا هەر زوو بابەتێکی دیکە دێتە ئاراوە ئەویش بابەتی تێچووی زۆرمانە، سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم ئەو بابەتە لەلایەن دوو توێژەوە دەخرێتە ڕوو، توێژێک لە ڕووی دڵسۆزی کە جێگای ڕێزە و دەبێ وێڕای گوێگرتنی هەوڵی ئەوە بدەین بە شرۆڤەیەکی دروست و بەجێ لەو تێچوویە کە لە هەر دۆخێکدا بۆ

کورد هەیە بە قەناعەت بگەیێنین، تویێژی دووەم تەنیا بە مەبەستی چاندنی تۆوی بێهیواییە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە هەر چاولەدەستی ئەوانی دیکە بین کە ئەمە لە نەتەوەیەکی وەک کورد کە ئاوا لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکات ناوەشێتەوە و پێویستە پێداگر بێت لە سەر چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی.

لەمەڕ تێچووی شۆڕشیش کە زۆر بەئازارە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەی بکەم ئێمە کەی تێچوومان نەداوە، ئایا ژینا ئەمینی لە خۆپیشاندان بە دژی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو، نەخێر لە تاران کەوتە بەر هێرشی پڕ لە قینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی کە کورد بوو، یا سەیری ئاماری لەسێدارەدان و زیندانی و کوشتنی کۆڵبەر و تەنانەت گەڕان بە دوای بیانوو بۆ ئەوەی کورد بکوژرێت پێش شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بکەین، دەبینین ئێمە لە هەر دۆخێک هەر تێچوومان هەیە و ئەو تێچوویەش تەنیا بە بەردەوامی و گەیشتن بە ئازادی ڕادەوەستێت. لە لایەکی دیکەوە مووشەکباران و تۆپبارانی هێزەکانی شۆڕشیش پێشتر و دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی هەر هەبووە و هەر بەردەوامیش دەبێت.

پێویستە ئەو ڕاستییە دوای ئەو هەموو ساڵە ستەم و داگیرکەریی دەوڵەتی بە تایبەتی ناوەندی ئێران بزانین ئەگەر تاقە کوردێک بمێنێ لە سەر گۆی زەوی داوای مافی خۆی وەک کوردێک بکات لە کوێ بێ گرینگ نییە هەر دەکەوێتە بەر هێرشی ئەو ڕێژیمە کەواتە ئێمە ناتوانین بە ڕاوەستان یا کەمکردنەوەی چالاکییەکانمان پێش بە ستەمی داگیرکەرانە بگرین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە ئەویش بەردەوامی و بەهێزیی شۆڕش لە کوردستان لە هەر دۆخێکدایە بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەو ڕزگاری بڕوات، لە کاتێکی وەهاشدا کە کورد وا لێبڕاوانە و شێلگیرانە بە دوای مافەکانیدا دەڕوات پێویستە هەموو ئەگەرەکانی مومکین لە بەرچاو بگیرێن، تەنانەت ئەو ئەگەرانەی کە لە بەرنامەی کاریشدا نین.

# شۆڕش ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە

**١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**

لـە سـەر شـۆڕش و چۆنیەتـی و هەروەهـا سـەرکەوتنی بـە تایبەتـی لـە دوای شۆڕشـی فەڕانسـە لـە سـاڵی ١٧٨٦ی زایینییـەوە بـەردەوام دەنووسرێـت و هـەر کاتێـک کـە کردەیەکـی شۆڕشـگێرانە لـە سـوچێکی دونیـادا ڕوو دەدات، وێـڕای پێداچوونـەوە بـە مێـژووی شـۆڕش و تایبەتمەندیـە نوێیەکانـی هـەر شۆڕشـێک سـەر لـە نـوێ بـاس دەکرێـت و جیـاوازی و داهێنانـەکان و هەروەهـا ئامرازەکانـی سـەرکەتن لـە شۆڕشـە نوێیـەکان دەکەونـە بـەر شرۆڤـەی زیاتـر.
ئـەو بابەتـە بـە تایبەتـی لـە دوای بەهـاری عەرەبـی کـە چەندیـن وڵاتـی عەرەبـی گرتـەوە و لـە هـەر وڵاتێـک بـە ئەزمونـی جیـاوازدا تێپـەڕی، زیاتـر بـووە بـە باسـی ڕۆژی میدیـا و شرۆڤـەکاران و ئاکادمیسـتەکان. بـە چاوخشـاندنێک بـە هەمـووی ئـەو لێکۆلینـەوە و بۆچـوون و ئەزمـون و مێژوویانـەش، فاکتێکـی سـەرەکی هەیـە ئەویـش ئەوەیـە ناکـرێ ڕێچکەیەکـی هاوبـەش و دیاریکـراو بـۆ شـۆڕش لـە هەمـوو شـوێنێک دیـاری بکرێـت، بەڵکـوو بـە گوێـرەی هەلومـەرج و کات و شـوێن هـەر شۆڕشـێک لـە کۆتاییـدا وەک ئاوێـک کـە دەڕێـژرێ ڕێگـەی خـۆی دەدۆزێتـەوە.
لەسـەر شۆڕشـی ئێسـتای بـەردەوام لـە کوردسـتان و ئێرانیشـدا ئـەو ڕاسـتیە دەتوانیـن ببینیـن، چونکـە ناکـرێ بەتـەواوی بـە شـۆڕش لـە فەرهەنگـی چـەپ یـا ڕاسـت، یـا بـە بەهـاری عەرەبـی یـا جووڵانـەوە کۆمەڵایەتییـە کـۆن و نـوێ لـە ئورووپـا بشـوبهێنرێت. بەڵکـوو هەندێـک تایبەتمەنـدی وایکـردووە کـە ئـەو شۆڕشـە جیـاواز و تەنانـەت دەگمـەن بێـت. هەربۆیـەش لەوانەیـە سەرکەوتنەکەشـی جیـاواز و دەگمـەن بێـت، هـەر

بۆیـە نابـێ لـە کاتێـک کـە ناڕەزایەتیـەکان کـە دەگەنـە ئەوپـەڕی بەهێـزی پێـمان وابـێ کـە ئیـتر کار تـەواوە، دەبـێ تـا کاتـی ڕووخانـی ڕێژیـم بـە شـێوەیەکی جیـدی بـەردەوام بیـن، هەروەهـا نـە ئـەو کاتـەی کـە ناڕەزایەتییـەکان ڕوو لـە لاوازی دەچـن لـەو بـاوەڕەدا بیـن کـە ئـەو شۆڕشـە ئیـتر بەتـەواوی سـەرکوت کـراوە.
لـە هەمـووی ئەوانـەش گرینگـتر یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە هـەر بەرچاوەکانـی ئـەو شۆڕشـە ئەوەیـە کـە دەتوانـێ بـەردەوام داهێنانـی نـوێ بـۆ بەردەوامبـوون دروسـت بـکات، لـە لایەکـی دیکـەوە ئیـتر ئەکتـی شۆڕشـگێرانە بـووە بـە ئەکتێکـی ڕۆژانـەی خەڵـک کـە لـە هـەر دەرفەتێـک بـۆ بەردەوامبـوون دەیقۆزنـەوە. هـەر بۆیـەش نیگەرانـی لـە وەسـتانی ئـەو شۆڕشـە کـە نزیکـەی سـێ مانگـە بەردەوامـە، دەبـێ وەلا بنێیـن و دڵنیایـی سـەرکەوتنی شۆڕشـمان هەبێـت و بەرنامـە بـۆ سـەرکەوتنی دابنێیـن چونکـە، شـۆڕش بۆتـە بەشـێک لـە ژیانـی مرۆڤـەکان، واتـە شـۆڕش وا لـە ناخـی خەڵکـدا ڕۆچـووە و جێگیـر بـووە کـە قوتابییانـی قوتابخانـە سـەرەتاییەکان وەک یارییـەک بـە دوای یـەک دەکـەون و درووشـمەکانی شـۆڕش دووپـات دەکەنـەوە، یـا قوتابییانـی قوتابخانـە ناوەنـدی و دەبیرسـتانەکان لـە کۆتایـی کاتـی مەدرەسـە تەنانـەت ئەگـەر ژمارەیەکـی کەمیـش بـن دەسـت دەکـەن بـە ڕێپێـوان و خۆپێشـاندان و دروشـمدان.
لـە وتارێکـی وێبسـایتی ئەلجەزیـرە لـە سـاڵی ٢٠١١ کـە لـە لایـەن ڕۆکسـانا فەرمانفەرماییـان، مامۆسـتای زانکـۆی کەمبریـج وەک وانـەی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران بـۆ خەڵکـی ڕاپەریـوی میـسر دەنووسـێ، ئـەو وانانـە بـەو شـێوەیە بـاس دەکات، کـە یەکەمیـان شـۆڕش کاتـی دەوێ. ئـەو کـە ئامـاژە بـە سـووتاندنی سینەما ڕێکسـی ئابـادان وەک دەسـتپێک دەکات تـا کاتـی سـەرکەوتن لـە ٢٢ ی ڕێبەنـدان سـاڵێک و مانگێکـی خایانـد. وانـەی دووهەمـی ئەوەیـە کـە ڕێژیمـە دیکتاتـورەکان کـە دەسـەڵاتی خۆیـان چەسـپاندووە بـە هێمنـی لەنێـو ناچـن، هـەر وەک ڕێبـەری نەمرمـان دکتـور قاسـملووش لەسـەر ڕێژیمـی ئێـران لـەو بـاوەڕەدا بـوو ئـەو ڕێژیمـە تەنیـا بـە بابـەت نووسـین ناڕووخـێ. وانـەی سـێیەم کـە خانمـی فەرمانفەرماییـان باسـی لێـوە دەکات، ئەوەیـە کـە سـوپای لەشـکری جێـگای متمانـە نییـە، تەنانـەت باسـی لـە ئەرتەشـی ئێرانـی پاشـایەتی دەکات کـە یەکێـک لـە ئەرتەشـە بەهێزەکانـی دونیـا بـوو، بـەڵام نەیتوانـی تـا سـەر ڕووبـەڕووی خەڵـک بێتـەوە، ئـەوەی ئێسـتاش لـە چوارچێـوەی هەڕەشـەکانی سـوپای کۆمـاری ئیسلامیشـدا چ لـە ئاسـتی نێوخـۆی و چ لـە ئاسـتی دەرەوەدا و هەروەهـا بـە تایبەتـی ئـەو هێرشـە مووشـەکییانەی کـە دەکات دەبینیـن، بـە دڵنیاییـەوە ناتوانـێ ببێتـە گارانتـی بـۆ مانـەوەی ڕێژیـم، بەڵکـوو پڕۆپاگەنـدەی ڕێژیـم لـەو بـوارە و تەنانـەت بەکارهێنانـی نیشـانەی ترسـی زۆری ڕێژیمـە. وانـەی چـوارەم بـۆ میسرییـەکان لـە ئەزموونـی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٧٩ دا بـاس لـە مانگرتنـەکان وەک

گرینگترین خاڵ لە سەرکەوتنی شۆڕش دەکات، کە لە شۆڕشی ئێستادا بە چڕی بەردەوامە کە توانیویەتی کاریگەرییەکی باش دابنێت، تەنیا مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان نا، بەڵکوو مانگرتنی چین و توێژە جیاجیاکان توانیویەتی بەردەوامیی ئەو شۆڕشە نیشان بدات و لە داهاتووشدا کاریگەرییەکی زۆرتریش لە سەر باشتر بەرێوەچوونی شۆڕش دادەنێ.
دوایین وانەی فەرمانفەرماییان کۆنترۆڵی میدیای دەوڵەتییە. ئەو بابەتە لەوانەیە ساڵانی بەر لە ئێنتێرنێت و ماسمیدیا گرینگی خۆی هەبێت لە ئێستادا بە هۆی هەبوونی ئینتێرنێت و ماسمێدیا و سمارت فۆن ئەو گرینگیەی جارانی نەماوە، تەنانەت ئەمجارە ڕێژیم بە پچراندنی ئینتێرنێتیش نەیتوانیوە کە شۆڕش لە بەرەوپێشچوون بوەستێنێ، بەڵکوو بە گەڕانەوە بۆ تاکتیکی بەر لە سەردەمی ئینتێرنێت خەڵک شۆڕشی بەردەوام کردووە کە ئەوەش یەکێک لە داهێنانەکانە، لە لایەکی دیکەوە هەککردنی بەردەوامی میدیای دەوڵەتی لە لایەن گروپەکانی هەککریەوە، بۆتە هۆی ئەوەی لاوازیی ڕێژیم لە بوارەشدا دەربکەوێت کە ئەوەش شوێندانەری ئەرێنی لە سەر بەرەوپێشچوونی شۆڕش هەبووەو لە داهاتوو زیادتریش دەبێت.
هەمووی ئەو وانانە لەلایەک باسی ڕێبەریکردنی شۆڕش لە لایەکی دیکە هەر جێگای مشتومڕە، بەتایبەتی ئەوەی کە لە فەرهەنگی چەپدا زۆر گرینگییشی پێ دەدرێ ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی و ڕێکخستنی شۆڕش لە لایەن ئۆرگانیزێکی دیار پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە، نەک لە شۆڕشێکی وەک شۆڕشی ئێستا کە لە کوردستان و ئێراندا بەردەوامە، بەڵکوو تەنانەت لە جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە جیدیەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواش باس لەو بابەتە دەکرێت. لین هارتنێت مامۆستای زانکۆی ڤیۆلۆنا لە سەر بابەتی ژورنال ستریت لە سەر ڕێبەرایەتیی شۆڕش دەڵێت: «زۆر جار شۆڕش هەنگاوی هەستیار هاوسەنگی لە خۆ دەگرن. پێشەنگەکانی شۆڕشگێڕان پێویستیان بە پشتیوانیی جەماوەرییە لە هەمان کاتدا پێشەنگەکانی (ڕێبەران) شۆڕشیش دەبێت وزە و خولیای شوێنکەوتووانی خۆیان بەکار بهێنن و ڕێنمایی بکەن. سەرەڕای ئەوەش، بزووتنەوە جەماوەرییەکان بەبێ سەرکردایەتی و وتەبێژ و پلانێکی ئایدیۆلۆژی شکست دەهێنن.»
ئەگەر ئەم بابەتە بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکای پێشکەوتوو کە دوو سەدە بە سەر شۆڕشە سەرکەوتووەکەی بۆ بونیادنانی ئەمریکا تێپەڕبوو پێداویستی بێت، ئەوە لە کۆمەڵگەی ئیمە ئەو پێداویستیە جیدیتر خۆی دەنوێنێت. بەڵام لە هەمان کاتدایشدا لە بەرانبەر ئەو هزرە تەنانەت بە هێنانەوەی نموونەکانی بەهاری عەرەبی ئەم بابەتە گرینگی خۆی لە دەست دەدات و دەگوترێ ئیتر خەڵکی

گۆڕەپانەکان و شەقامەکان دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن و بەرەو سەرکەوتن بڕۆن. بۆ وەڵامی پرسیاری کام یەک لەو دو نموونەی سەرەوە لە سەر شۆڕشی ئێستای ژین ژیان ئازادی وەڕاست دەگەڕێ، ئایا ئەو شۆڕشە بێ ڕێبەر سەردەکەوێت یا بە ڕێبەر، دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بابەتەی کە لە سەرەتا باسم کرد کە هەر شۆڕشێک تایبەمەندیی خۆی هەیە ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە، شۆڕشی ژین ژیان ئازادی دەتوانێت تێکەڵاوێک لە هەر دووکیان بێت، بەڵام لە سەر ئەوەی کە لە کوردستان ڕوو دەدات پێداویستی بە هەبوونی ڕێبەرایەتی زیاتر بەرچاوە، چونکە ئێمە زیاتر لە شۆڕش تەنیا بۆ ڕووخاندن پێویستیمان لە شۆڕش بۆ ڕووخاندن و بونیادنان هەیە کە بتوانێ خەباتی ڕەوای کوردستان بە ئاکام بگەینێ، کە تەنانەت تەنیا ئازادی نا بەڵکوو لە هەمان کاتدا هەندێک گۆڕانکاری جیدی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی سیاسەتی داگیرکەرانە بە سەر کۆمەڵگەکەماندا سەپاوە نەمێنێ وکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دێموکراتیک بەدی بهێنێ، ئەوە تەنیا بە ویستی کۆمەڵانی خەڵک مومکین نابیندرێت بەڵکوو بە ویست و خەباتی خەڵک و ڕێبەرایەتیەکی خاوەن بەرنامە باشتر مومکین دەبیندرێت. هەر بۆیەش ئەوەی لە کوردستان لە چوارچێوەی حیزبی سیاسی کە هەیە و لەنێو خەڵکیش پێگەی هەیە توانیویەتی جیاوازییەکی قوڵ لەگەڵ ناوچەکانی دیکە درووست بکات بە دەوڵەمەندییەکی بەهێز ببیندرێت و لە ئەگەری باشتر بە ئەرکی خۆی هەڵستانی ئەو ڕیبەرایەتییە و حیزبەکان گەرەنتیی زیاتر بۆ هەبوونی داهاتوویەکی جیاواز بە مانا باشەکەی هەیە.

# ڕاپەڕینی نوێ بەرهەمی کولتووری فیداکاریی پێشمەرگەیە

**٢ی بەفرانباری ٢٧٢٢**

ساڵانێکی زۆرە ڕۆڵە ئازا و زاناکانی گەلی کورد لەپێناو خزمەتکردن بە نیشتمان و ئازادیی گەلدا خەبات دەکەن و گیان دەبەخشن. کۆماری کوردستان کە یەک لە بەرهەمەکانی خەباتی ڕۆڵە ئازا و زاناکانی نیشتمان بوو، ناوی ئەو هێزە لەبڕاننەهاتووەی «پێشمەرگە» دانا و لەو کاتەوە پێشمەرگە و خەبات بۆ ئازادی، پێشمەرگە و بەرگری لە نیشتمان، پێشمەرگە و کوردستان وەها ئاوێتەی یەکتری بوون کە جیاکردنەوەیان کردەنی نییە و تا کات دەڕوات ئەو ئاوێتەبوونە زیاتر و پتریش دەبێت.

دوژمن هەموو هەوڵی ئەوە بووە پێشمەرگە تەنیا وەک هێزێکی چەکدار پێشان بدات و چەکداری و توندتیژی وەک پێناسەی ئەو هێزە وێنا بکات تا پڕۆپاگەندەی خۆی لەمەڕ شەڕخوازبوون و دژەیاسابوونی بسەلمێنێت. بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی دوژمن کە دەیهەوێ چەک بکاتە پێناسەی پێشمەرگە، لەنێو گەلدا تێڕوانینێکی دیکە بۆ پێشمەرگە هەبووە و هەیە.

تێڕوانینی گەل بۆ پێشمەرگە بەر لە هەموو شتێک کەسایەتیی ڕووناکبیریەتی، چونکە پێشمەرگە تاکێکە کە هەست بە هەلومەرجی نەتەوەکەی دەکات و لە خوێندنەوەی پێشمەرگەدا نەتەوەکەی ژێردەستەیە و ستەمی لێ کراوە و بە بەردەوامیی ستەمیش وێڕای ئەوەی خاکەکەی داگیر کراوە گەل و ناسنامەی ئەو

گەلـەش بـەرەوڕووی ژنوسـاید بۆتـەوە.
تێڕوانینـی گـەل بـۆ پێشـمەرگە ئەوەیـە کـە پێشـمەرگە تەنیـا هەسـت بـە مەینەتییەکانـی نەتـەوەی نـاکات، بەڵکـوو بـە کـردەوەش ئامادەیـە بـۆ سـڕینەوەی ئـەو مەینەتییانـە خزمـەت بـە گـەل و نیشـتمان بـکات، واتـە تەنیـا هەسـتکردن و هاوسـۆزیکردن ناتوانـێ یارمەتیـدەر بـێ بەڵکـوو لـە هەمانکاتـدا پێویسـتە بـە کـردەوەش بەشـداری خەباتەکـە بکـەی. هـەر ئـەو پڕاگماتیسـت بوونەیـە کـە پێشـمەرگەیە جیـاواز دەکاتەوە لـە تاکەکانی دیکـەی گـەل کـە هەسـت بـە دۆخـی ژێردەسـتەیی نەتەوەکەیـان دەکـەن، بـەڵام بوێـری یـا دەرفەتـی بەشـداری لـە خەباتـی بەکردەوەیـان لـە پێنـاوی نیشـتماندا نییـە.
تێڕوانینـی گـەل بـۆ پێشـمەرگە ئەوەیـە وێـڕای ئـەوەی هەسـت بـە مەینەتییەکانـی گـەل و خـاک دەکات و بـە کردەوەیـش خەباتـی بـۆ دەکات، بـەڵام لـە پـەروەردە و بارهێنانـی خۆیشـیدا وەک تاکێکـی ڕووناکبیـری کۆمەڵگـە بـۆ ئـەوەی بتوانـێ ئـەو ئەرکـەی خـۆی بەباشـی و زانایـی بەجـێ بگەیەنـێ بـێ ئـاگا نییـە، بەڵکـوو هەمـوو هەوڵێـک دەدات و لـە هـەر دەرفەتێـک کـە بـۆی بلـوێ و تەنانـەت هەندێـک جـار لـە دۆخێکـی زۆر نالەباریشـدا، لـە پێگەیاندنـی خـۆی خافـڵ نییـە. خۆتەیارکردنـی بـە چەکـی زانسـتیش بـۆ ئەوەیـە باشـتر بتوانـێ زانسـتی نیشـتمانپەروەری لـە نێـو گەلـدا پـەرە پـێ بـدات.
تێڕوانینـی گـەل بـۆ پێشـمەرگە بـەر لـە چەکـدار بـوون و ئازایەتییەکـەی بیرکردنـەوەی مرۆڤدۆسـتانە و هەسـتی ناسـکی پێشـمەرگەیە کـە مێهرەبانییەکـی بێوێنـەی هەیـە و تەنانـەت لـە شەڕیشـدا ئـەو هەسـت و بیـرە مرۆڤدۆسـتانەی لـە دەسـت نـادات و بەڵکـوو بـە پەیـڕەوی لـە هەمـوو یاسـا و ڕێسـایەکی مرۆڤایەتـی و شـەڕ، درێـژە بـە خەباتـی خـۆی لـە بەرانبـەر دوژمنـە دڕنـدە و بێبەزەیـی و دور لـە هـەر جـۆرە پڕەنسـیپێکی مرۆڤانـە دەدا.

تێڕوانینـی گـەل بـۆ پێشـمەرگە ئازایەتیـی بێوێنـە و فیداکاریـی هەمیشـەییە کـە وایکـردوە ئـەو ڕۆڵـە نەبـەزە تەنیـا بـە چەکـی بـاوەڕی خـۆی لـە بەرانبـەر دوژمنێکـی پـڕ لـە چەکـدا ڕابوەسـتێت و سـەرکەوتنیش بـە دەسـت بێنـێ و بـە ئیـرادەی بەرخـودان و بەرگـری بـەردەوام وەبیـر گـەل بێنێتـەوە کـە ئێمـە دەتوانیـن، ئێمـە بەهێزیـن، ئێمـە شـایانی ژیانـی ئازادیـن و ئێمـە کەمـتر نیـن لـە هیـچ گەلێکـی ئـازادی دیکـە لـە سـەر ئـەو گـۆی زەوییـە. لێرەدایـە بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی دەیانهـەوێ کـە تەنیـا چـەک وەک پێناسـەی پێشـمەرگە نیشـان بـدەن، پێشـمەرگە وەک تاکێـک کـە هەسـتی بـە دۆخـی نەتـەوەی کـردووە و، ئامادەیـە لەپێنـاو سـڕینەوەی ئـەو نەهامەتییانـەدا بـە فیـداکاری هەتـا شـەهیدبوونی خەبـات بـکات و بـۆ پێگەیاندنـی خـۆی لـە هـەر دەرفەتێـک کەڵـک وەربگـرێ و مرۆڤدۆسـت بـێ لەنێـو گەلەکەشـی زۆر زۆر خۆشەویسـتە.

لەگـەڵ هەمـووی ئەوانـەدا پێشـمەرگە وانـەی فیـداکاری و نیشـتمانپەروەری لـە نێـو گەلـدا بـڵاو دەکاتـەوە، ئەگـەر لەنێـو گەلـدا ئەو تاکانـەی کە شـەڕەفی پێشمەرگایەتیشـان نەبووبـێ بـە بەرجەسـتەکردنی ئـەو تایبەتمەندییانـە لـە خۆیـدا هـاوکار و هاوخەباتـی و پشـتیوانی پێشـمەرگە دەبـێ کـە دەتوانـێ ئەرکـی پێشـمەرگە ئاسـانتر، ئازادیـی گـەل و خاکیـش ئاسـانتر مسـۆگەر بـکات. هەربۆیەشـە ئەمـڕۆ لـە شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئازادیـدا کـە دەبینیـن کوردسـتان یەکپارچـە شـۆڕش و فیـداکاری و خەباتـە یەکێـک لـە هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ وانـەی فیـداکاری و نیشـتمانپەروەری پێشـمەرگە لەنێـو گەلـدا. لـەو سـۆنگەیەوەش پێشـمەرگە بـە هەمـوو ئەوانـەی لـەو شۆڕشـەدا بەشـداری چالاکـن، پێیـان دەڵـێ پێشـمەرگە و بـە هاوخەباتـی خـۆی دەزانـێ.
شۆڕشـی ژن ژیـان ئـازادی سـەلماندی کە کولتـووری فیداکاریی پێشـمەرگە بـۆ خزمەتکردن بـە نیشـتمان لەنێـو گەلـدا ڕەگـی داکوتـاوە هـەر تاکێـک بـە هـەر شـێوەیەکی کـە بـۆی دەکـرێ خزمەتـی گـەل و خەباتەکـەی بـکات، هاوشـانی پێشـمەرگەی خەباتـکاری ئـەو گەلەیـە. بـەو پـەڕی دڵنیاییـەوە بێتـوو کولتـووری فیداکاریـی پێشـمەرگە لەنێـو زۆربـەی تاکەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردەواری بەرجەسـتە بـێ، ئەوەنـدە بەهێـز دەبیـن کـە بتوانیـن گەورەتریـن زۆرداری مێـژووی مرۆڤایەتـی بشـکێنین و ئازادیـی یەکجاریـی خۆمـان وەدەسـت بێنیـن.

# بۆچی کوردستان کۆڵ نادا؟

**١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٢**

«کوردستان کۆڵ نادا» زیاتر لە هەشتەگێکی ئەم ڕۆژانەی دونیای مەجازی، هەڵگری ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، واتە کۆڵنەدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو سەدان ساڵە بە بەژن و باڵای کوردستان براوە. دوای سەد ڕۆژ لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادییش دەبینین کوردستان سەرچاوەی سەرەکیی ترسی ڕێژیمە و چین و توێژی جیاجیا هەر بە هەمان هەستی یەکەم ڕۆژەوە بە گوڕ و تینن بۆ بەردەوامیی شۆڕش.
زێدەڕۆیی نییە بگوترێ کەم نەتەوە لە دونیادا هەیە بە قەت نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ژێنوسایدی فیزیکی و فیکری و هەروەها سەدان جۆری دژایەتی و سیاسەتی چەپەڵی لەنێوبردنی هەمە جۆرە بووبێتەوە و، دیسان وەک گڕکانی چالاک بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بە دم چاوی داگیرکەردا بتەقێتەوە و ئەو ترسەی بەردەوام لە دڵ و مێشکی دوژمندا دروست کردبێت کە کورد لە پێناو دەستەبەری مافەکانیدا کوڵ نادات.
ئێستاش ئەو گڕکانەی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئامادەیە بۆ ئەوەی بە تەقینەوەیەکی دیکە، شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە قوناغێکەوە بەرەو قوناغێکی دیکە ببات. بەڵام چی وای کردووە کە کوردستان کوڵ نەدات؟ گەلێک فاکتەری مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی، ڕۆشنبیری هەن کە هەر کام لەوان لە بەستێنی جیاوازدا کاریگەریی یەکجار زۆریان هەیە و باس و لێکۆڵینەوەی ئەو فاکتانەش یەکێک لە پێداویستیەکانی ناسینی کوردستان و خەباتە ڕەواکەیین، هەروەها

پێداویستیی دانانی پلان و بەرنامەش بۆ داهاتووی کوردستانن.
یەکێک لەو سەدان فاکتانەی کە هەن و لەو بابەتەدا سەرنجی خوێنەری بۆ ڕادەکێشێن، هەڵسوکەوتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە لە سەد ڕۆژی ڕابردوودا کە یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی شۆڕش و بەڵگە بۆ ئەوەیە کە «کوردستان کوڵ نادات». کاتێک ڕێژیم لاوێکی ڕاپەڕیو یا هەر لاوێکی دیکەی کوردستان دەکاتە ئامانج، یەکەمین ئامانجی نەهێشتنی پوتانسیلی بەرخودان و بەرەوڕووبوونەوەی ڕێژیمە، دووەم دەیهەوێ ترس و توقاندن کە تایبەتمەندییەکانی هەر دیکتاتورێکە لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو بکاتەوە کە ئەوە سەرئەنجامی ئەوانە کە ڕادەپەڕن و بە شێوەیە دەبنە هۆکارێک بۆ ئەوەی پێش لە چەکی گەرمی ڕێژیم، یەکێک لە چەکە نەرمەکانی واتە ترس و توقاندن کۆمەڵگاو شۆڕش بکاتە ئامانج. بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو و بە تایبەتی سەد ڕۆژی ڕابردووی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هیچ کات بە لەدەستدانی ئازیزانیان کە ئازارێکی یەکجار زۆرشیان هەبووە ورەیان نەڕووخاوە، بەڵکوو هەر یەک لەو بنەماڵانەی سەربەرزی شەهیدان بوونەتە کانیاوی ورە بۆ هەموو کۆمەڵگە و لەو کانیاوانەش ڕووباری بەخوڕ هەڵستاون کە بوونەتە شەپۆلی ڕقی پیرۆز بەرانبەر دوژمن و بوونەتە هێزی بەردەوامیی شۆڕش.
لەو ماوەی ڕابردوو ئەو بابەتە کە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە کوردستان دیتومانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێن کە ئەوان بە ورەی بەرزی کە هەیانە، بە هەستی شۆڕشگێڕانە و خۆڕاگری کە هەیانە، لە بەرانبەر ئەو چەکەی دیکتاتورەکان کە دەیانهەوێ ترس و توقاندن دروست بکەن وەک قەڵغانێکی بەهێز ڕاوەستاون و توانیویانە ببنە سەرمەشقی شۆڕش و شۆڕشگێڕان بۆ بەردەوامیدان بە شۆڕش؛ ئەوان ترس دەڕەوێنن و تۆوی ئازایەتی و هیوا و ورە دەچێنن.

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نەک ورەیان بەر نەداوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بە وتار و کرداریان هەوڵ دەدەن ببنە هیوایەک بۆ گەلی زامدار، هەر یەک لەو وشانەی کە بە کاری دەهێنن، لەسەر قەبران، لە کۆڕی هاودەردی و هاوخەمیی خەڵکدا، هەڵێنجراوی مێژووی سەدان ساڵەی کوردن، کە بە بیستنیان دەتوانی تابلوی قارەمانی و حەماسەی مێژووی کورد ببینیەوە، تەنانەت هەستی ئەوە کە بۆچی کورد و کوردستان کوڵ نادات بۆت دەردەکەوێ، جا ئەگەر «جەرگی کون کونی» بنەماڵەی سەربەرزی شەهید ئاوا بێت، کەواتە چۆن گەل چۆن خۆڕاگر و بەردەوامیپێدەری ڕێبازی ئەو شەهیدانە نابێت!

ئـەو ڕاسـتییە تەنیـا لەنێـو کەسـانی گـەورەی بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدان نـا بەڵکـوو تەنانـەت لـە ڕامانـی منداڵانـی بچووکـی شەهیدانیشـدا دەبینـدرێ؛ ڕامانێـک کـە خۆڕاگـرە، ڕامانێـک کـە هیوایەکـی مـەزن لەنێـو گەلـدا دروسـت دەکات. شـەهید ڕێبـازی بەردەوامـە و، بەردەوامیـی ڕێبـازی شـەهیدیش بەردەوامیـی شـۆڕش هەتـا سـەرکەوتنی لـێ دەکەوێتـەوە.

بـەدەر لـە هەمـوو ئـەو بەرنامـە سیاسـییانەی کـە لەلایـەن هێـز و لایەنـە سیاسـیەکاندا هەیـە، جیـا لـە هەمـوو ئاجێندایـەک کـە هـەر هێزێکـی دیکـە بـە نیسـبەت کوردسـتان هەیەتـی، ئـەو ڕاسـتییەی کـە کوردسـتان کـوڵ نـادات زیاتـر لـە هەمـوو بابەتێـک خـۆی دەنوێنــێ، ئــەو کوڵنەدانــە کــە بەرهەمــی خۆڕاگــری و قارەمانەتیــی ئیــرادەی بــەرزی کۆمەڵگـەی کـوردی و بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدانە، زیاتـر لـەوەش ئاکامـی ئـەو کوڵنەدانـە تەنیـا ئامانـج و تاکـە ئاکامـی ئـەو کوڵنەدانـە، ئازادیـی کـورد و کوردسـتانە.

# لە کۆماری کوردستانەوە بۆ کۆماری ژن ژیان ئازادی

**ای ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

دوای ٧٨ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئێستاش بیر و بەها نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان لە بیر و هزری تاک کۆمەڵگەی کوردیدا زیندوەو ڕێ‌نیشاندەرە. کاتێک کە ڕێژیمی پەهلەوی لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شار هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدار بوون بە کۆماری کۆردستانی دەسوتاند و خەڵکی لە زیندان دەکرد و ڕێبەرانی کۆماری لەسێدارە دەدا بۆ ئەوەی بیری کوردایەتی بسڕێتەوە، هیچکات بیری لەوە نەدەکردەوە کە بۆ خۆی نامێنێ و مەحکوومە بە نەمان، بەڵام هزری کۆمار دوای ٧٨ ساڵ هەر لە پەرەسەندندا دەبێت و لاوانی وڵات دروشمی ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین و نابەزین لە شەقامەکان دەڵێنەوە.

یەکەم لەم بابەتەنەی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە کۆماری کوردستان لە بیری کوردان هەر زیندوە دروشمی ژن ژیان ئازادییە. زۆر تاک و لایەن ویستویانە بە دەست‌بەسەرداگرتنی دروشمی ژن ژیان ئازادیی خەڵک، خۆیان بە شۆڕشەوە هەڵواسن، بەڵام بە خوێندنەوەی گۆڤاری نیشتمان بیری کۆمەڵەی ژێکاف و هەروەها هەموو هەوڵەکانی کۆماری کوردستان بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوکات بەردەوامی ئەو سیاسەتە وەک بەشێکی دانەبڕاوی حیزبی دێموکرات بە درێژای ساڵانی ڕابردوو شایەدی دەدەن کە دروشمی ژن ژیان ئازادی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵکی و کورد و خەباتە ڕەواکەی و کۆماری کوردستان بۆ گەیشتن بە ئازادییە.

ئەوکاتەی کە لە گۆڤاری «نیشتمان» شێعری کاک دەنوسرا، کە «یای کوبرا» لە

ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وتاری دەدا، ئەوکاتەی کە یەکیەتیی ژنان بە فەرمانی سەرۆککۆمار پێشەوا دادەمەزرا، ئەو کاتەی بڕیار دەدرا کە دەبێ کچان بچنە قوتابخانە، ئەوکاتەی یەکسانی دەبوو بە پرەنسیپی خەبات و لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتدا دەچەسپا، ئەوکاتەی پێشمەرگەی ژن هاوشانی پێشمەرگەی پیاو خەباتی دەکرد، ئەو کاتەی دەورەی ٢٥٠ی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەموو ژن بوون، بناغەی دروشمی ژن ژیان ئازادی دانرا. جێگای سەرسوڕمان نیە ئەمڕۆ ژنان پێشەنگن و بۆ پێشەنگایەتییان لە کۆماری کوردستانەوە خەبات دەکرێ، جێگای سەرسوڕمان نییە کە باوکی شەهید لەسەر گۆڕی جگەرگۆشەکەی هاوار دەکا زۆر پیاو بوون نا، زۆر ژن بوون هونەرە. هەربۆیەش تا ئەوکاتەی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان وەک ئەستێرەی درەوشاوەی خەباتی کورد و کۆمەڵگەی وشیاری ڕۆژهەڵات هەبێ کەس مافی خۆبەخاوەنکردنی ئەو دروشمەی کە لە کوردستانی کۆماردا سەری هەڵدا نییە.

دووهەم بابەت کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە کۆماری کوردستانەوە دەبەستێتەوە هەبوونی کولتووری فیداکاری بۆ خاک و نیشتمانە، کە پێش کۆماریش هەبوو بە فیداکاریی پێشەوا بووە سیمبولی ژیانی کوردان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی، زیادتر لە سەد شەهید، هەزاران بریندار و هەزاران گیراو بێئەوەی چرکەیەک لە خەبات بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە سڵ بکەنەوە، وانەی پێشەوای نەمر بوون بۆ کوردان کە دەبینین لە لاواندا بەرجەستەیە و بۆ هەمیشەش تا ئەوکاتەی کوردستان هەیە و خەبات بۆ ئازادی هەیە بەردەوام دەبێت.

سێیەم بابەتی کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە کۆماری کوردستانەوە دەبەستێتەوە هاواری خەڵک بۆ بەهاناهاتنی پێشمەرگە ئەو نرخەی کە لە کۆماری کوردستان داهێنراوە دەبیندرێت. لە کاتێک شارەکان ئازاد دەکران و زەبروزەنگی ڕێژیم لە ڕووی ترسەکەی زۆر و زۆرتر دەبوو، بەپێچەوانەی خەڵکی شوێنی تر کە هیوای بەهاناهاتنی وڵاتانی دیکەیان دەکرد، لە کوردستان خەڵک هاواری خۆی بۆ پێشمەرگە دەهێنا و باوەڕی وابوو کە پێشمەرگە دەتوانێ ئەوان بپارێزێ، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی ژمارە و و چەک و ئیمکاناتیش لاوازتر لە هێزی زەبروزەنگی ڕێژیمیش بێت، ئەو باوەڕە پیرۆزە کە خەڵک هەیەتی لە کۆماری کوردستانەوە تا بە ئەمڕۆ لەنێو خەڵکدا هەیە و پێشمەرگە بە باسکی بەهێزی خۆی دەزانێ و هاواری خۆی بۆ دەبات و وەک شاخ بە پشتیوانی نەتەوەی کورد دەیبینێ.

چوارەم بابەت بۆ دەرکەوتنی گەوهەری ناسیونالیزمی کوردایەتی کە ئاشتیخوازە و برایەتیی گەلانی پێ دروستە دەگەڕێتەوە، هەر چۆن لە کۆماری کوردستان هەوڵی

هەوڵی یەکیەتی و برایەتیی دو گەلی کورد و ئازەربایجان وەک سیاسەتێکی سەرەکی کاری بۆ دەکرا، لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئەو پەیامە وەک بەشێکی دانەبڕاوی شۆڕش لە کوردستانەوە بۆ هەموو ئێران درا، دیتمان دروشمی «بژی ئازەربایجان، یاشاسین کوردستان» هەڵدەدران و جارێکی دیکە گەوهەری ئاشتیخوازبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ هەموو لایەک وەدەرکەوت.

پێنجەمین خاڵ دەتوانم ئاماژە بەرجەستەکردنی هەموو ئەو هێمایانەی کە لە کوماری کوردستانەوە بۆ کورد بە میرات ماونەتەوە، لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بەزەقی دەبیندران بکەم، هەڵگرانی دروشمی ئێمە ڕۆڵەی کۆمار و پێشەواین تەنیا ئەو بابەتەیان وەک دروشم نەدەگوتەوە بەڵکوو وەک باوەڕ کە لە هزری تاکی کورد چەسپاوە و ئەگەر هەفتا و هەشتساڵیش دەرباز بێ هەر خۆی بە لاوی کۆمار دەزانێ هەر چۆن پێشەوای نەمر لە وتاری ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا گوتی کورد قەت نەوەستاوە لە خەبات و کۆماریش درێژەی ئەو خەباتەی کوردە، کورد ئەمڕۆ لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی نەوەستاوە و بەڵکوو ئەوەی ئەمڕۆش دەیکات بە بەردەوامیی هزری کۆمار دەزانێ.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە شەهید «کۆمار دەرئوفتادە» دەکەم کە پێش شەهیدبوونی نووسیبوی ئازادیتان خۆش بوێ، باوکی لە سەر گۆڕی خۆشەویستی ئازادی گوتی لە «٢٥ گەلاوێژ» لەدایک بووە. ئەو باوکە نیشتمانپەروەرە چونکە ڕۆڵەکەی لە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکرات لەدایک ببوو، ناوی کۆڕەکەی نابوو کۆمار، ئەو کۆمارەی کە ئازادیی خۆش دەویست و لە پێناویدا شەهید بوو، ئەو کۆمارەی بە ناوی کۆماری کوردستان کرا، دوژمنانی کۆمار ئەوکات و ئێستاش مەحکوومن بە نەمان، کۆماری کوردستان و کۆماری شەهیدیش بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکە ئەوان سیمبولی ژن ژیان ئازادی نەتەوەی کوردن.

# ڕوو لە کوردستان بۆ بەهێزبوون لە تاران

**٢ی رەشەمەی ٢٧٢٢**

لـە تـەواوی مێـژووی کـورد هـەر لـە مادەکانـەوە تـا شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئـازادی، زۆر بەدەگمـەن دەبیندرێـت کـە ئێمـە هێرشـمان کردبێتە سـەر دراوسـێ، یـا چەوسـاندنەوەی ئـەوی دیکەمـان لـە سیاسـەت حوکمڕانییەکانمانـدا هەبێـت. بەتایبەتـی لـە مێـژووی هاوچـەرخ کـە بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیک چەوسـێندراوین، نـەک دژەکـردەوەی وەک ئەوانمـان نەبـووە، بەڵکـوو ئاشـتیخوازی و برایەتـی لەبیـر و گوتـار و کردەوەکانمـان بـۆ یـەک چرکـەش لەبیـر نەکـراوە، تەنانـەت بەرگـری ڕەواش بـە شـێوەیەک کـە زیانـی بـە ئێمـە گەیاندبـێ نەمانکـردووە.
بـا نموونەیەکـی دیکـە بێنمـەوە، لـە تـەواوی ئـەو سـاڵانەی ڕۆڵەکانمـان بـە شـێوازی جیـاواز ئامانجـی گوللـە و زینـدان و ئەشـکەنجە و چەوسـاندنەوەن، تەنانـەت بـە دەگمـەن خوێـن لـە لوتـی یـەک ئەندامـی بنەماڵـەی دەسـەڵاتداری ڕێژیـم لـە کوردسـتان نەهاتـووە. لـە ئاسـتی ئۆپۆزیسـیۆنی دەرەوەی فـارس کـە هەمیشـە فەڕشـێکی سـووری بـە درێـژای شـەقاممان ڕاخسـتوە بۆیـان و ئامـادەی گفتوگـۆ و دیالـۆگ بوویـن، لـە هەمـوو هەوڵێـک بـۆ یەکیەتـی و هاودەنگـی بـە کەمکردنـەوەی داواکانمـان پێشـوازیمان لـێ کـردوون، تەنانـەت ئەوەنـدە ئاشـتیخوازین کـە ئامـادەی دانیشـتن و دیالـۆگ لەگـەڵ قاتڵـی ڕێبەرانمـان هەیـن.
لـە ئاکامـی ئـەو هەمـوو ئاشـتیخوازی و هەوڵـە بـۆ برایەتـی و بەرابـەری ژمـارەی ئـەو کـەس و لایەنانـەی کـە بڕوایـان بـە مافـی کـورد هەیـە یـا دانیـان بـە لانیکەمـی مافەکانمـان هێنابـێ لـە ژمـارەی یـەک یـا زۆر خۆشـبین بیـن لـە ژمـارەی قامکەکانـی

دوو دەست تێپەڕ نابێ. واتە دوای ٢٥٠٠ ساڵ ئاشتیخوازی تا فارسێک دەبینین بڵێ کە کورد نەتەوەن و مافی خۆیانە، قیڕی ڕەش سپی دەبێ. سەیرتر لەوە ئەوەیە کە کورد بەو حاڵە، تا بە ئێستاش لە دوایین هەستانەوەی ناوداری ژن، ژیان، ئازادیشدا بەشێکی بەرچاوی کورد و دینامیزمەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی لەو هەوڵانەی خۆی دەستی هەڵنەگرتووە و باوەڕی تەواوی هەیە کە دەبێ هەر لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوام بێت.
بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە تا کەی؟ تا کەی ئێمەی کورد لاوازی نەتەوەکانی دیکە بەهێز بکەین و بۆ ئەوەی دوبارە ستەمان لێ بکەن؟ تا کەی داخوازە ڕەواکانمان بکەینە قوربانی یەکیەتییەک کە هیچ کات باوەڕیان پێمان نەبووە و ناشبێت. بۆ بە کەمترین هەنگاوی ئەوان ڕوو بە خۆمان شاگەشکە دەبین، بەڵام بە گەورەترین هەنگاوی خۆمان بەرانبەر ئەوان کە بێئاکام دەمێنێتەوە بێهیوا نابین. بەتایبەتی ئەگەر دەبینین هێزی کۆمەڵگەی کوردی و دینامیزمەکانی لە بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆنی فارسی قات بە قات بەهێزترە.
بۆیە کاتی ئەوە هاتوو ڕێگەیەکی جیاواز بگرینە بەر، ئەو ڕێگەیەش ئەوەیە ڕوو لە کوردستان بکەین و خۆمان لە کوردستان بەهێز و بەهێزتر بکەین تا بتوانین بەو هێزەی خۆمان ئەوان ناچار بکەین. چونکە بەبێ ناچارکردنی ئەوان مومکین نییە کە بە لانیکەمی داخوازەکانمان ڕازی بن. بێگومان هەر دەبێ دەرگامان کراوە بێ بۆ گفتوگۆ، بەڵام نابێ ئێمە لەبەر دەرگای خەڵک بپاڕێینەوە، تا دەرگامان لێ دەکەنەوە. هەموو هێز و وزەی خۆمان بۆ یەکیەتی و یەکدەنگی کورد بە کاربێنین ئەو کات وزەمان ڕوو لە تاران زیادتر دەبێ و دەستکەوتی زیادتریشمان دەبێ. بە شەو و ڕۆژ بۆ کوردستان بدوێین لە لوڕستانەوە تا خۆی بکەینە بەردەنگی خۆمان، بەوەش ماندوو نەبین و هەر بەردەوام بین. چونکە سێ بەردەنگی کورد بەهێزترە لەو تریبوونەی کە بە فێڵ و بە مەبەستی تایبەت تەنیا بۆ چەند خولەک وەک خێر بە ئێمەی دەدەن.
بە کورتی و کوردی ڕوومان لە کوردستان بێ، چونکە لە کوردستان بەهێز بین لە تاران هەین، ئەگەر نا بە هیوای تاران بین هەر بێ کوردستان دەمێنینەوە، تەنانەت ئەگەر مەبەستمان دەستکەوتی کورت ماوە و زۆر کەمیش بێ بە بەهێزی کوردستان بەدی دێ و بەپێچەوانەی نا مومکینە.

# سیاسەتی گەل و نیشتمان‌تەوەر

**١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢**

هەر ڕێکخراوێکی دیاریکراو سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەماکانی جیاواز دیاری دەکات، ئەو بنەمایانە دەکرێ بنەمای ئایدۆلۆژییەکی باو یا بەرژەوەندییەکانی تاک و تاقم یا بەگوێرەی بەرژەوەندی گشتی لەوانە گەل و نیشتمان بێت.
هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتە و لێکەوتەکانی ئەوەمان بۆ دەر دەخەن کە ئەو سیاسەتە تا چەند توانیویەتی خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات. چونکە هەموو لایەک پێی وایە لەو ڕاستایەدا واتە خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان کار دەکات، بەڵام لێکەوتەکانی سیاسەتن دەری دەخەن کە ئەو بانگەشەیە ڕاستە یا نا. بێگومان لە کۆتاییشدا هەر ئەو هێز و ڕێکخراوانە دەتوانن پێگەی جەماوەریی خۆیان و سەرکەوتنیان بە بەردەوامی مسۆگەر بکەن کە سیاسەتەکانیان لە پێناو گەل و نیشتمان بووە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەم ڕێکخراوی مودێرنی کوردی و مێژوویەکی درێژ لە خەباتی سیاسی و ئەزموونێکی زۆر لە بەڕێوەبەری شایەنی لێکۆلینەوەیە بۆ ئەوەی هەڵسانگاندنێک بکرێت کە تا چەند سیاسەتەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتی گەل و نیشتمان‌تەوەریدا جێ دەگرێ، بێگومان لێرەدا ئامانج نەدیتینی کەموکوڕییەکان یا گشتاندنی سیاسەتە ئەرێنییەکان بە سەر هەموو قوناغەکاندا نییە. هەروەها هەڵسەنگاندنی هەموو مێژووی حیزب لە توانای ئەو کورتەنووسینەدا نییە، بەڵام ئەوەی لەو بابەتەدا ئاماژەی دەدرێتێ پەیوەندیدارە بە سێ قوناغی دامەزران، ئاشکرابوونی خەباتی حیزب دوای سەرکەوتنی شۆڕشی

گەلانـی ئێـران و هەروەهـا هەڵوێسـتە فەرمییەکانـی حیـزب لـە ئێسـتادا لـە پێنـاو پێکهینانـی ئالتێرناتیڤـی کۆمـاری ئیسـلامی دوای شۆڕشـی ژن ژیـان ئـازادی.
لـە قوناغـی دامەزراندنـی حیـزب کـە دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتانی لـێ کەوتـەوە لـە هەمـوو قوناغەکانـدا سیاسـەتی حیـزب لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی گـەل و نیشـتمانتەوەرییە. بـۆ نموونـە پێشـەوا قـازی محەممـەد ویسـت و داوای باقـرۆف، سـەرۆککۆماری ئازەربایجـان ڕەت دەکاتـەوە کـە کۆمـاری کوردسـتان بەشـێک بێـت لـە ئازەربایجـان. یـان دەبینیـن کـە هەمـوو هەوڵـەکان و بڕیارەکانـی ئەوکاتـی کۆمـاری کوردسـتان لـە پێنـاو بوژانـەوەی کۆمەڵگـەی کـوردی و ئـازادی کوردسـتان تـا گیانبەختکردنـی سـەرۆک کۆمـاری کوردسـتان لـە پێنـاو پاراسـتنی خەڵـک، لـە هـەر هەموویانـدا سیاسـەتی حیـزب لەسـەر بنەمـای پاراسـتنی گـەل و خاکە. هـەر ئـەوەش وای کـردوە کۆمـاری کوردسـتان و پێشـەوای نەمـر لـە مێـژووی کـورددا شـوێنێکی وا دەسـتەبەر بکـەن کـە نـەک فەراموشـکردنی ئاسـان نەبێـت، بگـرە تەنانـەت هـەروا ئیلهامبەخـش بمێنێتـەوە.
قوناغـی دووەم پەیوەنـدی بـە ئاشـکراکردنی خەباتـی حیـزب دوای ماوەیەکـی زۆر لـە دوای کۆمـاری کوردسـتان کـە توانیبـووی بەردەوامـی بـە چالاکیـی خـۆی بـدات، هەیـە. لـە هەلومەرجێکـدا لـە دونیـای گەرمـی سیاسـەتی ئـەوکات بەئاشـکرا و نهینـی کاراکتەرەکانـی سیاسـەت سـەر بـەم جەمسـەر و ئـەو جەمسـەر یـا سـەر بـەم ئایدۆلۆژیایـە و ئایدۆلۆژیایەکـی دژ بـوون، دوکتـور عەبدولڕەحـمان قاسـملوو لـە دیدارێکـی مێژوویـی سـەدان هـەزار کەسـیی خەڵـک کـە لـە هەمـوو کوردسـتانەوە هاتبوونـە مەهابـاد، بەئاشـکرا گـوت کـورد بـۆ خـۆی چارەنووسـی خۆیـا دیـاری دەکات و موسـکۆ، واشـینگتۆن، تـاران یـا بەغـدا بڕیـار لـە چارەنووسـی کـورد نـادەن. ئـەو وێژمانـە بـۆ چەپـەکان تابـو بـوو کـە باسـی مۆسـکو بکـرێ، هەروەهـا بـۆ ئەوانـەی خۆیـان بـە ناوەنـد دەبەسـتەوە، بـەڵام بـۆ هێزێکـی گـەورەی خەڵکـی وەک حیزبـی دێموکـرات زۆر ڕوون و ئاشـکرا بـوو کـە پێویسـتە سیاسـەت لەپێنـاو ئـەوەی کـورد بـۆ خـۆی بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی بـدات بکـرێ.
لـە قوناغـی ئێستاشـدا کـە دەبینیـن دوای شۆڕشـی ژن ژیـان ئـازادی کـە کـورد بـۆ هەڵگیرسـان و پەرەسـەندنەکەی تێچوویەکـی یەکجـار زۆری داوە و، هەنـدێ هێـز و لایـەن بـە هەمـوو شـێوەیەک دەیانـەوێ بـەر لـە هـەر بابەتێـک بـە بیانـووی جیـاواز کـورد و ویسـتە ڕەواکانـی پەراوێـز بخـەن؛ ڕێـک لـەو کاتـەدا بەرپرسـی یەکەمـی حیزبـی دامەزرێنـەری کۆمـاری کوردسـتان لـە چاوپێکەوتنێکـدا هاوپەیمانـی لەگـەڵ لایەنێـک کـە پڕۆپاگەنـدەی زۆری بـۆ دەکـرێ بـە هـۆی ڕەچاونەکردنـی مافەکانـی کـورد ڕەت دەکاتـەوە. ئـەو بڕیـارەش پێـش هەمـووان لەلایـەن خەڵکـی کوردسـتانەوە و دواتـر

لـه لایـەن هـەر ئازادیخوازێـک بەگەرمـی پێشـوازیی لـێ دەکرێـت. بـەوەش جارێکـی دیکـە و نزیکـەی هەشـت دەیـە دوای دامـەزران و چـوار دەیـە پـاش ئـەوەی خەباتـی خـۆی بەئاشـکرا ڕاگەیانـدوە، هـەر بـەدوای ئـەوەدا دەڕوات کـە تەسـلیمی پڕوپاگەنـدە نەبێـت، بەڵکـوو لـە پێنـاو ویسـتەکانی گەلـدا سیاسـت بـکات و ئامانجـی سـەرەکی هـەر نیشـتمان بێـت.

سیاسـەتی گەلـی و نیشـتمانتەوەر دەتوانـێ پێگـەی تـاک و ڕێکخـراو بەهێـز و بەهێزتـر بـکات و هیـوای گەیشـتن بـە ئـازادی نەتـەوە و خـاک مسـۆگەر بـکات، سیاسـەتی گـەل و نیشــتمانتەوەر دەخــوازێ کــە کــورد لەســەر مافەکانــی ویســتە ڕەواکانــی پێداگــر بێــت، لــە ڕوانگەیەکــی واقیعگەرایانــە بڕوانەتــە بابەتــەکان بــە دوای بەرژەوەندیــی کورتمــاوە نەبێـت و لـە هەمووشـی گرینگـتر بـۆ کـورد بـە لـە بەرچـاو گرتنـی مێـژووە خوێناوییەکـەی و نیشـتمانە بندەسـتەکەی فریـو نەخـوات و ئازایانـە بەرگـری لـە گـەل و نیشـتمان لـە هەمـوو ئاسـتەکان و دەرفەتەکانـدا بـکات.

# جۆری سیستمی سیاسی و داهاتووی ئیران

**٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣**

لە بری پێشەکی

جـۆری سیسـتمی سیاسـی یەکێـک لـەو بابەتـە گرینگانـەی دونیـای سیاسـەت و زانسـتی سیاسـەتە کـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە ژیانـی تـاک و کۆمەڵگـە هەیـە، پسـپۆرانی زانسـتی سیاسـی لـەو بـوارەدا بـەردەوام کەڵـک لـە نمونـەی کۆریـای باکـور و باشـور وەردەگـرن، لـە وەڵامـی پرسـیاری بۆچـی خەڵکـی کۆریـای باکوور لـە هـەژاری و دۆخێکی زۆر خراپـدا دەژیـن دەگوتـرێ چونکـە کۆریـای باکوور خاوەنـی سیسـتمێکی دیکتاتورییە؟ بەپێچەوانەشـی کـە دەپرسـن چـۆن کۆریـای باشـوور توانـی ئـەو گەشەسـەندنە و پێشـکەوتنە بـە خۆیـەوە ببینـێ کـە خەڵکەکـەی بـەو شـێوەیە لـە خۆشـبژیوی و ئازادیـدا دەژیـت، دەگوتـرێ چونکـە جـۆری حومکڕانـی لـە کۆریـای باشـوور دێموکراسـی هەیـە. لێـرەدا ناچینـە سـەر ئـەو بابەتـە کـە بۆچـی لـەوێ دێموکراتیـک لـەوێ دیکتاتۆریـە کـە بابەتێکـی سـەرنج ڕاکێشـی لێکۆڵینـەوە ئابـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـە، بەڵکـوو تەنیـا بـە چاوخشـاندنێکی خێـرا بـاس لـە پۆلێنبەندیـی جـۆری سیسـتمی سیاسـی لـە زانسـتی سیاسـەتدا دەکەیـن و لـە کۆتاییـدا بـە لێکدانەوەیـەک لـە دۆخـی داخوازیارانـی نەهێشـتنی کۆمـاری ئیسـلامی و بونیادنانـی حکوومەتێکـی نـوێ بـاس لـە جـۆری سیسـتەمی داهاتـووی حکوومـەت لـە ئێرانـدا دەکەیـن.

پۆلێنبەندیی سیستمی سیاسی لە ئەرەستووڕا هەتا ئەمڕۆ

پۆلێنکردنـی سیسـتەمی سیاسـی و جۆرەکانـی حکوومـەت بەشـێکە لـەو لێکۆڵینـەوە

سیاسـییەی کـە لـە کۆنـەوە تـا ئێسـتا بـەردەوام بـووە. بەپێـی شـیکارییە جیاوازەکانـی جـۆری سیسـتمی سیاسـی، دەکرێـت بڕیـار بدرێـت کـە حکوومـەت تـا چەنـد سـەرکەوتووە لـە بـوارە جیاوازەکانـدا، بەشـێک لـە پۆلێنکردنەکـەش بـۆ دیاریکردنـی ڕەواییەتـی حکوومـەت یـان ڕادەی خزمەتکـردن بـە خەڵـک دەکرێـت.

لـە پۆلێنکردنـی سیسـتەمی سیاسـیدا چەندیـن هـۆکاری جیـاواز هەیـە. هەروەهـا لـە ڕابـردووەوە بـۆ ئێسـتا گـۆڕاوە. شـایانی باسـە لـەم سـەردەمەدا زیاتـر لـە پۆلێنکردنـەکان لەسـەر بنەمـای ڕاپۆرتـی دامـەزراوە جیـاوازەکان لەسـەر وڵاتـان دامـەزراون. بـۆ نموونـە ڕێکخراوەکانـی وەک ماڵـی ئازادیـی وڵاتـان بەپێـی داتـای جیـاواز دەپێـون و ڕیزبەنـدی دەکـەن. زۆرێـک لـەم جـۆرە پەیمانگایانـە بەپێـی ئـەو ڕاپۆرتانـەی سـەبارەت بـە وڵاتـان ئامـادە دەکرێـن، وڵاتـان بـە گشـتی یـان تەنهـا لـە بوارێکـی دیاریکـراودا ڕیزبەنـدی دەکـەن.

سەرەڕای ئەوەش پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسی لە زانستی سیاسیدا بەردەوامە، تەنانەت لەنێو هەر سیستەمێکی دیاریکراودا. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی سیستەمی سیاسی پۆلێن دەکەین، ئەندرۆ هیوود دوو هۆکار باس دەکات: یەکەم: پۆلێنکردن هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و حکوومەت؛ دووەم: بەراوردکردن ئاسان دەکات نەک شیکاری، ئەمەش باشترە. (Heywood ٢٠١٩)

ئـەوە تەنهـا زانینـی سیسـتمە سیاسـییەکانی وڵاتـان نییـە کـە زانیاریـی زۆر بـاش لەسـەر وڵاتەکەمـان پـێ دەدات بەڵکـو بەراوردکردنیـان لەگـەڵ یەکـتر زۆر گرنگـە بـۆ ئـەوەی شـیکارییەکی ورد لەسـەر چونیەتـی و سـەقامگیری سیسـتەمێکی سیاسـی بدرێـت. بـە گوتـەی نووسـەری بەناوبانگـی فەرەنسـی ئەلێکـس تۆکڤیـل کـە لەبـارەی دێموکراسـی لـە ئەمریـکا نووسـیویەتی، تاکـە ڕێگـە بـۆ باشـتر تێگەیشـتن لـە سیسـتەمەکەمان ئەوەیـە کـە بـەراوردی بکەیـن لەگـەڵ سیسـتەمەکانی دیکـە. (Powell, Dalton, Strøm ٢٠١٥)

لەلایەکـی تریشـەوە خوێندنـەوەی سیسـتەمی سیاسـی تەنهـا بەشـێکی بچووکـی سیاسـەت نییـە بەڵکـو بەشـێکی گرنگـە کـە پێویسـتە هەمـوو ئـەو کەسـانەی لـە سیاسـەت دەخوێنـن خوێندنـەوە بـۆ سیسـتەمی سیاسـی بکـەن. بەگوێـرەی نووسـەری کتێبـی تێگەیشـتن لـە جیهانـی سیاسـی جەیمـس ئێـن دانزیگـەر، مۆدێلێکـی فەرمـی کـە کاریگـەری هەبـووە لەسـەر شـێوازی تێگەیشـتنی زۆرێـک لـە زانایانـی سیاسـی (بـە دانزیگـەر) لـە دینامیکـی سیاسـەت، لەسـەر بنەمـای چەمکێکـە کـە پێـی دەوترێـت «سیسـتەمی سیاسـی». (Danziger ٢٠١٤)

لـە پۆلێنکردنـی سیسـتمە سیاسـییەکاندا تەنیـا جـۆری سیسـتەمی سیاسـی نییـە کـە کۆتایـی ڕێگاکەیـە، بەڵکـوو تایپۆلـۆژی و میتۆدۆلۆژیـای لێکۆڵینەوەکـەش گرینگـە.

چونکە دەکرێ بە مێتودی جیاواز ئاکامی جیاواز یا یەکسان بە دەست بێنین، هەربۆیە بە کام میتود بەو ئاکامە گەیشتوون دیسان هەر گرینگە.بۆ نموونە ئەگەر حکوومەتێکی پاوانخواز بێت، کام جۆرە حکوومەتی تاکڕەو بۆ ئەو حکوومەتە گونجاوترە؟ یان ئەگەر دێموکراسی بێت، چەندە دێموکراسییە، چ جۆرە دێموکراسییەکە؟

یەکێک لە تیۆرییە سەرەتاییەکانی پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسی لەلایەن ئەرستۆوە دانراوە کە بە پشتبەستن بە خوێندنەوەی دۆخی حکوومەتی شارە کۆنەکانی یۆنان و وڵاتانی دەوروبەری ئامادە کراوە، ڕەنگە ئەم پۆلێنکردنە نەتوانێت وەڵامی هەموو فۆرمە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی لە دونیای ئێستادا بداتەوە، بەڵام سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ ئەوەی لە گرینگیی پۆلێنکردنی سیستمی سیاسی و جۆرەکانی پۆلێنکردن باشتر تێبگەین.

پۆلێنکردنی ئەرستۆ بەو پرسیارە دەست پێ دەکات کە ژمارەی ئەو کەسانەیە کە حوکم دەکەن چەندن و لەسەر بنەمای ژمارەی فەرمانڕەواکان فۆرمی سیستەمی سیاسی دیاری دەکات. ئامانجی سەرەکیی ئەرستۆ لەو لێکۆڵینەوە لە پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسییەوە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە کام جۆری حکوومەت سەقامگیرە. (Hague, Harrop, and McCormick ٢٠١٩)

لێکۆڵینەوەکەی ئەرستۆ لە زۆر ڕووەوە گرنگە، چونکە نووسینەکانی ئەرستۆ تەنها بەرهەمی بیروبۆچوونی ئەو نین، بەڵکوو هەموو نووسینەکانی بەتایبەت لەسەر سیاسەت، لە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی یاساکانی زیاتر لە سەد شار-دەوڵەتی یۆنانی سەرچاوەی گرتووە، لە هەمووشی گرینگتر ئەو پۆلێنبەندیی زانستی دەست پێ کردوە و پۆلێنبەندیی سیستەمی سیاسییش لە چوارچێوەی زانستی سیاسی بە داهێنانی ئەو دادەنرێت.

دوای ئەرستۆ پۆلێنبەندییەکی تر لەلایەن باروچ سپینۆزا کرا کە زیاتر لەبارەی جۆری سیستەمی حوکمڕانییەوە ڕوونی کردەوە. (بێنێدیکتوس دی سپینۆزا ١٦٣٢-١٦٧٧)

پۆلێنبەندییەکی تر بەتایبەت دوای شەڕی سارد دەرکەوت لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای حکوومەت وەک سیستمێکی جیهانی سێهەم بەپێی ئەم پۆلێنکردنە هەموو وڵاتێک دابەش بووە بەسەر سێ جۆر دێموکرات و دەوڵەمەند، وڵاتانی کۆمۆنیستی و ڕۆژهەڵاتی، و هەژارتر و کەمتر دێموکراسی. (Hague, Harrop, and McCormick ٢٠١٩)

ڕەنگە پۆلێنکردنی ماکس وێبەر زیادتر یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی یان جۆری ڕێژیم. بەگوێرەی کۆمەڵناس ماکس وێبەر «دەتوانرێت لە چەمکی

شـەرعیەت کـە پێکهاتـووە لـە یاسـاییبوون، پاسـاوی نۆرماتیـڤ کەڵـک وەربگیرێـت بـۆ دابینکردنـی بنەمایەکـی یەکگرتووتـر بـۆ جیاکردنـەوەی جـۆرە جیاوازەکانـی ڕێژیمـی سـەدەی بیسـتەم: نەریتـی، فاشیسـت ، کۆمۆنیسـتی، لیبراڵ-دێموکراسـی و تیۆکراتـی.» (Bevir Mark ٢٠١٠))

بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـر، بەپێـی پۆلێنکردنـی وێبـەر، ڕێژیمێـک دەتوانێـت هـەم تیۆکراتـی و هـەم فاشیسـت بێـت یـان بـە شـێوەیەکی نەریتـی لـە یـەک کاتـدا بەڕێـوە بچێـت.
بـە گوێـرەی ئەنـدرۆ هـود لـە کتێبـی (سیاسـەت)دا، تەنهـا دوو جـۆر ڕێژیـم لـە دوای سـەدەی هەژدەهەمـەوە بـوون بـە جەمـاوەری، یـان پاشـایەتی یـان کۆمـاری و لـە سـەدەی نۆزدەهەمـدا لـە ئەنجامـی شـەڕی سـارد، وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم خەباتیـان کـرد بـۆ دەرچـوون لـە تۆتالیتاریـزم و دیموکراسـی، لـەوەدا پۆلـی «جیهانێکـی یەکەمـی سـەرمایەداری، ‹جیهانــی دووەم›ی کۆمۆنیسـت، جیهانێکـی سـێیەمی گەشەسـەندوو». بـەڵام دواتـر لەگـەڵ ڕووخانـی یەکیەتیـی سـۆڤیەت و سـەرهەڵدانی ئیسـلامی سیاسـی ئـەم پۆلێنکردنـە بـێ‌وەڵام مایـەوە. (Heywood ٢٠١٩)
بـە گوتـەی ئەنـدرۆ هیـود، پۆلێنکردنـی سیسـتمە سیاسـییەکان لـە سـەردەمی نوێـدا بـە تـەواوی گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە و ئـەم ڕێژیمانـەی خـوارەوە بریتیـن لـە «دێموکراسـییە لیبراڵەکانـی ڕۆژئـاوا، دێموکراسـیی نالیبراڵـی ڕێژیمەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا، ڕێژیمـە ئیسـلامییەکان و ڕێژیمـە سـەربازییەکان».
دێموکراسـی لیـبراڵ ئـەو وڵاتانـە (ئەمریـکای باکـوور، ئەوروپـای ڕۆژئـاوا و ئوسـترالیا) دەگرێتـەوە کـە توانیویانـە هاوسـەنگییەکی بـاش لـە نێـوان لیبرالیـزم وەک تاکگەرایـی و ئـازادی و دێموکراسـی وەک حکوومەتـی گـەل دروسـت بکـەن، وڵاتانـی ڕۆژئـاوای ئاسـیا کـە زیاتـر بـە وڵاتـی پێشـکەوتووی ئابـووری نـاسراون نـەک گەشـەی سیاسـی، لـە هەمـان کاتـدا بەهـا نیشـتمانییەکانیان لـە ڕووی ئابوورییـەوە دەپارێـزن، وڵاتانـی وەک کۆریـای باشـوور.
ڕێژیمـە ئیسـلامییەکان لـە دوای گەشـەکردنی ئیسـلامی سیاسـی و بناژۆخـوازەوە لـە سـەدەی ڕابـردوودا پەرەیـان سـەندووە، بەتایبەتـی لـە باکـووری ئەفریقـا و ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و بەشـێک لـە ئاسـیا، بەپێـی ئـەو ڕێژیمانـە قورئـان و شـەریعەت سـەرچاوەی یاسـان.
پۆلێنکردنێکـی تـری جۆرەکانـی ڕێژیمـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ س.کایلیتـز لـە وتارێکـدا بەناونیشـانی "پۆلێنکردنـی ڕێژیمـە سیاسـییەکان، ڕەوای و سـەقامگیری"، ئـەم پۆلێنکردنە ئامـاژە بـە دوو جـۆری بەهێـزی دابەشـبوون دەکات لەسـەر بنەمـای ئـەو پرسـیارەی کـە

بۆچـی دەبێـت پەیـڕەوی لـە فەرمانـڕەواکان بکەیـن، کـە... سـەرەتا «بـە هـۆی ئـەوەی خـودا ئـەو مافەیـان بـەوان بەخشـیوە» یـان بـە پرۆسـەیەک کـە خەڵـک خۆیـان دەتوانـن فەڕەمانـڕەواکان هەڵبژێـرن.(kailitz ٢٠١٣)

بەپێـی پۆلێنبەندیـی (S. Kailitz) ئایدۆکراسـیی کۆمۆنیسـتی و پاشـایەتی تەقلیـدی جـۆری یەکەمـن، چونکـە لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی خەڵـک دەسـەڵاتیان هەیـە، جـۆری دووەمیـش دێموکراسـیی لیبراڵـە، کـە خەڵـک حکوومەتەکـەی هەڵدەبژێرێـت(S. kailitz ٢٠١٣).

هەرچەنـدە سـنوورێکی ڕوون لـە نێـوان دێموکراسـیبوون و پاوانخوازیـدا نییـە، بـەڵام بـە پێـوەرە جیـاوازەکان دیـاری دەکرێـت کـە ڕێکخـراوە جیـاوازەکان بەکاریـان دەهێنـن بـۆ دیاریکردنـی وڵاتێـک تـا چەنـد دێموکراسییە، ئایـا وڵاتێـک بـەرەو دێموکراسـی هەنـگاو دەنێـت یـان تـا چەنـد پاوانخـوازە. لـە هەمـان کاتـدا هەریـەک لەمانـە بەسـەر چەنـد بەشـێکی تـردا دابـەش دەکرێـن. ئێمـە چەنـد جۆرێـک حکوومەتـی دێموکراسـی یـان تاکڕەومـان هەیـە. ”دێموکراسـی سیسـتەمێکی سیاسـییە کـە تێیـدا حکوومـەت لەسـەر بنەمـای ویسـتی خەڵـک و دامـەزراوە“ (Hague, Harrop, and McCormick ٢٠١٩)

ڕەگ و ڕیشـەی دێموکراسـی دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوڵەتەکانـی پێـش مەسـیحی ئەسـینای پایتەخـت، لەگـەڵ ئـەو جیاوازییـەی کـە ئـەو دێموکراسـیەی ئـەوکات هەبـوو جیـاواز بـوو لـە ئەمـڕۆ، کـە بـە دێموکراسـی ڕاسـتەوخۆ نـاسراوە واتـە بەشـداریی ڕاسـتەوخۆی خەڵـک لـە بڕیاردانـی سیاسـەتدا دان بـە نوێنەرایەتیـدا دەنێـت چونکـە خەڵـک لـە ڕێگـەی نوێنـەرە هەڵبژێردراوەکانیانـەوە کاریگەرییـان لەسـەر بڕیـاردان هەیـە.

جگـە لـەم پۆلێنکردنـەی دێموکراسـی، جۆرێکـی تـری پۆلێنکردنـی دێموکراسیەکان بەپێی ئایدۆلۆژیـا هەیـە، کـە زیاتـر بـە لیـبراڵ دێموکراسـی یـان سۆسـیال دێموکراسـی نـاسراوە، بـەڵام لـەڕووی دێموکراسـیەوە جیاکردنەوەیـان ئاسـان نییـە، جیـاوازی نێوانیـان... سـێ لقـی حکوومـەت دەسـەڵاتی یاسـادانان و دادوەرییـە، هەروەهـا ڕێزگرتـن و پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ کـە لـە حکوومەتـە تاکڕەوەکانـدا نابینرێـت. بەگوێـرەی لاهـای، هـارۆپ و مەککۆرمیـک ”ڕێژیمـە دیکتاتـورەکان لەسـەر بنەمـای ملکەچبـوون بـۆ دەسـەڵات، کـە تایبەتمەنـدن بـە نوخبـەی دەسـەڵاتدار،هەبوونی کەشـی سیاسـی سـنووردار، کۆنترۆڵـی ناوەنـدی سیاسـەت، نەبوونـی لێبـوردەی بەرامبـەر بـە ئۆپۆزسـیۆن و پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ دامـەزروان. هـەر بۆیـە لـە حکوومەتێکـی پاوانخـوازدا بـەردەوام بـاس لـە بابەتگەلێکـی جۆراوجـۆری وەک نەبوونـی ئـازادی و مافـی مـرۆڤ دەکرێـت.

حکوومەتــی پاوانخــواز چەنــد جۆرێکــی هەیــە، لەوانــە دەســەڵاتی پاشــایەتی یــان تیۆکراســی، کــە باشــترین نموونــەی کۆمــاری ئیســلامی ئێرانــە کــە لەلایــەن ڕێبەرێکــی ئایینیــەوە بەڕێوەدەبرێــت. جۆرێکــی تــری حکوومەتــی پاوانخــوازی، تۆتالیتاریزمــە، کــە هــەوڵ دەدات ئایدۆلۆژیــای دەســەڵات بەســەر کۆمەڵگــەدا بســەپێنێت. (Hague, Harrop, and McCormick ٢٠١٩)

ســەختییەکی دیکــەی پۆلێنکــردن ئەوەیــە ئەگــەر بگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کــە ئــەم جــۆرە دەســەڵاتە بــە دێموکراســی دادەنرێــت، مەســەلەیەکی زۆر جددییــە چونکــە کام پێــوەر کاریگەریــی هەیــە لەســەر ئــەوەی دەســەڵاتێک تــا چەنــد دێموکراســییە، هەمیشــە باســی لێــوە کــراوە.

پۆلێنکردنێکــی دیکــەی ئاســان و بەســوود بریتییــە لە دێموکراســیکردن یــان دیکتاتۆرییەتی دەســەڵاتەکان. لەهــەر یەکێــک لــەم پۆلانــەدا دەتوانرێــت پۆلێنبەندیــی جیــاواز هەبــن کــە لــە ڕێگــەی هەندێــک پێــوەرەوە بــاس دەکرێــن. ئــەم پۆلێنکردنــە مێژووەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئەلڤارێــز لــە ســاڵی ١٩٩٩ کــە هەمــوو وڵاتانــی ســەربەخۆی لــە دوای جەنگــی جیهانــی دووەم پۆلێــن کــردووە. (Cheibud, Ghandhi, Vreeland ٢٠٠٩) بەپێــی ئــەم پۆلێنکردنــە، «دێموکراســییەکان ئــەو دەســەڵاتانەن کــە بەهــۆی هەڵبژاردنــە کێبڕکێکارەکانــەوە فەرمانگــە حکومییــەکان تێیــدا پــڕ دەکرێنــەوە».

لــە بەشــی دووەمــی وتارەکــەدا ڕێژیمــە دیکتاتۆرییــەکان پۆلێنکــراون بــۆ دیکتاتۆرییەتــی یــا پاشــایەتی، ســەربازی و مەدەنــی. تاکــە هۆکارێــک کــە لەبەرچــاو گیــراوە ئەوەیــە کــە حاکــم هەڵنەبژێردرێــت، بــەڵام جیــاوازی ئەوەیــە کــێ حوکــم دەکات. دیکتاتۆریەتــەکان دابــەش دەبــن بەســەر پاشــایەتی، ســەربازی و مەدەنــی. (Cheibud, Ghandhi, Vreeland ٢٠٠٩)

### داهاتووی ئێران

ئەگــەر سیســتمی کۆمــاری ئیســلامی نەمــا سیســتمێکی نــوێ دێتــە ئــاراوە کــە چونیەتیــی ئــەو سیســتەمە لــە ئێســتادا باســێکی گەرمــی دونیایــی سیاســەتە. بــەڵام لــە چوارچێوەیەکــی زانســتی و پێشــنیارکردنی گەڵاڵەیەکــی دیاریکــراو بــۆ ئــەو باســە نییــە، هــەر ئــەوەش وایکــردوە کــە بەرچاوڕوونیەکــی تــەواو بــۆ خەڵــک نەبێــت، هــەر ئــەوە بــۆ خــۆی بــە یەکێــک لــە گەورەتریــن خەســاری ئۆپۆزیســیۆن دادەنرێــت، ئــەوە بەشــێکی بــۆ کەمترخەمــی و کەموکــوڕی ئۆپۆزیســیۆن و نەبوونــی ئایدیایەکــی ڕوون لــەو بــوارەدا دەگەڕێتــەوە، بــەڵام لــە لایەکــی دیکــە بەشــێکی بەرچــاوی ئۆپســزیون مەبەســتیان لــە ناڕوونیــە ئەوەیــە کــە ویســتی دەروونــی خۆیــان تــا کاتــی کــە بــە دەســەڵات دەگــەن نەخەنــە ڕوو زیاتــر بــە هەنــدێ وشــەی پۆپۆلیســتی وەڵامــی پرسیارەکان بدەنــەوە واتــە

زیاتـر لـە نەهێشـتنی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی بـۆ خەڵـک، بـە دوای بـە دەسـتهێنانی دەسـەڵات لەژێـر گوتارێکـی فریودەرانـەن، هـەر ئـەوەش وایکـردوە کـە ئـەو ئۆپۆزیسـیۆنە خـاوەن پێگەیەکـی ئەوتـۆ لـە نێوخـۆ نەبێـت، بۆیـە ئەگـەر بڕیـار وابـێ کـە ئێـران وەک وڵات بمێنێتـەوە یـا لانـی کـەم بـۆ ماوەیەکـی دیکـە:

سـەرەتا دەبـێ بڕیـار بدرێـت حوکمڕانـی داهاتـوو بـە نـاوی خەڵـک دەبـێ یـا بـە نـاوی مافـی پێبەخـشراو لـە لایـەن خـوداوە، لایەنگرانـی حکوومەتـی بـە نـاوی خەڵـک دێموکراسـیخوازن، واتـە ئـەوان دەسـەڵاتێکیان دەیەوێـت کـە خەڵـک لەوێـدا بڕیـاری بـدەن لـە سـەر جـۆری حکوومـەت و حوکمڕانـان، بـە پێچەوانـە ئەوانـەی بـە دوای بـە دەسەڵاتگەیشـتنی شـا و یـا شـێوازی دیکـەی حکوومەتـن واتـە حکوومەتـی بـە نـاوی خەڵکیـان نـاوێ، بەڵکـوو حکوومەتیـان بـە نـاوی مافـی پێبەخـشراو بـە هەندێـک کەسـیان دەوێ و بـە دوای دیتنـەوەی ڕۆڵ بـۆ ئـەو کەسـانەن بـە هـۆی ئـەو مافـە پێبەخشراوانـە لـە لایـەن خـوداوە.

لـە جەوهـەری حکوومەتـی ئەوانـەی بـە نـاوی خـوداوە حکوومەتیـان دەوێ، شـتێک ناگـۆڕێ کـە ئـەو کەسـەی واتـە ئـەوەی ئـەو مافـە بـە خـۆ ڕەوا دەزانـێ سـەر بـە چ ئایدۆلۆژیایەکـە، دەکـرێ لائیـک یـا ولایەتـی فەقیهــ یـا کۆمۆنیسـت یـا هــەر ئایدۆلۆژیایەکـی دیکـە بـێ، مەبەسـت بـە دەسـەڵات گەیشـتن و دیکتاتۆریـە نـەک ئــازادی و دێموکراســی.

دووەم بـە پێـی پێناسـەی سـەرەوە زۆربـەی ئەوانـەی داوای نەمانـی کۆمـاری ئیسـلامی دەکـەن خۆیـان بـە لایەنگـری حکوومەتـی بـە نـاوی خەڵـک دەزانـن بـەڵام ئـەوە بـە تەنیـا بـەس نییـە بەڵکـوو دەبـێ ڕوون بـێ مەبەسـت لـە خەڵکـە کێیـە، لـە ئێرانـی ڕابـردوو پێناسـە و ئایدۆلۆژیـای خەڵـک لـە سـەر بنەمایەکی فاشیسـتی و لابردنـی ئەوانی دیکـە دانـراوە هـەر بۆیـەش زۆرینـە نـەک خۆیـان لەنێـو ئێـران و حکوومەتـی ئێرانـدا نەدیتۆتـەوە بەڵکـوو بـەرەوڕووی جینایـەت، ژنوسـاید و ئاسـیمیلەکردن و سـڕینەوە بـە نـاوی پاراسـتنی ئێـران بـوون، بۆیـە ئەگـەر دەگوتـرێ حکوومـەت بـە نـاوی خەڵـک دەبێ دان بـەوە دابنرێـت کـە ئێـران فـرە نەتەوەیـە و ئـەو نەتەوانـە لـە جوغرافیـای تایبـەت بە خۆیـان و بـە هەمـوو تایبەتمەندیەکانیـەوە دەژیـن. بەبـێ پەسـەندکردن و دانـان بـەو ڕاسـتیانە، ناکـرێ بگوتـرێ خەڵـک بڕیـاری لـە سـەر جـۆری سیسـتەم وداهاتـووی خـۆی داوە، واتـە تەنیـا دێموکراسـیمان دەوێ و هەمـوو وەک یەکیـن دێموکراسـیخوازی نییـە، چونکـە مێژوومـان، جوغرافیـمان، زمانمـان، کولتوورمـان و ویسـتمان یـەک نییـە؛ کەواتـە دێموکراسـیی ڕاسـتەقینە ئـەو دێموکراسـیە دەبـێ کـە دان بـەو فرەڕەنگیـە وەک خـۆی نـەک لەژێـر هەندێـک چەمکـی فریودەرانـە بنرێـت. دێموکراسـیی زۆرینـە و کەمینـە بـۆ پێکهاتەیەکـی فرەنەتـەوە وەک ئێـران نـەک دێموکراسـی نییـە بەڵکـوو ڕوویەکـی دیکـەی

ڕاستەقینەی دیکتاتۆرییە کە نموونەکانی هەر لە نزیکی خۆمان دەبینین.
سێیەم لە حکوومەتی بە ناوی خەڵک کە خەڵکەکە بەگوێرەی ویستی خۆیان پێناسە کراون کاتێک دەتوانێ لە تیورییەوە ببێت بە ڕاستی کە هەر یەک لەو نەتەوانە ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، واتە لە گرنگترین بابەتەکان کە دیاریکردنی جۆری سیستمی سیاسی و داهاتووی ئەو نەتەوەیە دەبێ بۆخۆی بڕیار بدات، کەس ناتوانێ بڵێ ئێمە ئەوەمان بۆ کورد و کوردستان دەوێ، کوردستان بۆ خۆی دەبێ بڕیار بدات کە چیی دەوێ.

ئەو خاڵانە وەک بنەمای دروستبوونی حکوومەت بەناوی خەڵکن بەبێ ئەوانە دێموکراسی لە ئێران هەبوونی خودی ئێران مومکین نییە، لە هەمووشی گرینگتر پەسەند نەکردنی ئەو پرەنسیپە سەرەکییانە و یا ڕەتکردنەوەی نیشانەی سەرەتای دیکتاتوریەکی زۆر خراپتر لەوەیە کە ئێستا هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەڵێن کە کاتی ئەو جۆرە باسانە نییە واتە هەبوونی ئەو ڕاستیانە ڕەت دەکەنەوە بەبێ ئەو ڕاستییانەش دێموکراسی مومکین نییە.
دوای ئەو قوناغە پێویستی بە باسکردنی تایبەتمەندی دێموکراسییە ڕاستەقینەکان واتە هەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و داد، هەروەها دابینکردنی ئازادییە سیاسی و تاکەکەسیەکان و زۆر بابەتی دیکە دێت کە پێویستی سەرەتایی هەر دێموکراسیەکی سەرکەوتوو و پێشکەووتون.
هەر بۆیە ئەگەر سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران لەسەر ئەو بنەمایە سەرەکییانە نەبێت، ئەوە سیستمەکە بە ناوی خەڵک نییە بەڵکوو بە ناوی دیکەیە، کە دیکتاتوری جۆراوجۆری لێ دەکەوتەوە و ئاکامەکەشی باشتر لە کۆماری ئیسلامی نابێت. هەروەها پێویستە سەرەتا بڕیار لەسەر حکوومەت بە ناوی خەڵک و پێناسەی فرەنەتەوەیی ئێران و هەروەها هەبوونی مافی بڕیاردان لە چارەنووس بۆ ئەو نەتەوانە دەست پێ بکات، دواتر باس لە پێداویستیەکانی دیکەی دێموکراسی بکرێت، بەبێ ئەو ڕێزبەندیە دێموکراسی بەدی نایە چونکە ڕاسیتیەکانی ئێران ئەوە دەخوازێ.
جۆری سیستمی سیاسی لە هەر وڵاتێک وێرای ئەوەی کە پەیڕەوی لە هەندێ بنەمای گشتی دەکات، بەڵام هەر دێموکراسیەکیش خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی کە لە وڵاتەکەی خۆی و تایبەتمەندیەکانی ئەو وڵاتە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیەش بە بێ ڕەچاو کردنی ئەو تایبەتمەندییانە ناتوانین لە بونیادنانی دێموکراسی سەرکەوتوو بین، واتە سیستەمەکە چەندیش باش بێت کۆپی کردنی سیستمەکان

سـەرکەوتوو نابـێ و نەبـووە.

**سەرچاوەکان:**

_Heywood, A. (2019) Politics Fifth edition RED GLOBE PRESS.

_N. Danziger, J. (2014) Understanding the Political World An Introduction to Political Science, Eleventh Edition Pearson Education Limited

_Powell, B. J. Dalton R. Strøm K. (2015) Comparative Politics Today A World View Eleventh Edition Pearson Education, Inc.

_Hague R, Harrop M, and McCormick J. (2019) Comparative Government and Politics: An Introduction (11th edition) RED GLOBE PRESS.

_Kailitz, S. (2013) Classifying political regimes revisited: legitimation and durability, Democratization, 60-39 ,20:1, DOI: 13510347.2013.738861/10.1080

_Cheibub, A. Gandhi, J. · Raymond, J. (2009) Vreeland Democracy and dictatorship revisited

_Kailitz, S. (2013) Classifying political regimes revisited: legitimation and durability, Democratization, 60-39 ,20:1, DOI: 13510347.2013.738861/10.1080

## گرینگتر لە هاوپەیمانی

**١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣**

پێشـەوای نەمر لـە دوا ساتەکانی ژیانیـدا لـە وەسـیەتە بەنرخەکـەی بۆ گەلەکـەی دەڵێ: «دڵنیـا بـن ئەگـەر عەجـەم هەنگوێنتـان بداتـێ، دیـارە ژەهـری تـێ کـردووە.» عەجـەم لـە ئەدەبیاتـی هاوچەرخـی کوردسـتان و بەتایبەتـی ناوچـەی موکریـان واتـە حکومەتـی ئێـران و نەتـەوەی فارسـە. ئـەو وتەیـە کـە لـە دوایـن سـاتەکانی ژیانـی پێشـەوای زانـا و نەمرمـان وەک وەسـیەت گوتـراوە بەرهەمـی لێکۆڵینـەوە و لێوردبونـەوە لـە مێـژووی درێژی کوردە. نەوشـیروان مسـتەفا لـە کتێبـی «کـورد و عەجـەم»دا، تێڕوانینـی شـا و مێژوونووسـانی دەوڵەتـی سـەفەوی بەگشـتی و عەجـەم بەنیسـبەت کـورد لەچەنـد خاڵـدا دەخاتـە ڕوو و لەخاڵێکـدا دەڵێـت:»پەیمان‌شـکێنی و بێ‌بەڵێنـی و پیلانـی ناجوامێرانـە بـۆ لەنێوبردنـی مەزنەکانـی کـورد بەشـانازییەوە بـە لطائـف الحیـل، تدبیراتـی صائبـە، کەمەنـدی تدبیـر، وسـائل و رسـائل، زیرەکـی و زۆرزانـی کاربەدەسـتانی خۆیـان ئەژمێـرن» نەوشیروان مستەفا لـە کتێبەکـەی خـۆی ئامـاژە بـە دەیـان نمونـەی فریودانـی ڕێبەرانـی کـورد دەکات، کـە هـەر یەکێکیـان خەسـارێکی گـەورە بـۆ دۆزی کـورد هەژمـار دەکرێـن، ئـەوەی بـۆ هەمـوو لایـەک ڕوون ئاشـکرایە ئـەو شـێوازە هەڵسـوکەوتە نـەک لـە دوای پێشـەوای نەمـر نەگـۆڕا بەڵکـوو بـە شـێوەی زۆر دڕندانەتـر بـەردەوام بـووە ق تیـرۆری ڕێبـەری گـەورەی کـورد دوکتـور قاسـملوو بـە یەکێکـی دیکـە لـە هەوڵانـە دادەنرێـت.

فێـڵ و فریـوی «عەجـەم»ی دوژمـن لـە بـە هێزیـدا بـە کوشـتن و لـە سـێدارەدانی نیشـتمانپەروەرانی کـورد کۆتایـی دێـت، بـەڵام لـە لاوازیـدا بـە دانوسـتاندن و زمانـی

شـیرین بـۆ وەدواخسـتنی داواکانـی کـورد تـا ئەوکاتـەی خـۆی بەهێـز دەکاتـەوە خـۆی دەبینێتــەوە.
لـەم ڕۆژانـەدا کـە باسـی هاوپەیمانـی لـە گـەڵ هێـز و لایەنـە فارسـەکان باسـێکی گەرمی سیاسـەتی کوردییــە، بەتایبــەت کــە یەکێــک لــەو لایەنانــەی لــە هەوڵــی پێکهێنانــی هاوپەیمانییـە، کـوڕی شـای پاشـای کۆنـە و تەنانـەت هەمـان کولتـوور و تێڕوانینـی شـای قاتڵـی پێشـەوای نەمـرە، چۆنیەتیـی ئـەو هاوپەیمانییـە لەلایـەن زۆر کەسـەوە دەخرێتـە بـەر بـاس وهـەر تاکـە و لـە ڕوانگـەی خـۆی شرۆڤـەی بـۆ دەکات. بەداخـەوە باسـەکانی ئـەو ڕۆژە چەنـد ڕاسـتیمان بـۆ دەردەخـەن.
یەکـەم تـا ئێسـتاش بەشـێکی کـورد بـە هیـچ شـێوەیەک ئەزموونـی لـە مێـژووی خـۆی وەرنەگرتـووە، تەنانـەت ئـەو مێـژووە خوێناوییـە پـڕ لـە قوربانییـە کـە هـەر نەتەوەیەکی دیکــە بــا وانــەی زۆر لێوەردەگــرت بــەڵام کــورد بــە جۆرێــک لــە پرســی لــە گــەڵ «عەجـەم» دەجوڵێتـەوە، وەک ئـەوەی ڕابردوویەکـی وامـان نەبوبێـت.
بــۆ نەتەوەیــەک کــە هەڵەکانــی مێــژووی خــۆی دوبــارە بکاتــەوە قــەت بــە ئامانــج نـاگات و نمونـەی هـەرە بەرچاویشـی کـورد خۆیەتـی، بۆچـی دەڵێـم کـە کـورد وانـەی لـە مێـژووی وەرنەگرتـووە چونکـە دەبینـن «عەجـەم» بـە هەمـان زمانـی فریـو و فێـڵ ئامـادە نیـن دان بـە مافـی کـورد دابنێـن و بەڵکـوو بـە پشگوێخسـتنی ئـەو داویـە ڕەوایانــە لــە هەوڵــی بەهێزکردنــی خۆیانــن تــا ڕۆژی خۆیــان دێــت، بەپێچەوانــەی «عەجـەم» کـە ڕسـاڵەتی مێـژووی خـۆی واتـە دژایەتـی و داگیرکـەری کـوردی لەبیـر نەکـردووە بەشـێکی کـورد بـەو پـەڕی سـافیەوە بـە لـە بیرکردنـی مێـژووی خـۆی بـەرەو هاوپەیمانـی لـە گەڵیـدا دەچێـت.

دووەم نـەک لـە مێـژووی ڕابـردووی خۆمـان بەڵکـوو لـە ڕووداو و پێشـهاتە سیاسـیەکانی دەوروبـەری خۆشـمان وانـە وەرناگریـن، بـۆ نمونـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە دۆخـی باشـور بکەیــن کــە بــە ســەدان جــار لــە لایــەن خۆمــان جێگــەی ڕەخنــە بــوون کــە بۆچــی لــە بەرانبـەر بەغـدا یەکدەنـگ نیـن، لـەو ڕۆژانـە لـە نێوئاخنـی باسـی گەرمـی هاوپەیمانـی دەبینــن ئــەو پەرتەوازەیــە لــە ڕۆژهــەڵات دەبیندرێــت کــە هەوڵــی جیــا جیــا بــۆ هاوپەیمانـی لـە گـەڵ لایەنـی جیـاواز هەیـە کـە ئـەوە نـەک هیـچ سـودێک بـە دۆزی کـورد ناگەینـێ بەڵکـوو زیاتـر لـە کوردیـش زیـان بـەو لایەنـە دەگەینـێ کـە تاکـڕەوی دەکات.
سـێیەم هـەروەک لـە مێـژوودا بـووە و ئەمـڕۆش هەوڵێکـی ئەوتـۆ لەلایـەن عەجـەم بـۆ چارەسـەر پرسـی کـورد نابینـدرێ، نـەک نابینـدرێ بەڵکـوو بـە هەمـوو شـێوەیەک هـەوڵ دەدرێـت کـە دیسـان وەک هەمیشـە بـە لۆژێکـی سـڕینەوەی کـورد سیاسـەتی خۆیـان

بـەرەو پێـش ببـەن.

بـە لـە بەرچاوگرتنـی ئـەو ڕاسـتییانە تەنیـا پێکهێنانـی هاوپەیمانـی هونـەر نییـە بەڵکـوو هەوڵـدان بـۆ چەسـپاندنی داخـوازە ڕەواکانـی هەمـوو کـورد لـە هاوپەیمانیـدا گرینگـە، دانیشـتن لـە گـەڵ «عەجـەم» گرینـگ نییـە، بەڵکـوو دەرکەوتـن بـە ڕەنگـی کـوردی بـە هێماکانـی کـوردی و بـە ناسـنامەی خۆمـان لـە دانیشـتنەکان گرینگـە، لـە کۆتاییشـدا هەنگاوێـک بـەرەو یەکگرتـووی کـورد هـەزار هەنـگاو لـە دۆزی ڕەوای کـورد دەباتـە پێـش و هەنگاوێـک بـە پەرتـەوازەی بـەرەو «عەجـەم» هـەزار هەنـگاو کـورد بـەرەو پـاش دەبـات.

لـە هەمووشـی گرینگـتر کـە وەک کوردێـک خۆمـان بـە بەشـێک لـە قوتابیانـی پێشـەوا دەزانیـن و لـە ڕێگـەی ئـەودا هەنـگاو هەڵدەگریـن پێویسـتە وەسـیەتی ئـەو بکەینـە چـرای ڕێـگای خۆمـان و فریـوی دوژمـن نەخۆێـن، تەنیـا بـە فریـو نەخـواردن دەتوانیـن بـە ئامانـج بگەیـن، دوای ئـەو مێـژووە دورودرێـژە لـە ژێردەسـتەی «عەجـەم» هـەزار جـار مـردن لـە گۆڕەپانـی شـەڕ باشـتر و خۆشـترە لـەوەی بـە نـاوی «لطائـــف الحیـــل» زۆرزانـی فێڵـمان لێبکـەن.

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەلاقەی «شۆڕشی ژینا»وە

**١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی بەهاری عەرەبییەوە هیوای هاتنەئارای دۆخێکی نوێ بۆ بەشێک لە وڵاتە دیکتاتورییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەن زۆر لایەن و چاودێری سیاسییەوە دروست بوو، بە تایبەتی کە شۆڕشگێڕەکانی ئەو وەرچەرخانە نەوەیەکی نوێ بوون کە لە ڕێگەی سۆشیالمیدیاوە هەماهەنگ دەبوون و دونیای پێشکەوتوویان ناسیبوو، و داوای نەهێشتنی دیکتاتوریەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی لەمپەری بەرانبەر گەیشتن بە ئازادییەکان و دێموکراسی کە سەرەتای هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن بوو نەمێنێ.
دوای زیاتر لە دە ساڵ لە دەستپێکی یەکەم هەنگاوی ئەو شۆڕشە ناتوانین بڵێین کە کە ئامانجی نەوەی شۆڕشگێر هاتوتە دی، چونکە وێڕای شەڕ و قوربانییەکی بێوێنە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی ئەو دیکتاتوریانە لەجێی خۆیاندان و تەنانەت هەوڵی گەڕانەوە بۆ دۆخی ڕابردوو دەدەن.
لەنێو ئەو وڵاتانە دۆخی سووریە بۆ ئێمە گرینگیەکی زۆری هەبوو، چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕش لە سووریە پارچەیەکی کوردستان لە ژێردەستیی داگیرکەر ڕزگار دەبوو، ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە یەکێکی دیکە لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە هاوکێشەی چوار وڵاتی سووریە، عێراق، تورکیە و ئێراندا کە بەردەوام لە سەر پرسی کورد هاوپەیمان بوون و بەو هاوپەیمانییەش کوردیان

گەمارۆ دەدا و ئاسانتر شۆڕش و جوڵانەوەکانیان یەک لە دوای یەک سەرکوت دەکرد، نەمێنێ یا لانی کەم وەک پێشتر نەمێنێ.
بەڵام لە ئێستادا بەشار ئەسەد هەروا لە دەسەڵاتی سووریەدا ماوەتەوە و دەیهەوێ لە گەڵ تورکیەش ڕێک بکەوێ بۆ ئەوەی لە بەرانبەر کارتی سوپای ئازادی سووریە کە لە لایەن تورکیە بە خەونی نئوعوسمانی ئەردوغان پشتیوانی دەکرێن، ئەو دەسەڵاتە جێگەی پرسیارەی کورد لە ڕۆژئاوا نەهێڵێت و جارێکی دوای دەیان ساڵ شەڕ و نائارامی لەسەر خاکی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران. بۆ ئەوەی ئەو دۆخە بێتە ئاراوە هەر لە ڕۆژی یەکەم کە شۆڕش لە سووریە دروست بوو ئێران خەریکی پیلان و شەڕە، کە بە ئاکامەکەی گەیشتووە.
بەڵام لە دۆخێکی وەهادا، واتە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی هاوپەیمانی چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی کورد چۆن دەبێ پرسیارێکی شایانی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوەیە.
تورکیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٤ مانگی مەی لە ئەگەری بردنەوەی هەر لایەنێک دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سووریە و ئەوەش دەبێتە هۆی گوشارهێنان بۆ سەر کورد، لە لایەکی دیکە بەهۆی هەبوونی گرفتی نێوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و هەبوونی پەیوەندییە بەربڵاوەکانی عێراق و ئێران، هاتنە نێو هاوکێشەی تورکیە و سووریە گوشارێکی زیاتر بۆ سەر کورد بەگشتی و هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی دروست دەکات. لە ئەگەرێکی وەهادا گەڕانەوە بۆ ڕابردووی دژی کورد بە تایبەتی بە هاوکاری و هەماهەنگی ئەو چوار وڵاتەی کوردستانی بە سەردا دابەشکراوە زیادتر دەبیندرێت، ئەوەش دۆخێکە دەبێ بیری لێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەک بۆ دۆخی کورد و کوردستانمان دەست کەوێ.
لە گەڵ هەمووی ئەوانەدا ئێران لە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی لەگەڵ عەرەبستان و کردنەوەی دەرگا بۆ هاتنی زیاتری چین و ڕوسیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بۆ ئەوەی خۆی لەو تەریککەوتەییە ڕزگار بکات. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەو سیاسەتەی خۆی سەرکەوتوو بێت، ئەوە دەتوانێ کارتی ئاشتی لەگەڵ ناوچە و هێنانی چین و ڕوسیە بەرانبەر ڕۆژئاوا بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ئەوان پەلکێشی سەر مێزی دانوستاندن بکاتەوە و ئیمتیازی نوێ وەربگرێ، هەروەها دەرفەتێکی زیاتر بۆ سەرکوتی شۆڕش لە نێوخۆ بە دەست بهێنێ.
لە کاتێکدا هەموو ئەو گۆڕانکاریانەو هەموو ئەو دۆخە نەرێنیەی کە بە نیسبەت کورد هەیە، تەنیا دەرفەت بۆ ڕزگاری، شۆڕش و هەستانەوەی خەڵک لە ئێران و بەتایبەتی دۆخی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتە. چونکە ئێران وێڕای ئەوەی لە سیاسەتی

دەرەوەدا هەندێک سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی شۆڕش لە نێوخۆ هەر وەک وڵاتێکی لاواز سەیر دەکرێت و بۆ هیچ لایەنێک وەک وڵاتێکی سەقامگیر نابیندرێت. بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئێران وڵاتێکە لە لێواری دارمان بۆ هەموو وڵاتانی دیکە، لەلایەکی دیکە لە ناکاو هەستانەوەی خەڵک ئەو وڵاتە بەرەو داڕوخانی کۆتایی دەبات. بەگوێرەی هەموو ئەو شیکردنەوانەی کە هەن ئەو ناسەقامگیرییەی نێوخۆی پێشبینی ناکرێ. لەبارەی هەستانەوەی نێوخۆی ئێرانیش کوردستان ڕۆڵێکی تایبەتیی هەیە، چونکە تەنیا شوێنە کە ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەر و خەڵکێکی ئامادەی شۆڕشی لە هەموو ئێراندا هەیە. واتە دیسان باری قورسی نرخدان لەسەر شانی کورد و کوردستانە.

بە دیتنی ئەو ڕاستییانە جارێکی دەردەکەوێ شۆڕشی کورد و کوردستان لە ڕۆژهەڵات سەرەتا کاریگەریی بە سەر ئێران هەیە و دواتر لە ڕێگەی ئێرانەوە کاریگەری لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ، هەربۆیە وێڕای لە بەرچاوگرتنی هەموو ئەستەمیەکانی بەردەوامیی شۆڕش و دۆخی ڕۆژهەڵات لە ئەگەری سەرکەوتووبوونمان کاریگەریمان زیاتر دەردەکەوێ، ئەوەش بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەوەی کار بکەین بۆ ئەوەی شۆڕش بە هێزەوە بەردەوام بێت کە وێڕای هەموو ئەستەمییەکان کردەنییە.

## ئەگەر ئالترناتیوی ڕێژیم دروست نەبوو؟

**٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

بـۆ ڕووخانـی کۆمـاری ئیسلامی هەبوونـی ئاڵتێرناتیڤێـک کـە بتوانـێ وێـڕای وەرگرتنـی متمانـەی خەڵـک بەرنامەیەکـی دێموکراتیـک و شـەفافی هەبـێ پێویسـتیەکی حاشـا هەڵنەگـرە. ڕەمـزی سـەرکەوتنی ئـەو ئالتێرناتیـوە گەیاندنـی بەرنامەکـەی بـە خەڵـک و ڕێنوێنیکردنـی خەڵکـی شۆڕشـگێڕە کـە دژی دیکتاتـور شـەڕ دەکـەن. ئـەو ئالتێرناتیـوە دەبـێ ببێتـە دەنگـی شـۆڕش و وێـڕای ڕێنوێنـی نێوخـۆ نوێنەرایەتیـی ئـەو شۆڕشـە لـە دەرەوە بـۆ زیاتـر گۆشـەگیرکردنی حوکمڕانانـی تـاران دەکات تـا بتوانـێ ڕێـگا لـە سـەرکوتی زیاتـر بگـرێ. ئـەو ئالتێرناتیـوە بـۆ هـەر ئەگەرێـک بەرنامەیەکـی هەیـە و لـە هـەر ڕووداوێکـدا ئامادەیـە و بـۆ هـەر گرفتێـک چارەسـەرێکی نـوێ بدۆزێتـەوە، دەتوانـێ ڕووخانـی دیکتاتـور خێراتـر بـکات. ئـەو ئالتێرناتیـوە وانـەی لـە مێـژووی دیکتاتورەکانـی ڕابـردوو وەرگرتـووە و پێشـکەوتووانە بیـر بکاتـەوە تـا مێـژووی ڕەشـی ڕابـردوو دوبـارە نەبێتـەوە.

هەموومـان بـاش دەزانیـن کـە هەبوونـی ئاڵتێرناتیڤێـک بـەو تایبەتمەندییانـەی کـە لـە سـەرەوە باسـمان کـرد، یەکێـک لـە گرنگتریـن پێداویسـتیەکانی ڕووخانـە و دەبـێ کار بکەیـن بـۆ هەبوونـی ئالتێرناتیوێکـی وەهـا. تەنانـەت سـەرکەوتوو بـوون لـە بـوارەدا خزمـەت بـە نەمانـی دیکتاتـۆر دەکات. بـەڵام بـە چاوخشـاندنێک بـە سـەر گۆڕەپانـی ئێسـتای سیاسـەتی ئێـران و هەمـوو ئەوانـەی ئیدعـای ئالتێرناتیڤبـوون دەکـەن، دەبینیـن هەبـوون و دروسـتبوونی ئالتێرناتیڤێکـی وەهـا چەنـدە لـە ڕاسـتی دوورە

و تەنانــەت لــە خەیاڵێکــی شــیرین دەچــێ، چونکــە زۆربــەی هــەر زۆری کاراکتــەرە سیاســییەکان بــە تایبەتــی نەتــەوەی فــارس کــە وەک ئۆپۆزیســیونی ڕێژیــم کار دەکــەن لــەو تایبەتمەندیانــەی کــە بــۆ ئالتێرناتیڤێکــی کاریگــەر پێویســتن و لــە ســەرەوە باســمان کــرد، بێبەریــن.

لێرەدا پرسیارێکی جیدی دروست دەبێ ئەی ئەگەر ئەو ئالتێرناتیڤە دروست نەبێ چی بکەین؟ ئایا دەبێ چاوەڕێ بکەین تا دروست دەبێ؟ ئەدی خەڵک چی بکات؟ ئەی ئەگەر خەڵک چاوەڕێی ئالتێرناتیڤی نەکرد چۆن دەبێ؟

سیاسەت دیتنەوەی ڕێگەچارە بۆ هەر دۆخێکە، واتە نابێ چاوەڕێی تەنیا هەبوونی ئەگەری دروستبوونی ئالتێرناتیڤ بکەین، بەڵکوو لە ئەگەری دروستنەبوونی ئەو ئالتێرناتیڤەش کە ئەگەرێکی بەرچاوە خاوەن بەرنامەی دیاریکراو بین. بەتایبەتی ئێمەی کورد لەو بوارەدا خاوەن پوتانسیەلی گەورەین کە بەکارهێنانی ئەو پوتانسیلە دەتوانێ خۆی لە خۆیدا ببێ بە ئالتێرناتیوێک کە کاریگەری زۆریشی دەبێ. کە واتە لە یەکەم هەنگاودا دەبێ هەموو هێلکەکان نەخەینە سەوەتەی ئەو ئالتێرناتیڤەی کە نەتەوەی فارس دروست دەکات، چونکە یەکەم لەوانەیە دروست نەبێ دووەم دروستیش ببێ لەوانەیە لە بەرژەوەندی کورد نەبێ، هەر وەکوو لە ماوەی ڕابردووش بینیمان.

لە هەنگاوی دووەمدا لە وەها ئەگەرێکدا بیر لەوە بکەینەوە کە وەک کورد چی بکەین، چونکە ئێمە ناتوانین تا سەر ئەو هەموو ئەو خەباتەی کوردستان بە ناوەندێک گرێ بدەین کە ناتوانێ ببێ بە ئالتێرناتیڤێک. دەزانم لەوەها دۆخێکدا باس لەوە دەکرێ کە کورد بەتەنیا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، ئەوە پرسێکی بەحەقە، بەڵام بەو هێزەی هەیە ئێمە دەتوانین لە کوردستان کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، تەنانەت کۆماری ئیسلامییەکی لاواز باشترە لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی بەهێز کە سەر لە نوێ کورد سەرکوت بکات. بۆ ئەو بابەتە ئێمە دەبێ باوەڕمان بەو هێزەی نێوخۆی خەڵک هەبێ. لەوانەیە بەر لە شۆڕشی ژینا ئەگەر ئێمە مانگووتبا کە شۆڕشێک بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری لە کوردستان هەڵدەگیرسێ کە کاریگەریی لەسەر هەموو ئێران دادەنێ کەس باوەڕی نەکردبا.

لە هەنگاوی سێیەمدا ئامادەکردنی گوتارێکە کە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە بێتەوە هەروەها وێڕای هەبوونی ئەو گوتارە نوێیە هەبوونی پلان و نەخشە ڕێگا بۆ هەنگاوی کرداری بۆ بەهێز بوون لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات کە پوتانسیێلێکی بەهێزی هەیە.

پرسینی پرسیاری ئەگەر ئالتێرناتیڤ دروست نەبوو، نەک بۆ دۆخی نەبوونی ئالتێرناتیڤ بەڵکوو بۆ هەر دۆخێکی دیکەش ئێمە ئامادە دەکات و ئەو ئامادەییە

هیـوای دەسـتەبەرکردنی داخوازیەکانمـان زیاتـر و زیاتـر دەکات. دەبـێ  زۆر زوو ئـەو پرسـیارەمان کردبـا و ئەگـەر ئێسـتاش بکەیـن هـەر لـەوەی باشـتر کـە سـبەی بیـری لـێ بکەینـەوە.

کوردستان لوتکەی هەڵوێستە بەرانبەر
داگیرکەرانی خاك و ئازادی، لوتکەی بەرخودانێکە
کە ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن ڕوون و ڕوونتر دەنوێنێ

